# شارەکەم،
# پیرە قەحبەیەکی ڕموزنە

"حیکایەتەکانی مەرگ و شێتبوون"

کۆچیرۆك

# شارەکەم،
# پیرە قەحبەیەکی ڕموزنە
## "حیکایەتەکانی مەرگ و شێتبوون"

## ئاری عوسمان خەیات

شارەکەم، پیرە قەحبەیەکی ڕموزنە "حیکایەتەکانی مەرگ و شێتبوون"
نووسینی: ئاری عوسمان خەیات
بابەت: کۆچیرۆك
دیزاینی بەرگ: ئارام لوقمان
چاپی یەکەم 2009
چاپخانەی ڕەهەند - سلێمانی (07701508253)
تیرژا: 500 دانە
ژمارە سپاردنی (1783)ی ساڵی 2009ی پێدراوە

"منداڵێتی من لە ماڵەوەو لە دەرەوەی ماڵەوە،
لەناو ئەم بارودۆخە شیعرییەدا بەسەرچوو.
هەموو شتێکی دەوروبەرم پڕ لە تارمایی ئەفسانەو
ڕەزم و بەزمی شیعر بوو.. "

**لەتیف هەڵمەت**

"جا من لەم شارەو لەناو ئەو هەلومەرجەدا
چاوم هەڵێناوەو گۆش کراوم"

**مستەفا نەریمان**

# بۆ
# یاسەمین و
# پیاوە غەریبەکەی گەڕەکی گاوران

# چل کەر چل جل چل جەوەنە،
# کەر، چل، جەوەنە..

## چل کەر  چل جل  چل جەوەنە،
## کەر، چل، جەوەنە..

بەرلە یەك: من ئەم تێکستانەم نووسیوەو ناویشم لێناون چیرۆك. چووزانم رەنگە بەلای تۆوە تەبای جرڕتێکیش قیمەتیان نەبێ. بۆنا، مادامەکێ هەموومان چوونیەك بیرنەکەینەوە، ئیدی ئاسایییە

هەر شتێك لای من دروست و کەماڵ بێت، بەلای تۆوە یان رەفیقەکەتەوە، لە قسەی قۆرو ترۆهات زیاتر، هیچی دیکە نەبێ. تاکەکەسی ڕاستەقینە خاوەنی تەنها شتێکە، یەك شت و هیچی تر: هەستی تایبەتی و سەربەخۆیانەی خۆی. بۆیە ئەو شیرینییەی زۆربەی خەڵکی پێدەکەوێتە هەلەکەسەما، ڕەنگە دەمی من پرپڕ بکا لە ژەهرو تاڵاو! منیش ویستوومە تایبەتێتی ئەو هەستەی خۆم ڕابگرم، ئیتر نازانم ئەمانە لە کوێدا قسەی منن و لەکوێیشدا کەسێکی تر شەریکە بەشمە، ئەمەش مەعنای ئەوەیە: نە تۆ و نە کەسی تریش، وەکچۆن بۆتان نییە، هەر ئاوایش ناتوانن ڕێم لێبگرن، تا ئەم قسە قۆڕ و بێمەعنایانەی خۆم بە ڕۆمانەکانی دۆستۆیۆفیسکی و پاولۆ و کازانتزاکیس و تەرەماش و.. نازانم کێی دی، نەگۆڕمەوە، ئەریٚ هەر وایش ئەکەم و نایگۆڕمەوە، با سوور بێماریفەتییش بێت.سەبارەت بەوەش بەرلەوەی بە جەنابتان ڕابوێرم، قۆشمە لەگەڵ خۆم ئەکەم، بۆیە گوێ لە هەمووتان ئەگرم، بەڵام لێتانمەعلوم بێ، بە قسەی کەستان ناکەم! یەعنی باشترە هیچ نەڵێن و خۆتان بە کابرایەکی وەك منەوە خەریك نەکەن. ئەگەرچی ڕاستییەك هەیە حەز ئەکەم بیزانن، ئەویش ئەمەیە: یەکجاری هێندەش بوێرو بڕوابەخۆبوو نیم، تا ئەو قسانەم بەڕاستی بێ، جا تکایە لێمزویر مەبن، چونکە بەوەیا تەمام وایە بڵێم: هەرکات بۆتان دەرکەوت، وەك کەسانی تر بیر ئەکەنەوە، با ئەو کەسە باوکیشتان بێت، تەنانەت ئەگەر ژنەکانیشتان بێت "ئەو ژنانەی پیاو ناچار ئەکەن لەبری تەڵێ نێرگز، هەمیشە قەمچییەکەی نیچەیان بە دەستەوە بێت" ئیتر لەگەڵ ئەوەیا ئەبێ بزانن، ئاخیرەتتان نزیك بووەتەوە، ئاخیرەتی یەك بە یەکتان، ئاخیرەتی ئێوە بە تاقی تەنیا.. منیش تا ماوم: نەمر..نەمر، بۆخۆم ئەژیم و تەماشاتان ئەکەم!

یەك: کەواتا ئێستاکێ تۆ وەك من بیر مەکەرەوە. ئەم تێکستانە بە چیرۆك و میرۆك مەزانەو هەتا ئەتوانی تووڕیان هەڵدەو مەیانخوێنەوە، بەڵام بۆ ئەوەی خێرت بگاتێ، بچۆ لای گەنجێکی دەستگێڕ لەوانەی بەردەرکی سەرای سلێمانی، یان ئەوانەی بن قەراتی هەولێرێ (ئەو گەنجە دەستگێڕانەی نەك موسڵمانیشیان پێنابێتە جولەکە، بەڵکو تەنانەت پێی نابنە هیچیش!) ئینجا کە چووی، کارتێکی دە دۆلاریی بکڕەو داخڵی بکە (ئاسیا یان کۆڕەك کێشەیەك نییە، چونکە دواجار هەر بۆ گیرفانی حوتەکان ئەگەڕێتەوە)، دوای ئەوەی کچە دەنگخۆشەکە پێیوتی باڵانسەکەت چەندە، تۆیش بە مەسیج ئەم خەونەی خوارەوە بۆ سەد کەس بنێرە، ئینشەڵلا لە ڕۆژی قیامەتا، ئەبێتە مایەی نەجاح و ڕۆشنایی ڕێی پەڕینەوەت لە باریکەپردی سیڕات: "پیاوچاکێکی نورانی لە خواترسی زۆر ئیمانداری سوورووسپی، چووەتە خەوی پوورە ئامەی کۆنەدراوسێمان، لە خەونەکەیدا، پیاوچاکە نورانییە لەخواترسە زۆرئیماندارەکە، دەستی موبارەکی خستووەتە سەر هەردوو چاوی پوورە ئامەو پێیوتووە:"چل کەر چل جل چل جەوەنە.. کەر، چل، جەوەنە..!"

پوورە ئامە لای ژنانی گەڕەك، سوێندی بە کەشیدە سەوزەکەی حاجی مێردی خواردووە، کە دوای ئەو خەونە، ئەوە سێ شەویشە هیچ ئەڵەمێکی نەماوەو یەژی وە ڕۆنی ماسی عازای گیانی چەورکراوە!

بەرلە سێ: زۆری خایاند تا بڕیارمدا ئەم چیرۆکانە لە دوو تویێی بەرگێکدا بڵاوبکەمەوە، کەچی هەنوکەش دڵنیانیم: کارێکی باشم کردووە یان نا؟! ئاخر چونکە من نازانم، خۆم چ کارەم، بۆیە ناشزانم جارێکی تر، ئەگەر بنووسم چی ئەنووسم. ئەوەی زۆرترین ئەگەری هەیەو لەهەر شتێکی دیکە زیاتر لە تەبیعەت و عاداتە حیزەکانمەوە نزیکەو دوور نییە لە هەر ساتێکدا بێت لێمهەڵووەشێتەوە، ئەمەیانە: لە بەیاننامەیەکدا پەشیمانیی خۆم لەم فیعلەی ئێستام ڕابگەیەنم، فیعلی بڵاوکردنەوەی ئەم چیرۆکانە. ئەوەش چەندێك پەیوەندی بە قەلەقی و کەمتاقەتی خۆمەوە هەیە، ئەوەندەش پەیوەندی بە دنیای ئەدەبەوە هەیە، چونکە لە دنیای ئەدەبدا ماڵی هیچ بیرکردنەوەیەك، باڵەخانەی هیچ قەناعەتێك،کۆشك و ڤێلای هیچ ئیمانێك نییە، بۆ هەتاهەتایە وەك خۆی بمێنێتەوە. دنیای ئەدەب دنیایەکە هەرگیز چاوت بە شتێك ناکەوێتەوە،کە پێشتر بینیوتە. یەعنی ئەدەبیات بیرکاری نییە تا لە ئەزەلەوە بۆ ئەبەد، یەك و یەك هەر بکاتەوە دوو.

من ئەو ڕاستییەم بۆ دەرکەوتووەو دەیانجار تاقیم کردووەتەوە. هەر بۆ نمونە: جارێکیان لە چیرۆکێکمدا، یەك و یەك کردی پەنجاو شەش! یان ئەو چیرۆکەی بە شەست و پێنج ڕۆژ لە نووسینەوەی بوومەوە، لە ماوەی شانزە دەقیقەدا خۆم خوێندمەوە، کەچی ئەوجارەیان ئەنجامی یەك و یەك دوانزە ڕوبعێك کەم دەرچوو، یەعنی یانزەو سێ چارەك، سێ چارەکیش ئەکاتە سێ لەسەر چواری هەر شتێك تۆ حەز بکەی! ئینجا ئەگەر من چەند ساڵێك لەمەوبەر ئەوەنە ئازا بوومایە لە حیسابات و تۆزێکیش لە قۆپێکردن سەر دەرچوو بووایەم، ئێستا ڕەنگە موهەندیس بووایەم لە سەرۆکایەتی شارەوانی کفری و سێ سەد و بیست و هەشت ساڵ دوای مردنم، ئەوجا دەرکەوتبا لەوەی: تەحا.. خۆ ئەو زۆڵە شەهادەکەی مزەوەرە!

بەهەرحاڵ لەو کەینوبەینی حیساب و کیتابەدا دەیانجار وتوومە: هەڵیگرە با لە حەساو خۆمان بێ، کەچی مامۆستا گەمژەکانی بیرکاری بەم قسەیەم پێدەکەنن و پێیانوایە من حەزم بە سوعبەت و چەلەحانێیە، بۆیە ئەگەر هەرکەسێ بە گومانە لەو قسانە، یان

ئەگەر هەركەسێ دنیا بە زەڕەبینی حیساب تەماشا ئەكا، ئەوا ئەتوانن لەو بارەیەوە شتێك لە ژیانی نورە قازقاو[1] بخوێننەوە، جا بۆ ئەوەی بە جوانی لە ژیانی ئەو كابرایە تێبگەن، خراپ نییە، برێك زانیاریتان لە بارەی شیعرەكانی حەمەداماو[2] هەبێ، كە بە خۆی و سەتڵی گوودەردانەكەیەوە، هەزارجار لە ئابوئەژدادی گشتمان پیاوتربوو.

★★★ ★★★

1. ئاسودەترین پیاوی دونیا، تا ژیا هیچی نەبوو لەدەستی بدا، بۆیە دەوڵەمەندەكان هەرچۆنێك بیری لێبكەنەوە، هەر لە خۆیانەوە بە بۆنی شەراب مەست ئەبن!

2. سەربڵندترین مەخلوق دونیا، كە مرد دوای خۆی چەند قەسیدەیەكی بە هەتیوی جێهێشت. دەوڵەمەندەكان هەرچۆنێك بیخوێننەوە، بۆنی گووی خۆیان كاسیان ئەكا..!

## بۆ فەرهاد پیربال

## بۆ فەرهاد پیربال

من خراپ ژیام و باش فێر نەبووم ڕوون بدوێم.
"پۆل ئێلوار"

تابلۆی یەکەم:
لەسەر دیوی دووەمی دووسەد و پەنجا دیناریيەك بۆی نووسی: نۆ هەزار و حەوسەد و پەنجا و شەش جار ماچت ئەكەم و وتی: خانم بێزەحمەت ئەو كرێيە وەرناگری..
كوڕەكە لە دواوە دانیشتووە، كچەكە وا لە پێشییەوە. منیش لە شوێنێكی دیكەم. چاوم لێیەو مەراقی ئەوەم، ئاخۆ كچەكە ئەو مەسیجە شەرمنە ئەخوێنێتەوە یان نا؟
لە ناوەڕاستی شارا، تاسەیەكی وشك، شانزە سانتیمەتر و شەست و دوو ملیم قولاییەكەیەتی، لەرەیەك ئەخاتە ڕەوتی سەلارانەی جێبەڕوبعەكە و مەراقی باریكی من و خەونی هەرە گەورەی كوڕەكە ئەشێوێنی.
تابلۆی دووەم:

دوا قۆپچەی كراسە شینەكەی لار بەستبوو. دەرقاچەی چەپی پانتۆڵەكەی تا سەر چۆكی هەڵكردبوو. پرچی: كەس نازانێ لای چ دەلاكی تراشیبووی. تاكێ پێڵاوی گڵاسی ڕەساسی قەیتانداروو تاكێ شەحاتەی خۆڵەمێشی فلات، لە پێیەكانی.
ئەو پۆلیسەی كە دەستگیری كردبوو، دەیگوت: بۆنێكی تیژی ئۆپنیشی لەخۆی دابوو. هیچ هەنگاوێكی لەوی دیكەی نەدەچوو، ڕێك بەنێوەڕاستی ئەو شەقامەیا دەڕۆشت، كە دوو مانگ پێش ئێستا قیرتاوكراوە، بەڵام نەكرابا باشتر بوو، هەر كە گەیشتە بەردەم كتێبخانە گشتییەكەی شار، جرتێكی ئێجگار درێژوبێتامی لێداو وتی: عیلم و مەعریفە..
تێبینی: ڕەنگی پانتۆڵەكەی سوورێكی خانەخانەی چاوشكێن بوو، دوگمەكانی كراسەكەشی هەر یەك لە ڕەنگێك.
+ چۆن گاڵتە بە مەڵبەندی فیكر و عەقڵ ئەكەی لەم شارەدا؟
- ئیتر كردم..
+ ئەوە سوكایەتییە بە خوێنەران و ڕۆشنبیران و..
- ئاخر..
+ وسس..
- بەڵام خۆ كەسی لێنەبوو، جەنابی حاكم..
سێیەمین تابلۆ:
جارێكیان فەرهاد پیربال پڕ گیرفانەكانی كردبوو لە كتێب و هاتە شارەكەی لەتیف هەڵمەت. ئەویش جرتێكی بۆ ئەیاد عەللاوی لێدا. جەماوەر بێئەوەی بزانن مەسەلە چییە، هەموو دایانە قاقای پێكەنین و وتیان وەلا كابرایەكی گاڵتەچیی و قسەخۆشە.. ڕۆشنبیرو شاعیرو ڕۆژنامەنووسەكانیشمان، كە هەنێكیان هۆڵەكەیان جێهێشت، دەیانگوت: وی.. چ كابرایەكی بێئەدەبە! ئیتر پیربال

تێرتێر بۆ عەقڵی کەنەفتی ئەم شارە گریا و هەڵمەتیش کەمێك شەرمەزار!

تێبینی: ئەو ڕۆژە پۆلیسەکە نەهاتبووە دەوام، بۆیە ئەگەر فەرهاد پیربالی دەسگیر کردباو بۆ دادگەی بردبایە، ئەوجا پیربالْ بە حاکمی دەگوت: ئەزانی تۆیش ناچێتە مێشکتەوە، جەنابی حاکم؟

**تۆفیق فیکرەت**

## تۆفیق فیکرەت

"مامۆستا تۆفیق، کاك تۆفیق.. تۆ.. فیق.. گیان.. "

دوێنێ لەنێو بازاری کفری، بەو جۆرەی سەرێڕا، تەوفیق فیکرەتم بانگ ئەکرد. من بە هەنگاوی زبر و لۆقنەوە دووی کەوتبووم و ئەویش وەك هەر شاعیرێکی تری دنیا، لەنێو خەیاڵەکانی خۆیدا نوقم ببوو.

سەیرە، ئەو هەموو بانگکردنە، لەنێو کپی ئەم بازاڕە ساردو سامناکەدا، نەیتوانی دەزوولەی خەیاڵی ئەو کابرایە بپچڕێنێ! لە ئەنجامی هاوار و گازکردن، هێند شەکەت بووم، کە (تۆ)م لە دەم دەرئەچوو، (فیق)ەکەم بە هەزار زەحمەت بۆ ئەوترا. خەیاڵوانییەکەی ئەو، قسەی ڕەفیقە کەپووقولاپییەکەی خۆمی بیرخستمەوە، کاتێ سەردەمانێك تا ڕادەی ئیدمانبوون خووم بە خوێندنەوەی کتێبانەوە گرتبوو و جارجارەش خەونم بەوەوە دەدیت ئەمڕۆ نا سبەینێ، ببمە شتێك: لەوانەیە شاعیر یان ڕۆماننووسێك یان.. نازانم ئیتر بیرم لەو شتە قۆڕانە ئەکردەوە. ڕەفیقەکەم هەمیشە دەیگوت: "دەست لەم ئەتوارە هەڵگرە با ئەو تۆزە دەماغەیش هەتە لە دەستی نەدەی، شاعیر و ماعیرەکان شێت و کەر و کەودەنن" ئەو کە وای دەگوت زیاتر لە خەمی سیحەتباشی مندا بوو، بەڵام من هەرگیز گوێم نەدایەو حەزم بەوە بوو بزانم کەریی و کەودەنی ڕاستەقینە چۆنچۆنییە، چونکە پێشتر هەموو کەرێکم هەر بەوەی حەزرەتی نالی دەزانی، بەڵام وردەوردە خەریکە بۆم دەرئەکەوێ: ئەم شارەی ئێمە هەر بە تەبیعەتی حاڵ خەڵکی کەر و کەودەن و زۆرجاریش کەوش و کڵاش ئەخولقێنێ.

کەری بە جووتەی وای هەیە، بە کەڵکی ڕەفاقەت ناشێ و کڵاشی ئەوتۆیش هەرگیز بە پێی کەسەوە ناچێ! کەرەکانی ئێرە بە خوێی هەویریش ناچنەوە سەر ئەوەی نالی و کڵاشی هەورامانیش هەقیەتی ئەگەر بیەوێ، بچێ لە ئینتەرپول شکایەتمان لە سەر تۆمار بکا.

حەوت دەققەیە، هاوڕێ لەگەڵ تۆفیق فیکرەت، ئەم شاعیر و بیرمەندە گەورەی تورکدا، پیاسە ئەکەم. بەدەم هەنگاونانەوە جارنەجارێ خشەی پێیەکانی ئەبیستم. کوردبوونم بچوکم ئەکاتەوە تا ئاستی پێڵاوەکانی، بەتایبەت ئەوەی پێی چەپی. هەمانوەخت بیر لەوە ئەکەمەوە، ڕەنگە وەکچۆن مێژووی ئەو پڕە لە هاشوهوش لە ئەنجامی ئەوەی ڕادەبەدەر گەورەکراوە، ڕەنگە هەرئاوایش پیلاوەکانی گەورە بن بۆی.. ئەنجا بەخۆم ئەڵێم نا، هەڵبەت وەڵامی پرسیاری "ئەوە چۆنە بە ئەستەنبولت وتووە قەحبە؟" تەواو مژوڵی کردووە، بەڵام هەمدیس ئەم خۆ بە بچوك و کەمزانییەی لێمبووەتە سەرەتان، دغدغەی دەروونم ئەداو ناهێڵی خۆم بم و ئەڵێم: "کوو ئەتوانی لە حزوری ئەم شاعیرە گەورەو ئەم پیاوە تورکە پایەدارەدا، بیر لە شتی وابکەیەوە؟" هەر لەو کاتانەشدا، دەنگێکی کزۆڵەی شەرمۆك، لە ناوەوەم بەرز دەبوویەوە: "یەعنی بۆناکرێ پرسیاری کەسێکی وەك من، پیاوێکی وا هیلاك بکا؟ خۆ قابیل چییە؟ من چیمە؟ با ئەو تۆفیق فیکرەتیش بێ، مادام ئیستا وا لەم شارەیە و وەك ئێمە دەسبەتاڵ پیاسە ئەکاو ئەسوڕێتەوە، ئەویش کەر و کەوش و کەودەن و کڵاشە!

سەرم هەڵبڕی، ئەوە کۆتایی ئەو کاتە بوو، کە بەدرێژایی ڕێگاکە، توانیبووم بوێرم لە ئاست بوونی خۆمدا ڕابمێنم. کات و ڕێگا و خەیاڵ، گەیاندبوومیانە بەردەم دوکانی ئەو پیاوەی کە جاری واهەیە خۆی، یان یەکێ لە کوڕەکانی، بەدوای لاپەڕەی بابردووی

# مەجید پاشای تارمایی

## مەجید پاشای تارمایی

کلۆدیۆس جێمس ریچ،  لەو دانیشتنەدا ئامادەبوو، کە پاشای بابان، 189 ساڵ لەمەوبەر، تێدا وتی: "جگە لە مێژووی پێغەمبەران و پیاوچاکان، ئەوەندەی بتوانم لە ڕۆژگارو گوزەرانیان بزانم، ئیتر زۆر تامەزرۆی مێژوو نیم، لە شانامەیش زیاتر، شتێکی لێناخوێنمەوە"..

ئیدی ئەو: مستەر ریچ، گورج دەفتەرەکەی دەر دەکات و لە بیرەوەرییەکانی حەوتی تشرینی سەدو هەشتاو نۆ ساڵ لەمەوبەردا، بە سەرسوڕمانەوە لەو کوردە پاشا عاجباتییە، ئەنووسێ: "مەحمود پاشای بابان حەزی بە مێژوو نییە، جگە لە مێژووی پێغەمبەران و پیاوچاکان، لە شانامەش زیاتر هیچی لێناخوێنێتەوە!"

ئەمنجا ڕێك بیست ساڵ دوای ئەو ڕۆژە، یەعنی سەد و پەنجاو نۆ ساڵ پێش ئەمڕۆ، کە مێژوومان وەك هەمیشە پریەتی لە بزرکانی جەریدەیەکا ڕائەکەن، تا نەکەوێتە نێو جۆگا بۆگەنکردووەکانی بازاڕەوە. جەریدەیەك کە ساتێك دوای دەرکردنی لە گەرووی با، مامۆستایەکی چرووك، لەوانەی لە ژیانیاندا بۆ جارێکیش چییە، دڵیان نەهاتووە دوو عانە بدەنە ڕۆژنامە یان هیچ نەبێ ترە گۆڤارێك، (خۆ باسی کتێبمان هەر نەکردووە)، بێئەوەی بزانێ هەر سەرلەئێوارە کەشفە، لە خاوەن دوکانی ئەدزێ وخۆی لە گێلی ئەداو دوو هەنگاو ئەولاتر، بە نۆتەی دەنگێکی ناخۆش، لە مامۆستایەکی تری وەکخۆی ئەپرسێ: "ئەرێ مەعاشەکە نەهات؟" و خەیاڵی هەزاری وەك من و تۆ ئەشێوێنی و هەر بیریشمان ئەباتەوە تابزانین ئەوە تۆفیق فیکرەت لە کوێوە قوستەنتینییەی جاران و ئیستەنبولی ئێستای گاوە، وا بەو هەموو ویقارەوە پێیدەڵێ: قەحبە و فاجیرە گەورەکەی دونیا؟

خەونەکان، ئاوا خەونی بابانییەکانیش ئەبزڕکێ و هەموو شتەکان زۆر بەئاسانیی کۆتاییان دێ.

هەڵبەت بە ڕێکی نازانرێ چەنێك دواتری ئەو ڕووداوانە، یان چەنێك پێشی بەرێ، پیاوێك لە تەپوتۆزی خەونەکانی ناو مێژووی بابانەوە، سەری خۆی هەڵدەگرێ و دەگاتە مەملەکەتێ، کە تا ڕۆژی قیامەت ڕۆحی بەبێزاری تێدا پیاسەی وشك و بێتام ئەکا. ئەو پیاوە لەو مەملەکەتە ناخۆشەدا، هەر بەرێکەوت شتێك دەنووسێ، شتێك زیاتر لە دەردەدڵ ئەچێ تا یاداشت، چونکە جۆرێك لە پەشیمانی و شپرزەیی پێوە دیارە، دەنووسێ: "من تارمایی ئەو پیاوەم، غوباری خەونێکی نازانم چۆنچۆنیم، لە ئێوارەیەکی تەڵخ و تۆزاویدا، ئێوارەیەکی وا، کە بەکەڵکی هیچ نایەت، پتر لەوەی ئینسان تیا دانیشێت و چینێکی باش بۆ خۆی بگری، گەیشتمە شارێك ئاوێنەکانی ڕاست و چەپی تێدا وەکخۆی دەرئەکەوێ، ئاوێنەکانی ئەم شارە لە جنسی ئاوێنەکانی هیچ شوێنێکی سەر زەمین ناچن، هیچ شتێك پێچەوانە ناکەنەوە، بۆیە گەر بتەوێ تەماشای خۆت بکەی، دەبێ پشت بە سێبەر ببەستی، تا کاتێك دێت هەستی ئەوە داگیرت ئەکا، کە ئێرە شارێکە بەدەر لە سێبەرێکی کاڵ، کە بەسەر سەرتەوەیە، هەرگیز شتێکی ئەوتۆی نییە بە تۆی بەخشێ بۆیە لێرە لە سێبەر و وەهەم زیاتر شتێکی تر نییە خۆتی تیا ببینی و خۆتت بخاتەوە یاد. ئەم شوێنە بە کەڵکی ئەوە دێ مرۆڤ خۆی تیابخنکێنێ، شوێنێکە ئەوەندەی لەگەڵ مەرگدا سەروسەودای هەیە، هێندە حەزی بە ژیان نییە."

هەر لەو ئێوارە تەڵخ و تۆزاوییەوە، پیاوەکە یەقینی تەواوی لادروست ئەبێ، لەوەی ئێرە ئەو شوێنە خراپەیە، کە دەبێ بۆ ئەبەد خۆی تیا ون بکات و هەرگیز جارێکی تر، وەك پاشا، چاوی بە خۆی نەکەوێتەوە.

ئەو ئەنووسێ: "من.. منی پاشا، پاشا؟ ئەرێ منی کوڕە پاشا، منی پاشماوەی میرنشینێك، کە هیچ لە مێژووی خۆم نازانم، هاتم و لێرە بۆ ئەبەد قاچەکانم لە وەهمدا چەقین. تکایە بۆ ناسینەوەی پاشازادەییم، هەرگیز مەگەڕێنەوە بۆ سەرچاوەکانی مێژوو، گوێ لەوانەش مەگرن، کە خۆیان کردووەتە مێژوونووس و ئاسەوارناس و دەم لە گێڕانەوەی حەکایەتی ڕۆژگاری پیرە کۆشکی من ئەکوتن، ئاخر من خۆشم نازانم کێم؟ کەچی بوومەتە جێی شانازی خەڵکی ئەم شارە، من هیچ لە مێژووی خۆم نازانم، چونکە هەرگیز فێر نەبووم و فێریش نەکراوم، هیچ نەبێ لە پەراوێکی وەك ئەوەی ڕیچی گەڕۆکدا، بیرەوەرییەکانی خۆم بنووسمەوە، بۆیە ئێستا من پتر لە تارماییەك هیچی دی نیم، من: مەجید پاشای بابان.. مەجید پاشای تارمایی.. مەجید پاشای با..تا..".

# چارەکی ئەوێ  بۆ سەعاتی بەر لە شێتبوون

ئەوانەی وان لە بێلێڤیۆ* کەسانێکن،
لە ژیانیاندا ئەڤینیان لێون بووە،
ئەوەی بەشەیداییەوە خۆشەویستی کردبێت،
ئەوە لە هەمووان زیاتر نەخۆش و لاواز دەبێت،
هێندەش نابات، زۆربەیان دەمرن!
"ویلیام سارۆیان"

لەگەڵ سێبەری تەنیایی خۆمدا نەبێت، هەڵناکەم. هەرگیز حەزم بە جەنجاڵی و قەرەباڵغی نییە. هەمیشە لەکاتی هەڵپەڕین و پێ بە عەرددا کوتانی بێمانای ئەوانیتردا، مـن وەك کیسەڵ ئەچمەوە ناو خۆم، بۆ ناو قاوخە زۆر وشك و بەردینەکەی تەبیعەتم. سییەکانم بەشی دە دەقیقەیەی ژیان، هەناسەی دانیشتنێکی بە کۆمەڵیان تیایە. تا ئەم عومرە، هیچ یادگارییەکی ئەوتۆم لانییە، توانیبیتم لەو ماوە کورتە زیاتر لە نێو کۆمەڵێکدا دانیشتبێتم و نەڕشابێتمەوە. بە قەرەباڵغی دەهریی ئەبم، بەلام لەبەرامبەر ئەوەدا، ئەتوانم بارتەقای هەزاران ساڵی ڕوناکی، لە بێدەنگی و تەنیایی خۆما ئۆقرە بگرم، بێئەوەی شتێك هەبێ کەشی بێدەنگی و تەنیاییم لێبزڕێنێ.

من، ئەو کوڕەی پێشتریش پێموتوی، زۆرجاران، بەجۆرێك ئەتوانم لەبری (زۆرجاران) بڵێم هەمیشە هەست ئەکەم، شتێکم لێون بووە، شتێکم لەدەست چووە، کە ئەگەر ڕۆژێك لە ڕۆژان بشیدۆزمەوە

چارەکی ئەوێ  بۆ

سەعاتی بەر لە شێتبوون

ئیدی ئەوجا هەست بە تاوان و گوناهباری، دەروون و ویژدانم ئەنجن ئەنجن ئەکەن، لەڕاستیدا شتێکە نازانم بە تەواوی ناوی چی لێبنێم، ساڵەهایە بە دوویدا ئەگەڕێم و بەدەر لەوەی وەك دێوانەیەك سارای بیرکردنەوەم بۆ تەی کردووە، هیچی ترم وەچنگ نەکەوتووە. ئەپرسم: باری تەعالا، تا کەی ئەم سۆراخە بێئەنجامەی من؟

تۆ بەڵێنت پێدام، کە ئەم مانگە نا ئەوی تریان، چاك ئەبمەوەو ئەتوانم وەك ئەم خەڵکە بژیم. تۆ پێتوتم: هەموو ئەو حاڵەتانە هی ئەوەیە، شارەکەتان بۆنێکی تایبەتی خۆی هەیەو وتت گوایە ئەبێ من بچم بە دوای ئەو بۆنە تایبەتییەدا بگەڕێم. خۆ بە قسەم کردی، بەڵام نەك چاك نەبووم، بەڵکو بەشێوەیەکی وا هەراسان بووم، کەس ئیرەیی بە حاڵم نابا. کوچەیەك نەما من بۆنی پێوە نەکەم. کامە شەقام هەیە، دانەویمەوەو بۆنم پێوە کرد. بۆنی هەرچی دیوارو دەرگاو پەنجەرەکان هەیە تاقیم کردنەوە، کەچی لە چڵکاو و پیسی زێرابەکان و غەزەبی پیستری خودا زیاتر، هیچ بۆنێکی ترم لەم شارەدا هەست نەکردووە. کامە بۆنە تایبەتییەکەیەتی جەناب؟ تۆ وتت چاك ئەبمەوەو هانتدام بۆنی تایبەتی شارەکەی خۆم بدۆزمەوە، کەچی هیچی وا دەرنەچوو، ئەوە دە مانگیشە هەر وەك دە ساڵی لەمەوپێش وام، بۆیە هەستەکەم وردەوردە، حەزم بە چارەی تۆیش نامێنێ. تاخوا حەزکا ڕقم لەم شارە ئەبێتەوە، چەنێکیش تۆ پێتخۆش بێ، منیش پێمخۆشە میز بەسەر و چاوی ئەم شارەیا بکەم و دیوارەکانی، دارەکانی، یەکبەیەکی دەرگاو پەنجەرەی ماڵەکانی بە گوو سواق بدەم. تکایە وانەزانی ئەمە لە ئەنجامی دڵڕەقیمەوەیە، چونکە وێڕای هەموودڵڕەقیی و قینێك، کەچی ڕۆژبەڕۆژ حەزم لێیە باشتر لەم دۆزەخە بچوکەدا بسوتێم. من ئەزانم ئەگەر بێت و ئەم شارە جێبێڵم، ڕۆژێك دێ پەشیمان ئەبمەوەو ئەوجا مەگەر دەستم بچێتە خوێنی خۆم. تەنیا خراپەی پەشیمانیش ئەوەندەیە، ئینسان بەشێوەیەکی زۆرسەیر ئەچرووسێنێ و کوڵی ئەکا. پەشیمانی شتێکی ئەوتۆی دیکەی پێنییە، کە دادی مرۆڤ بدا، بەدەر لەوەی یان بە کوشتی ئەدا، یان ئەبێتە پەناگەیەك بۆی تا تێدا دان بە هەڵەو گوناهەکانی خۆیدا بنێ و بە دزییەوە تێرتێر بۆ عاقیبەتی خۆی بگری. تەنیا ئەمە وائەکات مرۆڤی پەشیمان، دڵی نەتەقێ لە تاو ئەو هەموو عەزابەی بە ژێر پێستی لاشەیدا وەك تەزووی کارەبا دێت و دەچێ.. دێت و دەچێ و هەرگیز ناشوەستێ.

وادیارە من کوڕێکی خراپم، چونکە ناتوانم یان نازانم، بیر لە پێکەنین بکەمەوە. دڵتەنگ ئەبم لە دەنگی قاقای پێکەنین، واملێئەکا بەرپێی خۆم نەبینم. ئاخر ئەم خەڵکە زۆر حەزیان بە پێکەنینە، من تەنها لە یەك کاتدا ئارەزووی پێکەنینم هەیە، ئەویش ئەوکاتەیە، کە خەڵکی ئەم شارە لەسەر گۆڕی ئازیزانیان دەنگی گریانیان ئەگاتە کەشکەڵانی فەلەك.. ئێ خۆ بە زۆر نییە، من ئیتر وام. بێماناترین ئەخلاقی ئینسان ئەوەیانە، کە لە خۆڕا بۆ مەرگی ئازیزانی فرمێسك ئەڕێژێ و ئەگری. ئەم شارە بەشی ئەوە سۆزی نەداومەتێ، تا لەسەر قەبری ئازیزان بگریم، ئێمە هەموومان مردووین.

★★★ ★★★

دکتۆرەکە هێشتا پاڵی دابووە کورسییەکەیەوە. نەیهێشت ئەو قسەکەی تەواو بکات. هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشاو پشتی ڕاست کردەوەو هەردوو مەچەکی خستە سەر مێزە قاوەییەکەی بەردەستی و ملی تۆزێك بۆ پێشەوە درێژکردەوە، بەشێوەیەك تەواو دەموچاوی نزیك بوویەوە لێی و وتی: کوڕی خۆم، عەزیزم.. خۆت ئەزانی ئەرکی من چییە، هیچ دکتۆرێك لە دنیادا بۆی نییە ڕاستی

له نەخۆشەکانی خۆی بشارێتەوە، چونکە مەسەلەکە هەر ئەوەندە سادەو ئاسان نییە، ئەم پیشە پیسەی ئێمە، پەیوەندی بە ژیان و مەرگەوە هەیە، خودا بەشێك لە ئەرکی عیزرائیلی بە ئێمە بەخشیوە، بەچەشنێکی عەجایەب ژیانی هەزاران کەسی لەم بەشەرەی خستووەتە ژێر دەستی ئێمە، ئەگەر ئاگامان لە خۆمان نەبێ، دەعجانەترین مەخلوقی سەرزەمینمان لێدەرئەچێ. ئا.. باوەڕبکە هەر دکتۆرێك زۆرباش مەقەیەتی خۆی نەبێ، دەبێتە باشترین جەللادی دونیا، باشترین پیاوکوژی خوێنرێژ. هەموو دکتۆرێك بیەوێ و نەیەوێ، بەجۆرێك لە جۆرەکان قەسابێکی بچکۆلەیە، ئەوەی من لەبارەی خۆم و هاوڕێکانمەوە ئەیلێم، خەتەرترین ڕاستییەکە تا ئێستا کەسێك کە خۆی لە مەعشەری دکتۆرەکانە، درکاندبێتی، بەڵام لە تۆ چ بێ پەنهان.

ئەوەی زۆر سەیر ئەهاتە پێشچاو، هەڵوێستی کوڕەکە بوو لەو چرەکەساتانەدا، کە دکتۆرەکە قسەی بۆ ئەکرد. ڕاستە ئەو بەشێوەیەك دەرئەکەوت، وەك بڵێی گوێ بە قسەکانی نەدا، بەڵام لەڕاستیدا دەنگی وەك نۆتەیەکی هێمنکەرەوە وابوو بەلای کوڕەکەوە. ئەمجارەیان لە هەموو کاتێك زیاتر، پیرە دکتۆرە کەمێك سەر ڕووتاوەکە، سیمای پیاوێکی ڕاستگۆی پێوە دیار بوو. وەك هەمیشە چاویلکەکەی لەچاو کردبوو، بۆینباخە پانەکەی زۆر کورت بەستبوو. کوڕەکە لە دڵەوە بەخۆی گوت: بەم تەرزەوە، زیاتر بۆ ئەوە دەشێ ببرێتە عەنتیکەخانە.

ئەو وتی: ئەوە دوو ساڵە، تۆ دێیتە ئێرە بۆ عیادەکەم، ڕۆحناسکیت ڕێی پێنەداوم، وەك هەر دکتۆرێکی تر ئەرکی ڕاستەقینەی خۆم ئەدا بکەم. تۆ جیاوازی، جیاوازییەکی ئەوتۆ، کە بە هەزاران گەمژەی لەوانەی لە لیژنەی بەرنامە تەرفیهییەکانی تەلەفزیۆندا دەیانبینین، نادۆزرێتەوە. جیاوازییەکە لە ڕۆحتدایە، لەشوێنێکدایە نەك بە گەمژەی ناو تەلەفزیۆنەکان، بەڵکو بە هەزاران دکتۆری دەعجانەو جەللادیش نادۆزرێتەوە، شتێکە قووڵ لە خوێنتدا دێت و دەچێ، بۆیە هەموو ئەو ناتەبایی و ڕق و بەدگومانییەت، پەیوەندی بەو شوێنەوە هەیە، کە تیا ئەژیت. بۆ ئەوەی لەم عەزابی دەروونە نەجاتت بێ، پێویستە کۆچ بکەی و بۆ ئەبەد ڕیشە و بنجی خۆت لەوێندەر هەڵکێشی، یان هیچ نەبێ بۆ ماوەیەکی زۆر دوورودرێژ لێیدوورکەویتەوە. دەبێ تۆ قۆشمە بەو کەسە بکەی، کە پێیوایە بەرد لە جێی خۆی سەنگینە. بەرد کاتێك لە جێی خۆی سەنگین دەبێ، ئەگەر ئەو شوێنە عەشقی تیانەکوژرێ. ئەمە چارەسەری تۆیە عەزیزم. ئەگەرنا ڕۆژانە تاریکی لەبەرخۆوە دەروونت ئەخوات و هێدی هێدی ئاسەواری بەڵایەکت لەسەر جێدەهێڵێ، کە دواجار پێویستت بە چاودێری جیاوازترە لە ئێستا.

لەو کاتەدا، کە دکتۆرەکە گەیشتبووە کۆتایی قسەکانی، ئەو وردەجوڵەی قاچەکانی خێراتر کردبووەوەو بە دانەکانی کاجێڕەی ڕاستی، نینۆکی پەنجەکانی دەستی چەپی ئەکرتاندو بە تەواوی نەیدەزانی خەیاڵی بۆ کوێ چووەو بیر لە چی ئەکاتەوە.

ئەوە دوو ساڵە من لەگەڵ تۆدا خەریکم، بەڵام بەهیچ شێوەیەك ڕاستیم پێنەوتووی، نازانم بۆ؟ ئەو شتەی تۆ ونت کردووە، موحتاجی بە دۆزینەوەی، من کە پێموتی بچۆ بۆنی تایبەتی شارەکەتان بدۆزەوە، مەرامم ئەوەبوو، بەشکو هیچ نەبێ بۆنێك بدۆزیتەوە، کە خۆت ئەزانی لە چ کات و زەمانێکدا لێتبزر بووە، وتم بەشکو لە شوێنێکدا بۆنەکە دەبغ بووبێتە سەر دیوار، دار، چوزانم دەبغ بووبێتە سەر هەر شتێکی ئەو کاولەیەوە.

نەیدەزانی چی بکا. حەزی ئەکرد چارەسەرێکی بۆ بدۆزێتەوە. پێیخۆشبوو بە ڕاستی هاوکاری بکا. هەستی ئەکرد ئەگەر ئێستانا نەختێکی تر، کە نیازی وابوو ڕاستییەکەی پێبڵێ، غەدرێکی گەورە

لەو کوڕە عاشقە تێکشکاوە ئەکا، کە ئەوەتا لەودیو مێزە قاوەییەکەوە، بەرامبەری دانیشتووەو یەکیەك نینۆکی پەنجەکانی دەستی ئەکرتێنێ، ئەو ماوە دورودرێژەش، کە هیچی پێنەوتبوو، لەبەر ئەوە بوو، کە دەیزانی ئاشکراکردنی ڕاستییەکە، مانای کۆتاییهاتنی گەڕانە بەدوای چارەسەردا، ئەمە شتێك بوو ئەو دکتۆرە ڕووبەڕووی ببووەوە، حاڵەتیکی وا بوو، کەم کەس تاقەتی هەیە ئیشی تیا بکاو بەرگەی بگرێ. نەیدەزانی چۆن یەکەم وشە بدرکێنێ، ڕاستییەکەی تۆزێك ترسی هەبوو، نەکا ئەم کوڕە لێیقەبوڵ نەکا، بەڵام لەپڕێکا چوون ئەوەی خوا مەلائیکەتێکی تایبەتیشی بۆ زەللەی زمان تەرخان کردبێ، ئاوا بەرەو پشتەوە، کورسییەکەی ژێر خۆی پاڵپێوەنا و هەستایە سەرپێ و وتی: ئەبێ بمبەخشی.. یان ئەکرێ بڵێم ناچاری قەبوڵی ئەو ڕاستییە بکەی، لەوەی کەسێکی تەواو ئاڵۆزی و بێوچان بەدگومانی ڕۆحت ئەکرۆژێ و خامۆشت ئەکا. تۆ دەروونت نەخۆشە.. تێدەگەی ها؟ یەعنی تۆ نەخۆشی دەروونیت هەیە، بە دەست من نییە، ئەمە شتێکی ئاساییە، لەڕاستیدا زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی ئەم وڵاتە، خەڵکی ئەم شارە نەخۆشن، بۆیە ئێستا من ئەتنێرمە لای دکتۆری پسپۆر. دکتۆری دەروونناسی باش ئەناسم. هەموویان هاوڕێمن، چیت بوێ بۆتی ئەکەن، وەك خۆم وان، ئەو دکتۆرانەی من ئەیانناسم لە دەعجانەکان نین، نا ئەوان ئەوەندە خەمیان بە پارە و شتی وانییە، دکتۆرگەلێکن هەرگیز تەماحی گیرفانی نەخۆشەکانی خۆیان ناکەن، جۆرە کەسێکن، حەز ئەکەن هەرگیز کەس ئیحتیاجی پێیان نەکەوێ، ئەوانە حەزناکەن هیچ کەسێك واهەست بکات، کە خێرییان پێکراوە. ئەگەر ئەتەوێ ئەتنێرمە لای دکتۆر سیامەند..سیامەندی سالە پیسپۆش، بەڵام لێگەڕێ و تۆ بە ناوی باوکدا، لە هیچ کەس مەڕوانە. یەعنی وانەزانی دکتۆر سیامەند باوکی پیسپۆشە، ئیتر خۆیشی پیاوێکی خراپ و پیسە. مام صاڵحی باوکی تابلێی پیاوێکی پاك و تەمیزە.ڕەفیقەکانی سەردەمی گەنجێتی ئیرەییان پێبردووە، بۆیە شیکپۆشیان بۆ کردووەتە پیسپۆش. من دڵنیام ئەو چارەسەرت ئەکا. بێگومان ئەتەوێ، ها.. وانییە، باشە ئەوە عینوانەکەی..

کوڕەکە کە بەدرێژایی قسەکانی دکتۆر، سەری داخستبوو و هەر نینۆکی پەنجەکانی ئەکرتاند، جارنەجارێ سەری هەڵئەبڕی، بەڵام بەدەر لە بەشی خوارەوەی شەیالە پرتەقاڵییەکەی دکتۆر، چاوی لەسەر هیچی تر ڕانە دەگرت. دکتۆرەکە تا ئەوکاتە بە ناو ژوورەکەدا ئەهات و ئەچوو. بێدەنگی کوڕەکەش، مانای ڕەزامەندی ئەگەیاند، بۆیە گەڕایەوە سەر کورسیی پشت مێزەکە، تا ئەدرێسی کوڕەکەی سالە پیسپۆشی بۆ بنووسێ، لای ئەویشەوە سەرە گەیشتبووە سەر کرتاندنی پەنجەی دۆشاومژەی دەستی چەپی. لەکاتێکا ئەو سەری شۆڕکردبووە سەر پارچە کاغەزێکی شینی لاکێشەیی و خەریکی نووسین بوو، کوڕەکە پرسی: وتت من چیمە، دکتۆر؟

وەك ئەوەی دووبارەکردنەوەی وەڵامەکە بەلایەوە ناخۆش بێت، چونکە پێیحەیف بوو کوڕێکی ئاوا ناسك، سەختی ژیان زەفەری پێبردبێ، بێئەوەی سەر هەڵبڕێت، وتی: دەروونت لە عەزابدایە، نەخۆشی دەروونیت هەیە.

قاچەکانی لە جوڵە ڕاگرتن، هیچ حاڵەتێکی وەك شڵەژان و داچڵەکینی پێوە دیار نەبوو، بە ئەسپایی و بۆ دواجار سەری هەڵبڕی و بە تۆنێکی شێوە سەیر، وەك ئەوەی ئەو وەڵامە شتێکی تازە نەبێ بۆ ئەو، وتی: بەڵام دکتۆر گیان، تەنیا سەروەت و سامانێك من هەمبێ، دەروون نەخۆشیمە، کە ئامادە نیم بە هیچ بەهایەك دەستی لێهەڵگرم!

★★★ ★★★

★بێلێڤیۆ: نەخۆشخانەیەکی چارەسەری دەروونییە لە نیۆیۆرك.

## عاقیبەتی میزکردن

## عاقیبەتی میزکردن

هەموو دوکاندارەکان ئەیانزانی بەدەر لەوەی ئەم کابرایە زوو زوو ئەچێتە تەویلەی خانەکەوە، هاوکات گۆڕانێکی سەیر و کتوپڕیشی بەسەردا هاتووە. جاران قیڕە و هەرای لە بانگکردنی موشتەری و ڕێبوارانـدا، سەری ئەو قەیسەرییەی نابووە یەك و بە دەگمەن دەنگێکی بەرزترت لە دەنگی ئەو دەبیست، بەڵام ئێستا نا، چونکە لەنیگاکانیدا هەست بە شتێك ئەکرێ، شتێکی جیاواز، کە ئیتر وەك هەموو جیاوازییەك، کاتێك بەلای کەسێکەوە دەربکەوێ، دەبێتە دەسمایەی گەورەو بەردەوامی خەڵك و هەمیشە فزوڵییەتی خۆیانی پێتێر ئەکەن بەوەشدا سۆڤی مەلەکی نێو ئەم چیرۆکەش، لە قسەوقسەلۆکی کەس قوتاری نابێ. نەك هەر هاوسێ دوکانەکانی کە بێگومان هەموویان پیاو بوون، بەڵکو هاوسێ ماڵ و بەتایبەت ژنانی گەڕەکیش کەوتنە سەرنجدانی ئەمدواییانەی ڕەفتاری جیاوازی مەلەك. ڕەنگە بۆ ئەو زەمانەی خەڵکی شارەکە، کە پێناچێ لەئێستاشدا هیچ گۆڕانێکی ئەوتۆی بەسەردا هاتبێ، بێدەنگبوون و حەز بە تەنیاییکردن و دوورەپەرێزی و لەگەڵ خۆدا بەهاوڕێبوون، شتێکی سەیرو ناوازەو نامۆ بووبێ بەلایانەوە،نەك هەرئەوەندە بگرە هەر حاڵەتێکی لەو شێوەیە جۆرێك لە ترسیشی بەدوادا ئەهات، ترسی ئەوەی کە دوور نییە ئەو کەسە بە شەو لە حەمامدا ئاوی گەرمی ڕشتبێ یان جنۆکەی لای شەربەو کووپی ئاوەکە دەستی لێوەشاندبێ! ئاخر بۆیە ئەزانم خەڵکی ئەم شارە لەچاو جاران، فەرقێکی ئەوتۆی نەکردووە،چونکە ئێستاش هەموومان، یەکبەیەکمان، بێئەوەی کەس بەویتر بزانێ، بۆخۆمان بووینەتە

ئەو سۆفییەی لەم چیرۆکەدا تا ئەبەد وەکخۆی ناناسرێتەوەو شارەکەش شێتخانەیەکی گەورەگەورەی بەرباد..پەح!
تەمەنی هەر دە دوانزە ساڵانێك دەبوو، ئەوکاتەی لە بەشی تەویلەی یەکێ لە خانەکانی قەیسەرییەکەدا، بە پێوە وەستابوو و میزی ئەکرد، کاتێ لێبووەوە، تەماشای کرد پیاوی دراوسێ دوکانەکەی باوکی، کە دیشداشەیەکی شەکەری تۆزێك چڵکن، بەڵام تازەی لەبەر کردبوو و لەناوقەدەوە بە قایشێکی چەرمی گەورەی بەقەد پانیی لەپێك، خۆی جەڕبادابوو، بەدەم هەنگاونان و لەگەڵ ڕێکخستنی قایش و یاخە و سەرقۆڵ و شانەکانیدا، لەژێر لێو و لەبەر خۆیەوە، وتی: تفوو.. سەگی سەگباب.
ئەو ترسا، داچڵەکی و دڵی خورپەی وەبەرهات. تۆزێك خۆی دواخست، تا نزیکتر نەبێتەوە لێی. قەیرێك ڕاوەستا، بەڵام لەناکاو خاتیرەی ئەوەی هاتێ، نەکا پیاوەکە واتێگەیشتبێ ئەم هەرزەکارەش بۆ شتی تر، بێجگە لە میزکردن، هاتبێتە کەلاوەکە. "کوڕە دە چووزانم شتی تر یەعنی وەك چی؟ ئەی جا بۆ نا، ئاخر باوکانی زەمانی قەیسەریی، ئەیانزانی شتێك لە شارەکەیاندا وەك لە هەموو شارەکانی تری دونیا بووەتە باو، جێی سەرنجە، ئەو شتەی کە مرۆڤ هەرچۆنێك بیەوێ ناوی بەرێ، هەر ناچار دەبێ، بڵێی: منالبازی و بیری بۆ لای ئەو کەسانە بچێت، کە تالیبی ئەوەن. ئاخر تەویلەکانیش بە دەیان ئاژەڵی وەك ماین و ماکەرەباریی و جاشولکەی تەڕوبڕی چاوڕەشی ڕێبوارەکانی تێدا ڕاگیر کرابوون، کە ئەو سەردەمانە بەدەر لە مەبەستی کاروانچێتی بەرکەڵکی زۆر شتی تریش ئەخران، بۆیە بۆی هەبووە بەشەر گومان لەخۆیشی بکا، ئەگەر چووبایەتە ئەو تەویلەیەوەو چاوی کەسی لێوەدیار نەبووایە، بەڕاستی زەحمەتە بێئەوەی دەستێك بە تەوێڵ و پشت و سمتی ماکەرێکدا نەهێنی و هەروا بێیتە دەرێ..!

ئێستا ئەم مێردمناڵە، لەم تەویلەیەدا، بۆ هەرکامیان هاتبێ هەر خراپی کردووەو ئەبێ سزاکەی بچێژێ. ئەگەرچی مەسەلەی کەرگانەکە، هەرچۆنێك بێ ئەهوەنترێکە لەویتریان، چونکە لەوسەردەمەدا ئاماژەو نیشانەیەکی باش بووە بۆ سەلماندنی ئەوەی: کەرگێ مێردێکی باشی لێدەرئەچێ.

لەحزەی ئەم وەستان و خاتیرەیە، بیری بردە لای شتێکی تر: نەکا ئەو لەکاتی تێپەڕبوونی بەلای باوکیدا، بۆ پەردەپۆشکردنی ئەفعالە خراپەکانی خۆی، کە ماوەیەکە لای پیاوانی قەیسەریی و ژنانی گەڕەك گەرمەباسێتی، بەسەرهاتەکەی نەختێ پێش ئێستای بۆ بگێڕێتەوە. "تووشی بەزمێکیش ئەبین، ها.. ئەی وانییە؟" بۆیە بە ڕاکردن خۆی گەیاندنەوە دوکان، بۆ لای حاجی کەریم.

- لە کەلاوەکە میزم ئەکرد، سۆقی مەلەکیش لەوێ بوو، تەماشایەکی کردم و جنێوی پێدام..

باوکی ئەگەرچی زۆربڕوای بەو دەنگۆیانە نەبوو، کە بەمدواییانە لەبارەی سۆقی مەلەکەوە، ئەو پیاوەی دە دوانزە مەترێك ئەولاتر هاوسێ دوکانی بوو، بیستبوونی، بەڵام بە جۆرێك لە وریاییەوە پرسی: سۆقی مەلەك! ئەویش لەوێ بوو؟

- بەڵێ..

وەك ئەوەی بیەوێ باشتر جنێوەکە ببیستێ، ئاوا پرسیی: چی وت؟

- سەگی سەگباب..

جەختی کردەوە، لەوەی بزانێ کوڕەکەی دڵنیایە سۆقی مەلەکی هاوسێ دوکانی خۆیان بووە، بەدەر لەوەش کێ چووزانێ جنێوی بە کوڕی ئەو داوە؟ بۆیە وتی: جگە لە ئێوە، کەسی تری لێبوو؟

ئەمە پرسیارێکە وەڵامدانەوەی ئاسان نییە، ئێستا هەرکاممان لەجێی ئەو بین حەز ئەکەین بگرین. کوڕەکە پڕ بە دڵ حەزی ئەکرد، کەسێکی تریش لەوێبایەو چاویشی پێکەوتبایە، تا وەك شایەدێك ناوی بەرێ لای باوکی، کە ئەوەش باشترین بەڵگەیە لەسەر ئەوەی بەڕاستی بۆ میزکردن چووە، نەك بۆ شتی تر، بەپێچەوانەشەوە باوکی پێیخۆشبوو کەسی تری لێنەبێ، چونکە لە پاکی سۆقی و کوڕەکەی خۆی دڵنیا بوو، بەڵام لەوەش ئەترسا ئەگەر کەسی تری لێبووبێ، هاکا ئەمڕۆنا سبەینێ بوختانێك بۆ کوڕەکەی خۆیشی هەڵدەبەستری، گوایە سۆقی مەلەك لە هێنی بردووە! بۆ نا، لە ڕاستیدا ئەمە باشترین چەکێکە بۆ دەستی ئەوانەی کە ئیرەییان بە بازاڕگەرمی ئەم حاجی کەریمە دێ، ئەو پیاوەی زۆرێك لە دوکاندارە تورکمانەکانی هاوسێی ناویان نابوو (حیز ئۆغلۆ)، چونکە حاجی کەریمیش وەك هەموو ئەو کوردە دێهاتییانەی دەوروبەری شار توانیبوویان بێنە ئێرەو لەماوەیەکی کەمیشدا جێ پێی خۆیانی تیاقایم کەن.

هەروەك چۆن کوڕەکە نەیدەزانی چی بکا، ئاواش نەیدەزانی چی بڵێ؟ چونکە دڵنیابوو هەرچی بکاو هەرچی بڵێ، بەو دەمودەستەو یەکسەر لای باوکییەوە ئەنجامی دەستناکەوێ و دەبێ چاوەڕوان بێت، ئەم چاوەڕوانییەش وەك هەموو کاتێکی تر بێتاقەتی ئەکردو زۆری بۆ ئەهێنا.. ئێنجا چار چییە؟ خۆ هەر ئەبێ وەڵامێکی بداتەوە، بۆیە وتی: نا.. نازانم، ئەگەر هەشبووبێ من کەسم نەبینی، لەوانەشە کەسی تری لێبووبێ، بەڵام دڵنیام ئەوەی کە دیتم سۆقی مەلەك بوو، تەماشای کردم و جنێوی پێدام، پێیوتم: سەگی سەگباب..

کوڕەکە دەستی بۆ دوکانەکەی درێژکرد، ئەگەرچی هێشتا میلی درێژی سەعات نەگەشتبووە سەر شەش تا ببێتە نۆ و نیوی بەیانی، کەچی دەرەبانەکەی داخربوو.. بەوەشداو لە ئەنجامی ئەم پرسوجویە دەرەکەوێ، کە مەلەك دوکانەکەی داخستووە، چووەتە

تەویلەکـەوە، کـە لێبووەتـەوە، نەگەڕاوەتـەوە دوکـان، یەکسـەر بـۆ جێیەکی تر ڕۆیشتووە..
ئەگەرچـی بـاوکی، لەپێشـا حاڵەتەکـەی زۆر بـەلاوە گـرنگ نـەبوو، بەلاّم کە زانـی سـۆفی بـەم ناوەختـە ئێـرەی جێهێشـتووە، بۆیـە بـیری کردەوە، سەرودەرێکیش لەگەڵ ئەودا بکا، نـەوەك ئەمـە دنیایـە لـە هەراو سەروسەودای ڕۆژانەی بازاڕدا شتێکی لە دڵ گـرتبێ. جا بۆنـا، خـۆ کـەم نـین ئـەو دوکاندارانـەی لـەم قەیسـەرییە بچـکۆلە پـیس و تاریکەدا، لەسەر بانگکردنی موشتەرییەکان، لالوت دەبـن لـە یـەکتری و هەنـــــدێجاریش کـــــار ئەگاتـــــە لێکعـــــاجزبوون و خەرابـــــە بەیەکترکردنیش. ئەی ئـەوە نییـە حوکە بورغـول و هابـە و جەوە کوێپـــاگ و ڕەشـــەی تۆفەگـــەنم و حوســـە چـــەپاڵ، زۆر منالاّنـــە هاوپـــەیمانێتی دوو قـــۆلی و ســـێ قـــۆڵی دژ بـــە یـــەکتر ئەبەســـتن و شـەوانە گـوو لەبـەردەم دوکـانی یـەکتر ئەکـەن و چـوکڵ لـە قفڵـی یەکدیدا ئەشکێنن و دوور نییە، ئەگەر لەو سەردەمەشدا وەك ئێستا وابەئاســانیی (تــی.ئــێن.تــی) دەســتکەوتایە، دوکـانی یەکتریشـیان بتەقاندایەتـــــەوە، بـــــەوەش عـــــەیامێکی زۆر لەمـــــەوپێش قەیسـەرییەکەمان ئـەبووە ئـەو کـەلاوە بۆگەنـەی ئێسـتاو بێگومـان بەئاسـانییش ئـەمانتوانی سـەرەتاکانی سـەرهەڵدانی بـیری تـیرۆر و توندوتیژی لە شارەکەماندا بدۆزینەوە!
لەوکاتـەدا هەولێـدا لـە بـیری خـۆی بەرێتـەوە تـا کاتێـك، ڕۆژێـك، دەرفەتێك ئەرەخسێ کەلکی ئەو باسەی هەبێ، خۆ مـەرج نییـە هـەر لەناو قەیسەری و بازاڕدا قسەی لەگـەڵ بکا، ڕەنگە شـەوێك بچێتە ماڵیان، یان قەی چییەکا ئەگەر بە ڕێکەوت لە شوێنێکی تـردا چاوی پێکەوت، ئـاخر ئێستا سۆفی مەلـەك، وەك جـاران نوێـژ ناکـا، تـا بـیر لەوە بکاتەوەو نیازی وابێ لە مزگەوت بیبینێ.

*** ***

"سـەگی سـەگباب.." مـن دڵنیـام سـۆفی مەلـەك ئـەو جنێـوەی بـە کوڕەکەی حـاجی کـەریم نـەدابوو. ئـاخر تەنانـەت ئـەو لەخانەکـەدا هەر نەشیدیتبوو، ئیتر چۆن و لەپای چی جنێوی پێبدا؟
تازە وارۆیی، بۆیە ئێستاشی لەگەڵدا بێ، ڕەشۆی حـاجی کـەریم هـەر کــە قــومێ ئــاو بخواتــەوە، یەکســەر میــز تــەنگی پێهەڵەچــنێ. بەشێوەیەکی وا زەخمی دەخاتەسـەر، بەسـتەزمانە خـۆی پێڕانـاگیرێ و لەهەرکوێیەکـدا بێـت بـە پێیانـەوە بـەلی ئەکاتـەوە، هـەر کـە لێیشبێتەوە، ئەگەر بـۆ خۆیشـی بـووبێ جنێوەکەی مەلەك دووبارە ئەکاتەوە، دەنادوور نییە لە حەژمەتا دڵی بتەقێ.
ڕەشـۆ زۆرجـار ئـەڵێ: ئـەو ترسـەی بـە منـاڵی تووشـم بـوو و ترسـام، دووچـاری ئـەم دەردەی کـردم. هـەر خۆیشـی دڵـی خـۆی ئەداتـەوەو ئەنجا ئەڵێ: ئەگەر ئەم زۆر میزکردنەی من هی شـەکرە نـەبێ، ئـەوا بەپێی قسەی زۆربەی دکتۆرەکان، خـاوەنی باشـترین دوو گورچـیلەی سەر ڕووی زەمینم!

*** ***

دوو ساڵ بەسەر ئەو ڕۆژەدا تێپەڕیوە، کە چیتر حـاجی کـەریم بـیری لـەوە نـەکردەوە قسـە لەگـەڵ سـۆفی مەلـەکی دراوسـێ دوکانیـدا بکـا، چونکە دوای ئـەو ڕۆژەی لـە تەویلەکـەدا میزی کـرد، ئـیتر جارێکی تـرو بـۆ هەتاهەتایـە کـەس چـاوی پێنەکەوتـەوە. نـەك هـەر لـە دوکانەکەی خـۆی و تەویلـەی حەیوانەکانـدا نەبینرایـەوە، بـەڵکو لـە هـیچ شـوێنێکی تـری شـارو بـەهیچ شـێوەیەك دەنگـوڕەنگی بـە یەکجاریی نەما. چیدی پیاوانی قەیسـەریی و ژنـانی گـەڕەك، لـەبری ئەوەی وەك جاران مڕ لـە بێدەنگی و تەنیاییەکـەی سـۆفی بەرنـەوەو بڵـێن: لەوەتـەی ئـەو کـابرا تاریکولسـەلاّتە و ڕەشـۆ، لـە تەویلەکـەدا بینراون، ئیتر سەری خـۆی هـەڵگرت" بۆیـان ڕوون بـووەوە، کـە هـەر

ئەو ڕۆژە بە موسەلەحەکە ڕەوانەی یەکێ لە شێتخانە گەورەکانی پایتەخت کراوەو ناوی چووە لیستی سەدان شێتی تری شارەکەوە، کە لەڕاستیدا هەرگیز شێت نەبوو.

## ئەو حەلەی زەمین
## له خرپێتی خۆی بێزار ئەبێ

ئەو حەلەی زەمین له خرپێتی خۆی بێزار ئەبێ

ژیان کۆمیدیایە بۆ ئەوانەی بیر دەکەنەوەو
تراژیدیایە بۆ ئەوانەی هەست دەکەن.
"ئەرِستۆ"

عەشق ئەو گوناهەیە، کە هەریەك لە ئێمە، بێئەوەی پێبزانین، ڕۆژێك لە ڕۆژان دەستمان لە ڕەنگی پەمبەیدا نەتلْ ئەکەین و وائەزانین ئەوە مانای عاشقبوونە. عەشق گوناهە، بەلاّم لەو تەرزە گوناهانە نییە، کە ئیماندارانی ئاینە جیاوازەکان ئەیبەستنەوە بە دەسەلاّت و مەشیئەتی خوداوە، بەلْکو ئەو گوناهەیە کە بووەتە بەشێکی گەورەی نهێنییەکانی گەردوون. ئەمەیە قەدەری هەموو ئادەمییەك لە پێناوی عەشقدا، باخەکانی عەدەن جێدەهێلْی و دێتە سەر ئەرزو ئاوی کوشتن ئەرِێژێ.
سەردەمانێك گالْتەم بەم حیکایەتە ئەهات، بەلاّم ئێستا دلْنیام، زۆرباش دلْنیام، لەوەی حەقیقەتی یەکەم و دوایینی هەموو عەشقێك تەنها پەرِینەوەیە بەو پەردەدا. ئێمەی ئادەمیی تا دواکەسی نەسلمان، مەحکومین بە عەشق و ئازادیی، بەجۆرێك بەرەو ستەم و کوێرەوەریی کێشمان ئەکا، ئەوەندە باکی بەوە نییە چەنێك خراپ دلْمان ئەشکێ و چەنێك بێکەس و چەنێك سەرگەردان ئەمێنینەوە. سەرچاوەی تراژیدیای ئینسانییەت لێرەوە شۆرِدەبێتەوە، لێرەوە بیابانە وشکەکان بە خوێن تێراو ئەکرێن، بەلاّم ناکرێ حەقیقەتی تراژیدیبوونی عەشق لەیاد بکەین، ناکرێ خۆمانی لێنەبان بکەین، چونکە خۆشە مرۆڤ لێی مەعلومبێ، بەوەی تا ماوە، لەگەلْ ئازارێکا ئەژی، کە هەرگیز بیری لێنەکردووەتەوە.

★★★ ★★★

هەنووکە لێوڕێژ لە زام و پڕم لە بەدگومانی و خۆخواردنەوە. بەدگومانیم لێبووەتە نەخۆشی و زامیشم چوون نیشانەی سەر تەوێڵی ئیمانداره سوجدەبەرەکان بەلاوە پیرۆز.. چیتر ناتوانم دەستبەرداری ئەم هیلاکەتییە بم، کە پێیڕاهاتووم و ڕۆژ بە ڕۆژ ڕۆحی خۆمی پێداغن ئەکەم. توانای لێکدانەوەی ئەم هەموو کۆدو شیفرەیەم نەماوە، دەبێ ماڵئاواییتان لێبکەم و ئیدی بۆ جارێکی تر نەتانبینمەوە. بەم هەموو زام و بەدگومانییەوە، ئێرەم لێبووەتە جەنگەڵ و دەنگی قورئانخوێنێك و هاواری مەستێکی بابا و سەرگەردانم بۆ لێکجیاناکرێتەوە. گوێچکەکانم پڕبوون لە درۆ و چاوم چ هەقێکی بەسەر بینین و تەماشاوە نەماوە. بەم پایزە زەردهەڵگەڕاوەی ئیمانەوە، نە دەستم قەڵەم ئەگرێ و نە دڵم دێتە سەر ڕێ، تا هیچ نەبێ لە نامەیەکی باشتردا، نهێنی ئەم بڕیارەی خۆمتان بۆ بدرکێنم.

ئێرە جەهەننەمە، تەژی لە جانەوەرو دەعبای ناچیز. بەو چاوانەی پێمەوەن، پێشتر ڕوخساری فریشتەیەکم لە کچێکدا ئەبینی، کە نازانم چۆن خۆشمویست بۆ چی خۆشیمویست؟ کەچی ئێستا چاوەکانم تاقەتیان لەبەربڕاوە، تەنانەت نەقڵی کۆنەڕەسمی نێو ئەلبومەکانیشی پێناکرێ، ئەو ڕەسمانەی تازە بەدوا هیچ مەعنایەك بە عەشق و یادەکانی من نابەخشن.. بەڵایەکی چەن گرانە، کە ئیدی چاوەکانم فریشتە نابینن، خودا! ئەمە دوا گوڕوتینی منەو هەر بەشی ئەوەم ماوە، بە زام و بەدگومانی قوڵەوە، ڕۆشنایی وجودم خامۆش بکەم. ئیتر ژیان بۆ من شتێکی ئەوتۆی تیا نییە، تا ببێتە مایەی ئاسوودەیی ڕۆح و کەمکردنەوەی ئەم زەخمی ئازارە، بمبەخشن کە دەبێ بە پەلەو بێئاگا جێتانبهێڵم، وا من دەبمە بەشێك لە یادگارەکانی ئێوە.

# شەوی (با).. شەوی کەرتبوونی من

## شەوی (با).. شەوی کەرتبوونی من*

دەبوو ئەو شەوە کەسێك بیزانیبا من کەرتبوومە. کەرتبوونێکی ئەندازەیی سەیر: جیابوونەوەی ڕۆح لە جەستە. دەبوو ئازیزترینی هاوڕێکانم ئاگادار بکردایەوە، کە: ها.. ئەوەتا قسەی لەتەك ئەکەم بێئەوەی جەستەم لەوێ بێ، بەڵام نەمکرد..
من بووم و من نەبووم. جەستەم بەسەر قەرەوێڵەکەوە بوو و ڕۆحم لەوێ نەبوو. ئەدی من خۆم لە کوێ بووم؟ ئێستاش دەپرسم: ئاخۆ من، ئەو شەوە، شەوی "با"کە، لە پرۆسەیەکی خێرای جیابوونەوەی جەستە و ڕۆحمدا، پرۆسەی کەرتبوونی من، لە کوی بووم؟ دڵنیام زۆر دوای نووسینەوەی ئەم حیکایەتەش، هێشتا بیر ئەکەمەوەو ئەو پرسیارە لە خۆم ئەکەم و دووبارەی ئەکەمەوە: لەکوێ بووم؟ لەگەڵ کامیاندا بووم؟ جەستەم کە بێدەنگ..بێدەنگ، بێدەنگ لەسەر قەرەوێڵەکەو لە نسێی بێکارەبای ئەو شەوەی ژوورەکەدا ڕاکشابوو، یاخود ڕۆحم، کە لەولاترەوە، ئەولاترێك لە جەستەمەوە تەراتێنی ئەکرد؟ وەك ئەوەی، ئەوە باشترین فرسەتێك بووبێ تا ئازادیی خۆی ئەزموون بکا، چوون کچێکی عاشق، کە یاساکانی عەشیرەت هەر لەگەڵ باڵقبوونیدا تەماشاکردنی ئاوێنەی لێقەدەغە دەکات، ئاوا دەست لە سیمای بەرەڵابوونی خۆی بدا، ئازادییەك کە پێی مەحکومە،ساڵانێکی زۆر/کەم، هاوڕێ لەنێز لیترێك خوێن و چەند کیلۆ گۆشتێك و دنیایەك عەزابدا بیگوزەرێنێ.. چارەنووسێکی بێفەڕ!
شتەکان دوو دیویان هەیە، هەموویان وان. بۆیە هەمیشە لەسەر دوو ئاستی جیاواز دەر ئەکەون. زۆرجار تۆخ و دیار و ئاشکران و زۆرجاری تریش کاڵ و نادیار و پەنهان. هەر کاتێ، هەر ئینسانێ پەی بەو بیرکردنەوەیە برد، ئیدی بە جۆرێك لە جۆرەکان سەرەتای ئازارە جوان و ناشرینەکانی ژیان بۆ خۆی ئەژی، ئەوەتا تەنانەت ئازاریش جوان و ناشرینی هەیە، جوان وەك ئازاری عەشق و ناشرینیش: وای کە مەرگ ئازارێکی نابووتە..
ئەرێ، هەر لەگەڵ پەیبردن بەو بیرکردنەوەیەدا، مرۆڤی واهەن لەنیوەڕێدا ژیوان ئەبنەوە و چیتر هەوڵەدەن تەنها لە دیوە جوانەکەی ژیاندا بژین، ژمارەیەکی کەمتر لە کەمیش، بەهەموو کوچەو کۆڵانەکاندا لەتەك ئەو ئەزموونەدا ڕۆدەچن و لە قوڵایی ناشرینییەکانەوە تابلۆی قەشەنگی جوانی لەسەر غوباری خەیاڵ دەنەخشێنن، بەڵام هەرگیز ئێمە ناتوانین لەوە تێبگەین ئاخۆ کێ براوە یان یان دۆڕاوە، چونکە ئەو گەمە سەختەی ئەوانیش وەك

هەموو شتەکانی تر دوو دیوی لێپەیدا دەبێ و لەسەر دوو ئاستی سەیر و جیاواز، بۆ مانەوەی خۆیان یاری ئەکەن.

لەگەڵ هاژەو لرفەی بێپڕانەوەی ئەو با لەپڕ و ناکاوەی پێرێ شەوی کفری*دا، هەستم کرد ڕۆحم دوورتر لە جەستەم فڕیوە، ڕۆیشتبوو. من دڵنیام ئەو چرکە ساتانەی لەو شەوەدا، تووشی بیرکردنەوەیەکی ئاوا سادە بووم، ڕۆحم لەوێ نەبوو، لە ژوورەکەم. ڕەنگە چووبێتە پشتەوەی دەرگاکەوە، یان پێدەچێ لەودیو شووشەی ئەو پەنجەرانەوە بووبێ، کە ساڵانێك پێشتر باوکم دەیگوت: بە بلۆك هەڵیاندەچنم.. من ئەو کات نەمدەزانی (نەمدەزانی یان نەمدەوێرا؟ ڕەنگە زانیبێتم و وێراشبێتم، بەلام دڵنیام شەرمم کردووە)، بڵێم: نا.. باوکە پەنجەرەی ڕوانینم دامەخە.. تاکە دەروازەی دەربازبوونی ڕۆحم کوێر مەکەرەوە، توخوا..!

ئەو وایدەگوت: "تا دڵرەقی گوللە ویڵ و بێڕەحمەکان ئازارتان نەدەن، تا دایکتان جەرگی نەسووتێ، تا کە پیر بووم، دەورم بدەن، پەنجەرەکانتان لێدائەخەم".

ئەو شەوە جیاواز لە شەوانی دی، ڕۆحم لە شوێنێك بوو، کە جەستەمی لێنەبوو. چەند جارێك سەرم شۆڕکردەوە بۆ ژێر قەرەوێڵەکەم، کێ چووزانی نەچووبێتە ئەوێندەر! ئەگەر لەوێ بایە، بێگومان ئەوە پێش گریمانەی چوونە پشت دەرگاو پەنجەرەکە دەکەوت، وەك ئەوەی سەرەتای چاوشارکێی ڕۆحم بێت لەگەڵ جەستەمداو خۆی بۆ دوورکەوتنەوەیەکی ڕاستەقینە ئامادە بکات، ئاوا دەهاتە پێش چاوم. سەرەتای ئەو گەمە سەرشێتانەیە، کە دەمگەیەنێتە قەناعەتێك، لەوەی بڵێم: خودی مرۆڤیش دوو دیوی هەیەو لەسەر دوو ئاستی جیاواز دەژی. ئاخر قەناعەتەکە هەر هێندە نەبوو، بەڵکو دوورتر.. بە دەیان فرسەخ دوورتر لە مەسەلەی پێوەندی بە مرۆڤەوە بڕی کرد، قەناعەت بوو یان خەیاڵ؟

جیاوازی ئەو شەوە لەگەڵ شەوەکانی تردا لە چیدا بوو؟ هی ئەوەی لە دەرەوە بایەکی تووڕە هەڵیکردبوو و ژیر نەدەبووەوە، یانژی ئەوەی من کەرت ببووم و نەدەبوو تەنانەت ئازیزترین هاورێشم بزانێ؟ نەدەبوو! بۆ نەدەبوو؟

درەنگانێك و بۆ یەکەمجار دوای لەدایکبوونی نەویستانەم، کە هەرگیز پرسم پێنەکرابوو، هەستم بە نزیکبوونەوەی ڕۆحم کرد، کاتێك زانیم ئەو لای خۆیەوە بڕیاری دوورکەوتنەوە ڕاستەقینەکەی هەڵوەشاندۆتەوە، یان باشتر بڵێم: هەر لە سەرەتاوە ئەو بڕیارەی لەگەڵ خۆیدا پێنەدراوە، هێدی هێدی وەك ئەوەی هەناسەی مەلائیکەتێك لە کونە لوتمەوە ڕۆچێتە ژوورێ، ئاوا هەستم بە قورسایی و کێشی جەستەم کردەوە.. نا ڕاستتروایە بڵێم: جەستەم قورس داگەڕا، چوون ئەوەی هەناسەی شەیتانێك لە کوونە لوتمەوە وەژوور کەوتبێ، چونکە ئەو شەوە جیاواز لە هەموو شەوانی تەمەنم بیرم کردەوە، تۆ بڵێی خوا، کە هێندە لە تەنیایی خۆیدا نوقوم بووەو بەو هۆیەشەوە ئێمە نایبینین، هەموو کات لە دیوێکی ژیاندا دەر بکەوێ؟ ئاخۆ هەموو کاتێك لەسەر هەمان ئاستی خۆسەلماندنەوە ئیش ئەکا؟ یان چی؟ ئەمەش ئەو پرسیارەیە، کە بۆ هەمیشە مایەی نیگەرانیی و مالۆێرانی ئینسانەکانە..

دەبوو ئەو شەوە کەسێك بیزانیبا من کەرتبوومە. کەرتبوونێکی ئەندازەیی سەیر: جیابوونەوەی ڕۆح لە جەستەم. دەبوو دەسبەجێ ئەم ژمارەیە (..446)م، بە کۆدی سفر حەوسەد و پەنجا لێدابا و ئازیزترین هاورێکانم ئاگادار بکردایەوە، کە: ها.. ئەوەتا قسەی لەتەکدا ئەکەم بێئەوەی جەستەم لەوێ بێ، بەلام نەمکرد، چونکە

گەر گوێم لە دەنگی بووایە، دەبوو من ئەم نامەیەم نەنووسیباو ئەویش ئێستا نەیخوێندبایەوە. ئاخر گەر قسەم لەگەڵ کردبا، ئەوە کاممان دەبووین: جەستە بێگیانە، بەڵام زیندووەکەی سەر قەرەوێڵەکە، یا ڕۆحی هەراسانی ئۆقرە نەگرتووم، یان من خۆم، کە ئێستاش نازانم، لەو شەوی با-یەدا، کەوتبوومە کوێندەرێوە؟

تا شەو پتر ڕەش دەچۆوە، (با)کە تووڕە دەبوو و تووڕە دەبوو..

(با)کە، تا دەهات زیاتر تووڕە دەبوو.

★★★ ★★★

★ کفری: سەرزەمینێکە ئەو حەلەی بە چڕنووکی بۆگەنیی، شعورم بریندار ئەکا و ئەمگەیەنێتە لێواری تووشبوون بە "هیستریا"، حەزی ژیانم تێیدا خراپتر چەکەرە ئەکا، چونکە هەمیشە ئارەزوویەکی کوشندەم بە مانەوە لە نێو کارەساتە گەورەکانا هەیە.

★خەڵاتی دووەمی پێنجەمین فێستڤاڵی (ڕێکخراوی ئازادیی لاوانی کوردستان)ی وەرگرتووە.

# نازانم چۆنی بنووسم؟

## نازانم چۆنی بنووسم؟ ★

یەك:

کاغەزەکانی دڕی و فڕێیدایە ژێر پێیەوە.

کاغەزەکانی تۆپەڵە کرد و فڕێیدایە لاوە..

كاغەزەكانى گلۆڵە كرد و ئەمجارەيان دوورتر لەو شوێنەى خۆى لێيدانيشتبوو فڕێيدان..

چەندين شەو ئەمەى لێببووە خويەكى خراپ و نەيدەتوانى لەسەر شێوەو ريتمێك قەرار بگرێت، تا دواجار سەركەوت، بەلآم سەركەوتنێكى بێدەنگ، بەبێهيچ دەنگێك، هيچ دەنگێك.. هيچ.

تەنانەت خۆيشى نووسيبووى: ئيتر وايە، يان دەبێ خاڵى بين لە نەمريى، يان ئەمە چارەنووسى هەموومانە، ئاه.. چارەنووسێكى نەعلەتى.

ئاوا.. بەمشێوەيە حيكايەتى پەنهانى مەرگ دەست پێدەكات.

دوو:

چەنێك ئەو دەنگى هەڵبڕيبايە، بێدەنگى قووڵتر بە نێو دەمارەكانى ئەمدا ڕۆدەچووە خوارێ، دەيزانى كە دواجار چەشنێك لە شێتى (بێگومان بە تەفسيرى خۆى) لە كەللەى ئەم هاوڕێيەيدا ناوەناوێك هوروژمى بۆ دێنى، بۆيە باشترين هەڵوێستێك، لەو حاڵەدا، تەنها قەبوڵكردنى بێدەنگى بوو، لە ئاست كۆمەڵێك بۆچووندا، كە هەرگيز نەيتوانيبوو برواى پێبكات، بەلآم دەيزانى تاوانەكە هى خۆيەتى، چونكە پێشتر ئەو پرسيبووى: ئەرێ عەشق و مەرگ چەنديك لێكەوە دوورن؟

- بۆ؟ ئەتەوێ بڵێى ئەو دووە پێوەندييان پێكەوەيە..
- لەوانەيە، ئەوە شتێكە نكۆڵى لێناكرێ..
- چۆن؟

چونكە عەشق هەميشە پێويستييەكى هەرە مەزنى مرۆڤايەتييە. هەڵبەت ئەمە قانوونى ژيانەو كەس بۆى نييە سەرپێچى لێبكا. كوا كێ توانيويەتى بێئەوەى، ئەگەر بۆ جارێكيش بێت لە ژيانيدا، عاشق نەبووبێ و ژيابێت، ها؟ ئەمە قانونێكە ملكەچبوونى مرۆڤ لە بەردەميدا هيچى كەمتر نييە لە ملكەچبوونى لەبەردەم مەرگدا.

(گەيشتە ئێرەو هەمديس بە شپرزێكەوە كاغەزەكەى تۆپەڵە كرد و فڕێيدايە سەر تۆپەڵە كاغەزەكانى تر.. )

سێ:

دواى عومرێكى درێژ، كە جارێكى تر چاوى بە چاوى كەوتەوە، نەيتوانيبوو بەو ئاسانييە بڕوا بكات، لەوەى ئاخۆ ئەمە ئەو كچەيە، كە ئەو چاوەڕوانى بينينى بوو، يان خەونێكە وەك هەر خەونێكى ترى ئەو شەوانەى بە تەنيايى لە كونجى تاريك و تەريكى ژوورە پەرپووتەكەيدا دەيانبينێ و..

ئێستا كچەكە لە نامەيەكدا بۆ هاوڕێيەكى دەنووسێ: لەوەتەى بينيومە، شەوانە خەوم لێناكەوێ. ئەويش لە ئێوارەى نێو يەكێ لە كەلاوە هەرە وێرانەكانى شار، بە هاوڕێيەكى دەڵێ: تووشى هيستريا بووم، ئا هاوڕێم بڕواتبێ، كە بينيم تەحەموولم نەكرد، تووشى هيستريا بووم، هيستريا.

(بە خۆى گوت: چيرۆك وا نانووسرێت، بۆيە ئەمجارەش كاغەزەكەى لوول كرد و فڕێيدايە ژێر پێيەوە.. )

چوار:

هەميشە دەيپرسى، ژيان، عەشق، مەرگ و خودا.. ئەمانە چيين؟ ئەمانە چۆن پێكەوە هەڵئەكەن؟ كام هێز هەيە بتوانێ هاوسەنگى نێوان ئەمانە بپارێزێت؟ ئەو ئێستا و ئێستايشى لەگەڵ، نەيتوانى بچێتەوە سەر ڕاستەڕێگەى يەقين و وەلآمى ئەم پرسيارانە بدۆزێتەوە. شەوانە بۆ چەندين كاژێر بەسەر كورسى و مێزێكى كۆنەوە، خۆى ئەچەمانەوەو بيرى ئەكردەوە.. بەلآم حەيف، كە ڕۆژى لێهەڵئەهات: دەسبەتاڵ و مايەپووچ..

(ئەمجارەش زانى، هەڵبژاردنى وەها دەسپێكێك، سەركەوتوو نييە، كاغەزەكەى دڕى و فڕێيدا..)

پێنج:

له ژوورێکی خامۆشدا بوو، هاواری دەکرد، ئەوەندەی هاوار کرد، تا دواجار کەوتە ڕاوکردنی نۆتەکانی دەنگی خۆی، ئەو نۆتانەی کە بە نێو ژوورەکەدا بڵاوببوونەوە. بە ئەژنۆدا کەوت، گریا، ئاخر هیچ لەوانە بە نۆتەی دەنگی خۆی نەدەچوونەوە. دەیگوت: بۆچی دەبێ قەدەر هەمیشە پێچەوانەی خەیاڵی من بێت؟ بۆ دەبێ پاڵەوانێکی وا شکستخواردووم لێدەرچێ؟

(چوارەمین جارەو واهەمدیس کاغەزەکانی دڕاند و فڕێیدانە تەنەکەی زبڵەکەوە..)

شەش:

دەیزانی تێزابی گێڕانەوەی ئەو حیکایەتەی لە کەللەیدا شڵقەی دێ، هەر دەبێ کۆتایی پێبێت، چونکە ئارەزوویەکی سەرشێتانەی هەبوو لە ئەفراندن و داهێناندا، بۆیە شەوێکی کپ بوو، کپتر لە مەنگی پەڵە هەورێکی تووڕە، ئەودەمەی نایەوێ بباریٚ و کەچی لەپڕێکا ئەنەڕێنێ و بە قاروقینەوە هەموو سەرزەمین تەڕتەڕ ئەکا، شەلاڵ لە باران و شەلاڵ لە بۆن و بەرامە.. شەوێك کپتر لە ونبوونی باڵندەیەکی کێوی لە نێو باخچەیەکی شووشەییدا، کپتر لە گەڕانی ماسییەکی سوور لەنێو حەوزێکی بازنەیی بچوکدا، کپییەك لەوانەی مرۆڤ تێدا هەست بە هەناسە تەنگی ئەکا، لەو شەوەدا، کە بەرەو ژووری ژمارە سیانزەی نهۆمی دووەمی باڵەخانەکە سەرکەوتم ، بینیم: خوێن لە ژێر دەرگاکەوە دەزولەی بەستووە.. بە ماوەیەکی کەم پێش گەیشتنی من ئەو چیرۆکەکەی بەمشێوەیە تەواو کردبوو: "سەری کەوتبووە سەر مێزەکە، بێئەوەی سیمای شێوابێ، پەڕەکاغەزە سپییەکەی بەردەستی لە گۆمیچکەی خوێنێکی لێڵدا دەبغ ببوو، هەرچۆن تەماشای ڕەنگی ئەو پەڵە خوێنەم ئەکرد، حیکایەتی شەرم و تەریقبوونەوەیەکی ئەبەدییم لە قەترەکانیدا ئەخوێندنەوە، هەروەك جۆرێك لە کامەرانیم ئەبینی، چونکە ئازارەکانی ناو ڕۆحی بۆ یەکجاریی لەو جێفیشەکەوە لەگەڵ یەکەم فیچقەو بڵقەی خوێندا فرتەیان کردبووە دەرێ".

ئارام ئارام، لە سوچی چەپی خوارەوەی پەڕەکە، بە خەتی شکستی فارسی نووسیبووی: چۆنی بنووسم؟

★★★

★پێشتر لە ماڵپەڕی (کلاوڕۆژنە) بڵاوبووەتەوە، واجارێکی تر لێرەدا بەهەنیٚ دەسکارییەوە بڵاودەبێتەوە.

قەسەم بە ئاسمان، سنووری پەنهانییەکانی نێوانمان،
نێوانی:من و من، من و تۆ هەیە بشكێنم و
ببەزێنم و لەوسەرێڕا چوون تەکانی تینوو بەرەو سەراب
بە هەڵەداوانێ بگەمەوە باوەشت..
قەسەم بە ئاسمان، هەرچی پەردەی نهێنییەکان هەن،
ئەیانبەمەوە، بۆ لای ئەو دوکانداره نەعلەتییەی بە مناڵی
لەگەڵ باوکم، پێکەوە لێمان کڕی..
لەبیرم ناچێ، سەڵاوی تۆی پێئەگەیەنم و
ئەڵێم: ئێستا من پیاوێکم پەردەکان ئەمکوژن،
چیتر حەزم لێیان نییەو بفەرموو بۆ خەزێنەی خۆتیان بەرەوە!

★★★ ★★★

من، خاوەنی یەکەم و دوایەمین عەشقی دۆڕاوی دونیا. هەموو ئێوارانی ڕۆژانی هەینییەك دەچوومە گۆڕستانەکەی شار. ئەوەی کە پڕە لە ئاوات و خولیاو خەونی هەزارەها حەکایەتی عەشق و خۆشەویستی دۆڕاو. من ئەچوومە قەبرستانەکە، بێئەوەی کەسێك هەبێت، لەم دونیایەدا پێیزانیبێتم. ئەوکات هەرکەس گەنجێکی وەك منی دیبا، کەمیان نەبێ، زۆرینەیان هەر بە تازە مەشروبخۆرەکانی شار تێمدەگەیشتن، ئەو مەشرووبخۆرانەی کە ئێستایش و هەزار ساڵی تریش، زانستێك دانایێ تا ئازارەکانیان، خەونەکانیان تەفسیربکا. هەڵبەت لەو کاتانەشدا شار بێڕەحمە لەبەردەم ئاشکرابوونی نهێنی ئینسانەکان. ئاخر بیرت نەچێ، چوونە سەرقەبرانی ئەوکاتانەم، جۆرێك بوو لە یاریکردن لەگەڵ ئاگردا، چونکە ئەوکات کوڕی بنەماڵە و عەشیرەت و خانەوادە شەرافەتمەندەکانی مەملەکەت بووم، نەدەبوو لەو جۆرە شوێن و کاتانەدا ببینرێم، ئەگەر من بشمخواردایەتەوە، دەبوو لە گەعدە

## وەك هەر عاقڵێك
## گومان لە شێتبوونی خۆم دەكەم

**وەك هەر عاقڵێك،**
**گومان لە شێتبوونی خۆم دەكەم***

پرشکۆکانی ماڵەوەدا دابنیشم، ئەو گەعدانەی قاقای پێکەنینە بێتامەکان و نوکتە بێسەروبەرەکانی پیاوانێك دەیڕازاندنەوە، کە دەست لەملانێی کورسییە بەرزەکانی دەسەڵات بوون. من قەسەمێکی ئەبەدیم بە ئاسمان خواردبوو، بەوەی هیچ نهێنییەکم نەبێ تۆ نەیزانی، هەروەك سوێندیشم خواردبوو لەوەی بەدەر لە خۆم کەسێکی تر نەبێ بزانێ ڕۆژێك لە ڕۆژان منیش عاشق بوومە! ڕەنگە ئەمەش پێوەندییەکی قووڵی بەو شەرمە نەعلەتییەوە هەبووبێ، کە هەر بە منداڵیش نەیدەهێشت وەك کورانی دیکە لە کچە هاوڕێکانی قوتابخانەم نزیك ببمەوەو گەمەو ماقڵەیان لەتەك بکەم. ئەگەرچی ئەم شارە عەشقکوژە، ئەم شارە نەفرەتییە هەر زوو عەشقی کوشتم. ویستم بڵێم: هەر بە منداڵیش جۆرێك لە عەشق و خۆشەویستیم بۆ تۆ هەبووە، بێئەوەی پێیبزانم. بێگومان تۆیش هەر پێتنەزانیوە، بۆیە دڵم نەدەهات لە بێتۆییشدا لەگەڵ هیچ کچێکی تردا تەنانەت بززەیەکیشم لێوەبێ.

★★★ ★★★

دوای ئەوەی لەسەرەتای هاوینی ئەو ساڵەدا، کە بە ڕێکی بیرم نەماوە کەی بوو، یادگارییەکانمان بە ئاگری دوورکەوتنەوەیەکی ناچارانە سپارد، ئیتر ئەم حیکایەتە بە ئازار و ژانەوە دەستی بە گێڕانەوەی خۆی کرد. هەڵبەت تۆ گوناهی هەموو ئەو تاوان و سووتانە ئەخەیتە ئەستۆی من و منیش وەك هەموو کاتێکیتر قبوڵمە، بەلام بیرت نەچێ، کە دەستگەڵێك لەپشتەوەی بڕیارە چارەنووسسازەکانی نێوان من و تۆوە، ئامادەییان هەیە و هەبووە، ئەو دەستانەی کە نازانرێ ئاخۆ شەیتانی یان خواییبوون، ئێستاش نهێنی ئەو دەستە نەعلەتییانەم بۆ ئاشکرا نەبووە، بەلام دڵنیام ئەوە عونسرێکی بەهێزی ئەو کیمیایە بوو، کە لە سێینەی (گۆڕستان/ عەشق/ شێتبوون) پێکهاتبوو.

من بۆ خۆمیش بە تەواوەتی لەوەی دەیڵێم تێناگەم، چونکە هێشتا کاریگەریی و ڕەنگدانەوەی سەختی ئێوارانی گۆڕستانەکەم لەسەر ماوە. ئەو ئێوارانەی بە تەنیا، دەچوومە سەرقەبران و فاتیحام بۆ یەکەم عەشقی سوتاوی خۆم دەخوێند. لەسەرەتادا وەك ڕێگەیەك بۆ خۆهەڵخەڵەتاندن دەستم پێکرد، بەلام دواتر وردەوردە بوو بە ئەرکێك بەلامەوە، کە ڕێگای گەیاندمەوە سەر ئەوەی وەك سرووتێك بۆ عەشق تێیبڕوانم، بۆیە بەوەندە دانەئەسکنام، بەڵکو دوای فاتیحاخوێندن، وەك حەیوانێکی بریندار، کە گەردوون زاڵمانە توانای قسەکردنی لێسەندۆتەوە، دەستم دەکردە گریان، دەگریام و هێند دەگریام ئێستایش کە بیری لێدەکەمەوە، چاوانم دێشێ و گەرووم وشك دەبێ، هەندێجاری دیکەش لەو ئێوارانەدا تێرتێر بە تەنیایی خۆم پێدەکەنیم، ئەو تەنیاییەی لەگەڵ خۆیدا لرفی ئەدام و تێوەی ئەگلاندم و دواجار لە کۆلانێکی تەنگەبەری شاردا فرێی ئەدام.

دەگریام و پێدەکەنیم، بۆ ئەو عەشقەی بێئەوەی بمەوێ، دڵنیام بێئەوەی تۆیش بتەوێ، دۆڕاندم، یان پێدەچێ باشتربێ ئەگەر بڵێم: ئەو گەمەی کە یەکەم دۆڕاو و دوا دۆڕاو و تەنیا دۆڕاوی من بووم و بەس، من و هیچ کەسی تر، هیچ کەس..

★★★ ★★★

ئەو ئێوارەی گۆڕهەڵکەنەکان هاتبوونە ئەوێ تا گۆڕێك بۆ گەنجێکی بیست و سێ ساڵەی قاچاغچی ئامادە بکەن، بە بێهۆشی دۆزییانمەوەو بۆ دواجار هەموو شتێك کۆتایی هات. بەڵێ هەموو ئەو گریان و پێکەنینە سەیروسەمەرانەی لەو قەبرستانەدا من

دوای فاتیحاخوێندن ئادام ئەکردن، بێئەوەی بزانم فاتیحا یەعنی چی، لەو ئێوارە غەمگینەدا کۆتاییان هات، بەڵام قەدەر دەستی گرتم و لە شوێن و زەمانێکی تردا دەستی پێکردمەوە. ئەویدەم باوکم و هەر چوار براکەم، بە سەختترین قۆناغەکانی شەڕی ناوخۆوە سەرقاڵبوون، کە دواترو تا هەنووکەش هیچ هەواڵێکم نەبیستەوە لەبارەی باوکم و سەرجەمی ئەندامانی خانەوادەکەشمەوە، چوون ئەوەی دەستیان لێهەڵگرتبم، نا پێدەچێ لەلایەن یەکێ لە هێزە بەشەڕهاتووەکانەوە، نمونەی ئەو دەیان خێزانەی دیکە، کە بەنزینیان بەسەردا کرا و سوتێنران، ئەوانیش ئاوا سووتێنرابن! بۆیە دوای ئەوەی گۆڕهەڵکەنەکان دەمبینن و هەڵمدەگرنەوە چەشنی بێکەسترین کوڕی دونیا، تەواوی جوانی عومری خۆم لە یەکێك لە شێتخانە گەورەکانی وڵاتدا بە شێتی بردەسەر، بەڵام من ئێستاش هێندە هۆشم هەیە تابتوانم وەك هەموو عاقڵێك، گومان لە شێتبوونی خۆم بکەم.

★★★ ★★★

من دەمزانی شێت نیم، دەمزانی هیچم نییە، دەمزانی لە هەموو عاقڵێك بەعەقڵترم، بەڵام هەموو ڕەفتارو کردارێکم بەلای ئەوانی دیکەوە، چوون شێتێك دەچووەوە، ئەوەش گرفتی بۆ خوڵقاندبووم، وایکردبوو بەڕێوەبەری شێتخانەکە، کە دکتۆرێکی قژبژی تەنگە قەوی باڵاکورت بوو هەستی کردبوو، شێتییەکەی من لەهی هەموو شێتەکانی دیکە جیاوازترە، بۆیە ڕێك وەك مشکی تاقیگەکان مامەڵەیان لەگەڵ دەکردم و دەیانجار دەیانبردمە تاقیگە تایبەتەکانی خۆیانەوەو قسەیان لەگەڵ دەکردم، دەیان ڕاپۆرتیان لەسەر ئامادە دەکردم، لەم هۆڵەوە دەیانگواستمەوە بۆ هۆڵێکی دی، دەیانبردمە لای ئەو خوێندکارانەی لە زانکۆ شرۆڵەکانەوە دەهاتن و نازانم چییان لەبارەوە ئەنووسیم. بەڵێ خوێندکاری ئەو زانکۆیانەی لەبەر بێئاویی دەبلیوسی بەشەناوخۆییەکانیان، دوای گووکردن بە بەرد قوونی خۆیان ئەسڕی! بەهەرحاڵ چونکە من هەرجارەی بەشێوەیەك ڕەفتارم ئەکرد، بۆیە باشترین نمونەو چاوگەی دەرسخوێندن و تاقیکردنەوەکان بووم. هەموو هەوڵێکیشم بۆ پێناوی ئەو سوێندە لەعنەتییە بوو، کە نەدەبوو بە هیچ شێوەیەك سازشی لەسەر بکەم، تەنانەت لەگەڵ خۆشمدا. من بڕیارمدا بوو، من سوێندێکم بڕیبووەوە، کە ئێستاو ئەوجاو بۆ هەتاهەتایەش پێوەی پابەندم و دڵنیام لەگەڵ ئەوەشدا تەنیاو بێکەڵکترین گوناهباری سەر زەمینم، لەو دونیاش، بێئەوەی حیسابێکم لەگەڵ بکەن، لێمخۆش دەبن، چونکە لەم ژیانەی ئێرە، سەرم لە هەموو یاساو قانوونەکان شێواندووە، تەنها لە پێناوی سوێندێکدا، کە ڕۆژێك لە ڕۆژان بۆ تۆم لەگەڵ خوادا بەستبوو.

★★★ ★★★

هەمیشە پێمخۆشبوو ئەو کچە خوێندکارە بێتە لام، کە شێوەی لە تۆ ئەچوو، بەڵام ئەوە تەنها جارێك بوو و ئیدی بەهیچ شێوەیەك بینینەوەی دووبارە نەبوویەوە. خۆ ئەگەر بشمدیبایەتەوە، بێگومان ئەم شەرمکردنە پیسەی من، ڕێی پێنەئەدام هیچ نەبێ تۆزێك بە ئاشکرا تەماشای تەڕیی چاوەکانی بکەم، ئەمەش بەهۆی هەمان ئەو دەردەی هەر بە مناڵی کەڵپەی لە ڕۆحم گیر کردووە، هەمان فلیم، هەمان تاعونی ڕەشی ناو دەروونم. شێتییەکەی من تەنیا ئەوەندە بوو، ئامادە نەبووم، بە هیچ شێوەیەك سوێندێکی ئەبەدی بشکێنم. یەقینێکی کۆتام بە خۆم و بەو سوێندەشم هەبوو، کە لەگەڵ خوادا بۆ تۆم بەستبوو، تکایە کە ناوی خوا دێنم بەهەڵە تێمەگەن، چونکە ئەو کاتانەو ئێستاش من خودام لەڕێگایەکی ترەوە

دۆزیبـووەوە، بۆیـە بەشـێوەیەکی جوایـەزیش ئەمناسـی، خوایـەك جیاواز لە هی ئەوانـەی ئامـادەبوون لـەو سـەردەمەدا هـەموو شـتێك بکـەن، بۆئـەوەی ڕێکخراوێکـی خێرخـوازی ئیسلامیی، دوو قووتـوو ئاوتەماتە یان چوار سەلك سابوون زیاتریان بداتێ.
من سوێندەکەم نەشکاند، بۆیـە ئـەوانیش ئامادەنـەبوون لـەو شـوێنە نەگریسە بمکەنە دەرێ. ناچار لەوێیش هـەموو ئێـوارانی هەینییـەك دەچوومە سووچێکی ئـەو هۆڵـەی مـن و دەیـان شـێتی لێبـوو و وەك ئەوەی لەسـەر قـەبران بم، هـەمان ئـەو سـروتەم ئـادا ئـەکردەوە، کە پێش ئەوەی چارەنووسم بگاتە ئێرە، بـە تـەواوی ئیمـانم پێهێنـابوو.
ئەو کاتانەی دەگریام، شێتەکان هەموو، بە دەنگی بـەرز پێدەکـەنین، ئـەو کاتانـەش پێبکـەنیبام هـەموویان شـیوەنیان گـەرم دەکـرد، وەکئـەوەی لـە گریانەکـەی منـدا، جوانترین هیـواو ئـاوات بـۆ ئـەوان لەئارادا بێت و بە پێچەوانەشەوە پێکەنینـەکانم هەمبانـەی هەرچی دڵتەنگی و نارەحەتییەکی دنیا بێت، ئاوا دەهاتە پێش چاو.
ئەو حاڵەتە وایکرد، دکتۆرە چاو شینەکە، وەك خۆی جارەجارە بە دکتۆرەکـانی دیکـەی دەگـوت و مـن خـۆمم لێکـەڕ ئـەکردن، گوایـە تێناگەم و گوێم لێنییە چی ئەڵێن، هەست بە شتێك ساغی لەمندا بکات. ئا.. ئەو دکتۆرەی کە تـەنیا ئـەو، هەنـدێجار پیاسـەی باخچە بچـووکەکەی لەگـەڵ دەکـردم، هەرچـەن لەهـەوڵی ئـەوەدا بـوو، سەرەداوی مەسەلەکەی بکەوێتە دەست، بـەڵام بێفایـدە بـوو، چونکە هەمیشـە لـە دیـدی ئـەودا زۆر لـەوە بـە هێزتربووم، تـا بتـوانێ بـەو هەموو هێمنییەی خۆییەوە، هیچ قازانجێك لە قسەکانم بکات.
دکتۆرە چاوشـینەکە، پیـاوێکی تـابڵێی لەسـەرخۆ، وەك ئـەوەی خـودا لـە بێـدەنگی خـۆی بەشـی دابـێ ئـاوا، بـەڵام چـونکە پێشـتر مـن پـەلاماری دیوارەکـانم دابـوو و سـەری خـۆم پیاکێشـابوون، بۆیـە ئەویش زیاتر سـڵی لێدەکردمـەوەو نەیدەویست ئەوەنـدە ختووکـەی ڕۆحم بدا، سڵی لـەوە ئـەکردەوە نـەوەك بـەو ڕەفتـارە ماسۆشـییانەم زیانێـك بـە خـۆم بگەیـەنم. ئـەو چـوو بـوو، ئەوەنـدەی هێمنییـە ڕاستەقینەکەی خۆی، بە دووقات زیاتریش، هێمنی و لەسـەرخۆیی و دانپێداگریی لـە دکتـۆرە ڕەفیقـەکانی خـۆی قـەرز کردبـوو، تـا خـۆی گوتـەنی بتـوانێ، هاوسـەنگی گفتوگۆکـانی لەگـەڵ عـەجایبترین شێتەکانی دونیـادا ڕابگرێ. ڕۆژێکیـان پێمـوت: ئـەزانی هـۆی خـراپ مامەڵەکردنی دکتۆرەکـانی دیکە لەگەڵ ئـەم شـێتانەدا، هۆکارەکـەی تۆی؟
سەری نەسورما، چونکە ئەم جۆرە قسانەو هی سـەیرتریش لـە هـەر شێتێك بڵێی چاوەڕوان دەکرێ، بۆیە پرسی: چۆن؟
- ئاخر تۆ ئەچی هێمنی و ویقار لەوان بە قـەرز وەرئـەگری، بـەوەش ئەوان هیچیان پێنامێنێ و ئەچنە قاڵبی دڕندەوە!
*** ***
دەرنەچـوونم لـەو شـێتخانەیە، بێڕەحمـی مرۆڤـی بیرئەخسـتمەوە، مرۆڤ لـە بێـدەنگی یـەکتر تێناگـەن، بـا کـوڕی یـەك دایـك و بـاوکیش بـن، بۆیـە ڕۆژبـەڕۆژ باشـترو زیـاتر عـادەتم بـە بێدەنگییـەکی کوشـندەترەوە دەگـرت، جـاری واهـەبوو بـە هەفتـە ورتـەم لێـوە نەدەهات، بەڵام هەموو هەینییەك دەبوو ئـەو بێدەنگییـە بشـکێنم و بچـمە سووچـێکەوە، سـرووت و مەراسـیمەکەی خـۆم ئـادا بکـەم، سرووت و مەراسیمی تایبەتی خۆم، لـەپێناو عەشقی سوتاوی تـۆدا.
لەو ڕۆژانەدا، کە متتەقم لێوە نـەدەهات، هەنـدێجار وەك قریشکەی زامدارێك لە چۆڵەوانیدا، یان چوون نەڕەوناڵەی پڵنگێکی پـیر پـیری بێـدەرەتان، سـۆزێك لـە دڵمـەوە سـەری ئـەکرد، بەوەشـدا هـەموو چاودێرو دکتۆرو کارمەنـدانی شـێتخانەکە، دائەپـەڕین و بـەرەو ئـەو ژوورەی منی لێبووم، بە هەڵەداوان دەهاتن.

لەو شوێنە دەرنەچووم، بەڵام ساڵانێك دوای ئەوە تێگەیشتم، كە ئەوە مرۆڤە بە شوێنەوە پابەندەو خۆی پێوەگرێ ئەدا، نەك بەپێچەوانەوە. ئیتر ئەو چارەنووسە لەكۆڵم نەبووەوەو زۆرخەتەرناك ئازاری ڕۆحی ئەدام، ئەو بێدەنگییەی جارنەجارێك بەو هاوارو نەڕەوناڵەو قریشكەیە دەمشكاندن، دەرهاوێشتەیەكی زۆر ئاشكرای ئەو ئازارە بوو، كە من دەمچەشت و خودایش ئاگای لێمبوو، بەڵام نەیدەویست فێری سوێند شكاندنم بكات.

★★★ ★★★

تكایە تۆ ئێستا لە هەر كوێیەكی، بڕوا بەم حیكایەتە بكە، بەڵام چاوەڕوانی ئەوە مەبە بتوانی وەك تێكستێكی ئەدەبی بیخوێنیتەوەو هەڵسەنگاندنی بۆ بكەی، چونكە ئەمە حەقیقەتێكە، ساڵانێك خۆمم پێوە وێران كرد، ساڵانێك بێئەوەی ئارەزوو بكەم، بووم بە پاڵەوانێكی دۆڕاو، پاڵەوانێك كە چ ئومێدێكی بە ژیان نییە، بەوەش ژیانی من چ مانایەكی تیا نەماوەتەوە، تا بتوانم پەناو پەسێرێكی تیا بدۆزمەوەو ڕۆحی پەژموردەی خۆمی پێبسپێرم. هیچ لەوە حیزانەتر نییە لەخوتوخۆڕا ببیتە پاڵەوانێكی تێكشكاو ئەمە سەخیفترین مەعناكانی ژیانە، كە دواجار هەموو پاڵەوانێكی دۆڕاو هەستی پێدەكاو پێستی لە پێستی دەخشێ و ئازارەكانی ئالۆوشبوونی بە تۆخی دەچێژێت، ئەمە ڕەفتارێكی نەفرینكراوی ژیانەو منیش یەكێك بووم لەو شێتە بێعەیبانەی ناچاربووم عەزابەكانی تاسەر ئێسقان بەرگە بگرم و قبوڵی بكەم.

★★★ ★★★

- دواتر لاڵ بووم، ئیتر بۆ هەمیشە بێدەنگیی بوو بە ناسنامەم.

- ئازاری ترم هەیە، بۆتی بگێڕمەوە، بەڵام ببەخشە ئەمڕۆ هەینییەو ئەبێ سروتی عەشق بۆ تۆ ئادا بكەم.

★★★

★پێشتر لە ماڵپەڕی (كلاوڕۆژنە) بلاوبووەتەوە، وا جارێكی تر لێرەدا بە دەسكارییەوە بلادەبێتەوە.

# ئارەزووی ئاگر، بۆ لە ئاوا خنكان

ئارەزووی ئاگر، بۆ لە ئاوا خنكان*

یەك:

بێئاگا لەوەی چیرۆکەکانیش پێیەکیان بە سەختی لە نێو مەرگدا چەقیوە، هەمیشە ئەو ڕستەیەی بەسەر زارەوە بوو، دەیگوت و دەیگوتەوە، تا ڕۆژێك هات و خۆی پێتەواو کرد: "دیویێکم خەیاڵەو ئەویترم مەرگ"..

گەردوون لە سووڕی نەبڕاوەی خۆی بەردەوام بوو و ئەویش لەسەر هەمان بیرکردنەوەی خۆی تیژتر و بەگوڕتر دەبووەوە، بێئەوەی هەست بکات، ئەم یارییەی ئەو، لەگەڵ وشەو ڕستەو ماناکاندا، جۆرێکە لە دوورکەوتنەوە لە ئازارەکانی تەرزە ژیانێك، کە نەویستانە ناچارە تیابژێ. ئەرێ.. تیابژێ و گشت نەهامەتیی و دەردەسەرییەکانیشی بە قووڵی ئەزموون بکا. نهێنی ئەم تێفکرینە بەلایەوە، دواتر دەبێتە یەکێك لەو هۆکارە گەورانەی، کە پاڵ بە پشکۆوە دەنێن، تا لەودیو دەریاکانی مەرگەوە، لە نێو بەهەشتەکانی شەوانی تەنیاییشدا نەگیرسێتەوە. ئەو دەریایەی باکی نییە لە قووتدانی خەونەکان و ئەو بەهەشتانەیش، کە نەیگەیشتێ و خەونی ئەویش وەك هەزاران خەونی دیکە، بە نەزۆکی هات و چوو. خەونی هەژارانەی گەنجگەلێك، کە تەنانەت مێژوویش زۆر زاڵمانە، سووچێکی بۆ تەرخان نەکردن، تا لە دەفتەرەکەی خۆیدا تۆماربکرێن.

ئاخر دەستبردن بۆ سووتووی دوای ئاگرکەوتنەوە گەورەکان، دەستبردنە بۆ بەرۆکی مەرگێکی حەتمی، یان باشترە بڵێم: جۆرێکە لە ئامێزگرتنی مردن. من باسی سووتانی ڕۆح ئەکەم، کوا چ سووتانێك ئەوەندەی گڕی بە گوڕی ڕۆحی ئینسان، لە دوای خۆی سووتووی پڕ لە ژان و ئازار جێدەهێڵێ؟ کامە سووتانە ئەو نێڵەو بڵێسەی هەبێ، کە سوتانی ڕۆحێك دوای پژان و ڕژانی پڕ زەحمەتی، پریشکی لێدەگاتە لای عەرشی عەزیم؟

ناوی پشکۆ، لەگەڵ ئەو ڕستەیەی کە هەمیشە بەسەر زارییەوە بوو، پێکەوە تەلیسمێکیان دروستکردبوو، کە خەڵکی پێیانوابوو، تەلیسمێکە بەرەو سەرلێشێوان، بەرەو خۆوێرانکردن، بەرەو چارەنووسێك ئەوسەری بە ئاسانی لە هەموو کەسێکەوە دیار نەبوو، چونکە دەمێك بوو ئەو مەملەکەتە لەگەڵ مەرگدا ژیانی دەکردو زۆرئاساییانە هەڵی دەکرد، بەڵام ئەوەی ئەو مامەڵەکردنێکی زۆر سەیر بوو، دەگەڵ سووتووی پاش ئاگرکەوتنەوە گەورەکان، سووتووی پاش هەڵوەشانەوەی ڕۆحە پڕمەینەتییەکان.

خەیاڵ، سووتانی ڕۆح، مەرگ و تەلیسم و..تد، کۆمەڵێك وشە بوون، کە هەرچۆنێك ڕێزت کردبان، هەر ئەنجامێکی سەیری لێبەرهەم ئەهات، کۆکردنەوەو دابەشکردن و لێدەرکردنی دەیان جارەی جیاجیا هیچی لەو ئەنجامە نەگۆڕی کە وای لە پشکۆ کرد، کەڵکەڵەی سەفەرێك بەرەو نادیار لە کەللەی بداو ڕێگای بەرەو ونبوون بگرێتە بەر. ونبوون و تەسلیمبوون بەو قەدەرەی کە جۆرێك لە ئارەزوومەندی تێدا بوو.

سێ:

ئێرە دۆزەخە.. تێئەگەی هاوڕێم، دۆزەخ یەعنی چی؟ ها.. کوردی ئەزانی؟ دۆزەخ یەعنی جەهەننەم، جەهەننەم.. ئا، ئەو شوێنەی کە هەموومان دەبێ بیژێین، دەبێ ئەگەر بە حەرام بووە یان حەڵاڵ تامی سێوەکانی بکەین، دەبێ بێڕەحمانە بۆنەکەی بە نێو دەمارە ماندووەکانی جەستەماندا بێت و بچێت و هەرچی خانەی لاشەمان هەیە داغن و کاس بن لە حەژمەتا، پزیسکی ئازارەکانی بێهیچ سانسۆرێك بەنێو موولوولەی سەر پێڵوی چاوماندا ڕۆچێتە قوڵاییەکانییەوەو بیچێژین.. بۆیە من کەڵکەڵەی جێهێشتنی ئەم دۆزەخە لە کەللەی داوم، ئێرە شارێکە هەر کە ناویم بەرگوێ دەکەوێ هێڵنجم دێ.. حەز ئەکەم بڕشێمەوە.

چوار:

دوای ئەو سەفەرەی لە شەوێکی درەنگی وەرزی پایزدا بڕیاری لەسەرداو لە بەرەبەیانێکی زووی هەمان وەرزیشدا ملی ڕێگەکەی گرتەبەر و ڕۆشت، ئیدی هیچ هەواڵێکی بەدواوە نەبوو، ئەوە نەبێ هەموو کەس گومانی گەورەیان لەوە بوو، وەك هەزارانی تر لەگەڵ شەپۆلی سەختی دەریاکاندا ڕۆیشتبێ و بەرەو دواهاتنەوەشیان بە مەحاڵ دەزانی. خۆ هەروایش دەرچوو، وەك خەڵکی دەیانگوت: هەرکێ ناشکور بێ و فێری ئەو قسانە بێت و لە وەخت و ناوەختا دووبارەیان بکاتەوە، ئەنجامەکەی هەر دەگاتە ئەو چارەنووسەی پشکۆ چەشتوویەتی، کە بەبڕوای ئەم مێگەلە هیچ کەسێك نییە حەزی لەو چەشنە چارەنووسە بێت، یان تەنانەت گوێبیستیشی بێت. ئەو سەفەرەی پشکۆ و هەزاران گەنجی تری ئەم شارە ملی ڕێگەکەیان گرتەبەر، تەنیا ڕۆحێکی لێبەجێما، ئەو ڕۆحەی دوێنێ شەو لە کابوسێکی نەگریسدا هاتە لام و هەموو شتێکی بۆ گێڕامەوە.

پێنج:

کاتێك یەکێك لە هاوڕێکانی بە گریانەوە ڕووداوەکەی دەگێڕایەوە، کەسێك نەبوو لەبەردەم هوروژمی فرمێسکدا خۆی ڕابگرێ.

"چەندێك هاوارمان کرد: پشکۆ.. نەکەی، کە لێرە، لەم دەریا بێڕەحمە بپەڕینەوە، ئیتر ئەوبەر بەهەشتە.. نەکەی پشکۆ، ئێمە تەنیا هەنگاوێکمان ماوە بۆ بەهەشت، بە جوانیت قەسەم، ئەو دۆزەخەی لێیهەڵهاتووین لە دوای خۆمانەوە جێیمانهێشتووە، ئەوەتا کەسمان بۆنی ئاگرمان لێنایە، ئیتر لەم دەریا بەولاوە سەرزەمینێکە لە بەهەشت.. پشکۆ، تەنیا هەنگاوێکمان لەبەرماوە، تا بەیەکجاری دۆزەخ بە ئازاری هاوڕێکانمانەوە بە خوا بسپێرین، ئەو هاوڕێیانەی کە ئێستاش ناوێرن بیر لە جێهێشتنی سووتان بکەنەوە، ئەوانەی چاویان هەڵنایە، تا تەماشایەکی بە سووتووبوونی ڕۆحی خۆیان بکەن، پشکۆ ئامان.. نەکەی.. پشکۆ.."

بەڵام وەك ئەو دەیگێڕایەوە: "چونکە ئەو کوڕە بەشێکی لە ئاگرەوە هاتبوو، هەمیشە حەزی بەوە بوو، جارێکی تر بچێتەوە ئامێزی ئاگر.." سەیرە چۆن لە نێو دەریاشدا ئاگری دۆزییەوە؟

"چەندێك لە لێواری قەیاغەکە ڕامانکێشایەوە ژووری، بەڵام وەك ئەوەی ئێمە لەگەڵ بەدمەستێکدا قسان بکەین، وەك ئەوەی لەگەڵ منداڵێکدا ورکەی لە یارییەك گرتبێ و کەسیش نەتوانی مەنعی بکا، وەك ئەوەی بەتەنیا هێزی هەموو گەردوونی بۆخۆی بردبێ، ئاوا هەوڵەکانی ئێمە بۆ دەربازکردنی چ سوودێکیان نەگەیاندێ، چونکە هەر زوو تەکانی دەدایەوە لێواری..."

نەیدەتوانی لە گێڕانەوەی حیکایەتی مەرگی پشکۆ بەردەوام بێت، یەکسەر دەیدایە پرمەی گریان و دوای ئیستێك لە وەستان و بە پشتە دەستی فرمێسکەکانی دەسڕی، دەیگوت:" ئاخر من تا ئەو کاتە نەمدیبوو بە بەرچاومەوە کەسێك ڕۆحی دەربچێ، نەمدیبوو بە ئاسانی ئینسانێك دەستی لە دەستم بەربێت و بکەوێتە نێو دەریایەکی بێسەروبەرەوە، دەریایەك کە خواوەندیش کاتێك دروستی کرد، نەیزانی بەو دەرەجەیە، بەرامبەر عەبدەکانی خۆی سڵە دەرئەچێ. من دواکەس بووم، کە دەستی بە دەستمەوە بوو و لاشەی کەوتبووە سەر شەپۆلی سەختی ئاوەکە، ئەگەر دەستی لە دەستم نەبووایەتەوە، ئەگەر منیش لە ڕەگەزی ئاگر بووایەم، ئێستا شایەدێك نەبوو ئەم مەرگەساتە بگێڕێتەوە .."

شەش:

کە لە خەو ڕابووم، جەستەم شەڵاڵ لە عارەقەی ترسێکی بێسنووردا غەرق ببوو، دەمزانی ئەوەی من دەمەوێ بیکەمە چیرۆك، بەقەد ئەوەی کەس بڕوای پێناکا کۆنە. بۆیە هیچم پێنەکرا بەدەر لەوەی

لە دوارِۆژی هەفتەدا، لە لاپەرِەیەکی نوێی دەفتەری یادەوەرییەکانمدا نووسیم: "پشکۆ.. ئەو کورِەی بەشێکی بە قوڵی لە نێو ئاگردا بوو، خۆی دایە دەست قەدەری خەیاڵێکەوە، کە چارەنووسی ئەو لەگەڵ زۆر گەنجی تری ئەم وڵاتەدا چوونیەك دێنەوە، چارەنووسێك لە ئەخلاقیاتی مەرگدا، هەر ناوی مەرگەو هیچی تر، بەڵام چونکە ئەو لە جنسی ئاگر بوو و لە دۆزەخ هەڵهاتبوو، بۆیە بێترس خۆی دایە دەست ئاو.. ئاوی دەریایەك، کە بۆ ئەو پرِبوو لە ئاگر بە جۆش.

★★★

★پێشتر لە ماڵپەرِی (کلاورِۆژنە) بڵاوبووەتەوە، واجارێکی تر لێرەدا بەهەنێ دەسکارییەوە بڵادەبێتەوە.

# مەتحەفێك بۆ ئەوانەی لەنگەر ناگرن

## مەتحەفێك بۆ ئەوانەی لەنگەر ناگرن*

"پێشكەش بە حەمەسەعید كەلاری"

**هەموو شتێك لێرەوە دەست پێدەكات:**

ئەگەر ئەوكات سەرۆكی تیمەكە، كاغەزەكانی بدایەوە دەستی وەزارەتی ئاسارو ماسارو شتی وا، ئێستا ئەم حیكایەتە چ بوونێكی نەدەبوو. لە سەردەمێكی كۆندا خیانەتێك لە كارەكەی خۆی دەكات، بێئەوەی بزانی ڕۆژگارێك دادی، ئەو خیانەتە لەیەككاتدا، دەبێتە ماكی جوانترین و كوشندەترین چیرۆك.

بڕناخەی نیشانی ئەدا: دۆزیمەوە، دۆزیمەوە.. (كارمەندێك، ئاوها هاواری دەكرد).

سەرۆكی تیمەكە بە هەڵەداوان چووە پێشێ، تەماشای كرد: چەند لاپەڕەیەكی زۆركۆن، شەكەتی باوبارانی چەندین ساڵە، شڕۆڵ شڕۆڵ، بە دەستی كارمەندەكەوەیە. ئەو سەردەمەی، ئەو جۆرە تیمانە شارەوشار بەدوای بچوكترین، ناسكترین، تەنانەت بێبایەخترین ئاسەوارو توحفەی سەردەمەكانی پێش خۆیاندا دەگەڕان، سییەكانی وڵات هێشتا زۆر نەبوو، هەناسەی ئازادیی ڕاستەقینەیان پێدا تێدەپەڕی.

دوای ساڵانێكی زۆر، لە ئێوارەیەكی فێنكی هاویندا، لەگەڵ برادەرێكی خۆم، لە خانەی حەوانەوەی شار دانیشتبووین، لە مێزەكەی ئەوبەریشمانەوە، گەنجێكی منالكار دانیشتبوو، دیاربوو خواردبوویەوە، تەواو گرتبووی، كە لەسەر مێزەكەی هەستا، وەك ئەوەی ساڵانێك چاوەڕوانیی قەدەر، شتێكی لەنێوان من و ئەو گەنجەدا بۆ ئێستا هەڵگرتبێ، ئاوا، بەلاما تێپەڕی. وتی: تۆیش تێیناگەی ئەزانی، هاوڕێم تێیناگەی؟ چ پێویست ئەكا خۆتی پێوەماندوو بكەی، ژیان هەروا سەخیف بووە، ژیان یەعنی سەخافەت..! ها، توانات هەیە لەم قسەیە تێبگەی؟ ژیان و سەخافەت پێوەندییان پێكەوە چۆنە؟ تۆ چ دەڵێی بەڕێز.. ئێمە

زۆر لەوە بێقمەتترین، تا بتوانین لە دەردی یەکتر تێبگەین..
ئەزانی؟

ڕاستییەکەی ئەوکات بەجۆرێك پەشۆکام، کە هەرگیز لەوەوپێش خۆمم وا بێدەسەڵات لەبەردەم هیچ کەسێکدا نەدیبوو، چونکە چاوەڕێی ئەوە نەبووم، گەنجێگ لە نێو ئەو هەموو مەخلوقەدا بێت و منی بەرچاو کەوێت. بەدەر لەوەش من لەگەڵ برادەرەکەی خۆم، کەوتبووینە سەر گفتوگۆیەکی جیدی لەبارەی قەیرانی گەنجانی وڵات و شتی تری لەو بارەیەوە، کە ئێستا دەزانم هەموو ئەو قسانەی ئەوکات دەمکردن لە ترۆهات زیاتر هیچی تر نەبوون، خۆم بە فلسێکی قەڵب لە خۆمی ناکڕمەوە. ئەنجا چۆن هیچ لەوە ناخۆشتر نییە، کە تۆ نازانیت دوای خوێندنەوەی ئەم دێڕانە چی چاوەڕوانتە، منیش تەواو بە حاڵێکی ئاوادا تێپەڕیم، وەك ئەوەی ئەو گەنجە بزانێ، نە من و نە هەزاری وەك منیش، ناتوانن لە نێو سەخافەتی ژیاندا بیر لە ئازادکردنی خەون و چارەکردنی ئازارەکانی گەنجان بکەینەوەو دەستیان بۆ بەرین.

هەمیشە لەکاتی دەستبردن بۆ پەنهانییەکان، دەبمە بێقودرەتترین کائینی سەر ڕووی زەمین. کە قسەکانی تەواو کرد، لە مێزێکی ئەولاترەوە، کورسییەکی ڕاکێشاو هاتە بەرامبەرم، دانیشت، چونکە تا ئەوکات هەر بە پێیانەوە لەتری ئەملاوئەولای ئەداو جارنەجارێکیش ناولەپە قورسبووەکانی ئەکێشایە سەر مێزەکەی بەردەم ئێمە. هەڵبەت ئەو قسانەی لەگەڵ ئەوم کرد، لێرەدا نایانگێڕمەوە، چونکە نەبوونیان، هیچ ڕەنگدانەوەیەکی خراپی نابێ، بەسەر سیاقی گشتی ڕووداوەکانی دادێی ئەم چیرۆکەوە، یان ڕاستر بڵێین: ئەم نامەیەوە.

ئەو باسی ئەوەی کرد، کە لە ساڵی 2227 واتە سەد ساڵێك لەمەوبەر، کە ئێستا من ئەم نامەیەی تێدا دەنووسم، باپیرە گەورەی باوکی، سەرۆکی یەکێ لە تیمەکانی مۆزەخانەی نیشتمانی کوردستان دەبێت. لە کاتی سۆراخکردنیان لەیەکی لە شارە زۆر دێرینەکانی وڵات، کە وەك ئەو گوتی: لەو سەردەمانەدا شارەکە کفری پێوتراوە، لە خانووی ژمارە 440ی گەڕەکی ڕاپەڕین، کە ئێستا سەرلەبەری شارەکە، کراوەتە مەتحەفێکی گەورە، بەو پێیەی لە سەردەمی خۆیدا بە گەورەترین شوێنی کوشتنی خەونەکانی گەنجان و زوو پیرکردنیان دراوەتە قەڵەم و لە سەردەمێکی دواتریشدا دەبێتە ئەزمونگەیەکی گەورە بۆ پشکنین و تاقیکردنەوە سایکۆلۆژییەکان لەسەر خەڵکەکەی، چونکە زۆرترین ژمارەی دانیشتووانەکەی بێئەوەی بە خۆیان بزانن، دووچاری نەخۆشییەکانی وەك: شیزۆفرینا، پەتای خۆبەگەورەزانین، هیستریا، خەمۆکی و خۆخواردنەوە و.. نەخۆشییە دەروونییەکانی تر دەبنەوە، تا لە سەردەمێکی درەنگتردا، حکومەت بیر لەوە دەکاتەوە، ئەم شوێنە چۆڵبکرێت باشترە، دواجاریش دەکرێتە ئەو مەتحەفەی کە من ئەڵێم: بە داخەوە تا ئێستا ئەو مۆزەخانە گەورەی وڵاتم نەدیوە، کە وادەچێتەوە سەردەمانێك باشترین کارگەی فەوتاندنی ئینسانەکانی ناوی بووبێ.

گەنجەکە وتی: لەوێندەر، لەو شارە باپیرە گەورەی باوکی نامەیەکی دۆزیوەتەوە، کە ئێستاو ئەوجایش، نە خۆی، نە باوکی و نە باپیرەکانیشی هیچی لێتێنەگەیشتوون، بەڵام پشتاوپشت وەسێتیان بۆ کوڕای کوڕی خۆیان کردووە، کە هەتا ئەتوانن ئەو نامەیە بپارێزن و بەدوای کەسێکیدا بگەڕێن، بەڵکو توانای تێگەیشتنی هەبێت.

من دواتر، سەرخۆشی و زۆرخواردنەوەی ئەو گەنجەم بۆ ڕونبۆوە، بەجۆرێك هەستم کرد، نیشانەو ئاماژە سەرەتاییەکانی نیمچە شێتبوونێك بە ڕووخسارییەوە خەریکە سەرهەڵئەدا. وەك ئەوەی

جۆره پێوەندییەك لەنێوان باری دەروونی گەنجەکەو ئەو نامەیەدا هەبێت، کە لە ڕاستیشدا هەردووکیان پێوەندییەکی توندوتۆڵ دەیانبەستێتەوە، بە شوێنی مۆزەخانەکەوە.

هەر بە قسەکانی ئەودا بۆم دەرکەوت، دەبێ منیش ئەو نامەیە ببینم و بیخوێنمەوە، بۆیە بە تەکلیفەوە لێمخواست، بەڵام ئەو وتی: نا هاوڕێم، پێویست ناکا خۆت سەغڵەت بکەی، تۆ ئەو کەسەی کە دەبێ ئەو نامەیە بخوێنیتەوە، بەڵام تکایە زۆر ئاگاداری بە. خۆ دیوتە من لە چ حاڵێکدام؟ ئەگەر زۆر ئاگاداری نەبیت، ئەو نامە نەعلەتییە شێتت ئەکا، شێت..

پاش چەند ڕۆژێك لەهەمان کات و شوێن، بێئامادەبوونی برادەری یەکەمم لەو وادەیە، لەگەڵ کوڕە گەنجەکە، پێکگەیشتینەوە.

ئاخر ئێستا مرۆڤ وەك جاران نەماوە، هەموو وەك ڕۆبۆتیان لێهاتووە، کە من ناوی ئەنێم مرۆبۆت[1]. خۆ کەس نایپەرژێتە سەر ئەوەی بیر لە براکەشی بکاتەوە، نەك دەراوسێکەی. هەڵبەت من لەئێستا وام پێباشترە، بەڵام ئەو سەردەمەی کە نامەکەی تێدا نووسراوە، وادیارە گەر کەسێك هەواڵی کەسێکی تری نەپرسیبایە، یان لانی کەم مانگ و دوو مانگ جارێك سەردانی یەکیان نەکردبایە، ئەوا ئەو دووانە ئەگەر خانەخوێی یەك زاگیش بایەن، هیچ پێوەندییەکی ئینسانیان پێکەوە نەدەما. زۆرسەیرە، ژیان لە گۆڕاندایە، بەڵام ئەوە ئێمەی مرۆڤین، درەنگ هەستی پێدەکەین، کە هەستیشمان پێکرد، ئەوکات لچولێو گەستن دادی نییەو چ شەفاعەتێکمان بۆ ناخوازێ.

کە نامەکەی دایە دەستم، چۆن پارچە گەوهەرێکی پاراستبێ، ئاوا لە کۆمەڵێك پارچە و شتی وای پێچابوو. من لەوێ بە هیچ جۆرێك زاتم نەکرد بیکەمەوە، کە هاتمەوە ماڵێ، درەنگە شەوێ بوو. دەموچاوم شت، قاوەیەکم خواردەوە، ئەوجا چوومە ژوورەکەی خۆم، مۆسیقایەکی هێدیم پێکردو دەستم کردە خوێندنەوەی نامەکە.

ببوورە هاوڕی گیان، من دوای ئەوەی نامەکەم خوێندەوە، هەستم کرد، جگە لە من دەبێ کەسێکی تریش بیخوێنێتەوە، ئیتر نازانم ئاخۆ دوای ئەوەی تۆیش دەیخوێنێتەوە، هەمان هەستی منت بەلاوە دروست دەبێ بۆ کەسێکی تر یان نا؟ هەربۆیە بڕیارمدا لەکاتی ناردنی ئەم نامەیەدا، سەری زەرفەکە بەکراوەیی بهێڵمەوە، هیوادارم دڵت نەچرکێ بەوەی وابزانی هەموو ئەم قسانەم بە مەرەخەسی لە بەردەستی نامەبەردا هێشتۆتەوەو لە ئادابی نامەناردن خۆم گێل کردووە، ئاخر من دڵنیام، خوێندنەوەی ئەم نامەیە، پێویستی بەوەیە سەرلەبەری شەوێکی عومری خۆتی بۆ تەرخان بکەی، ئەو کەسانەش کەمن، کە ئەتوانن لە دووەم پەرەگرافەوە وەڕز نەبن و تا دوادێڕ لەگەڵم بن. بۆیە پێموایە بە یەك کەس تەفسیری تەواوی بۆ ناکرێ، ڕەنگە بە هەموومانەوە بتوانین دواجار قسەیەکی لەسەر بکەین. ئەمە نەك لەبەر ئەوەی توانای ئەدەبی یان خەیاڵپەرزادی نووسەرەکەی، لە کەشکەڵانی فەلەکدا بێت و بلیمەت بووبێ. نا.. من واهەست ئەکەم ئەو کەسەی نووسیویەتی بەجۆرێك لە جۆرەکان، کەسێك بووە لە داماوترین، بێکەڵکترین، خەمئەنگێزترین بنیادەمەکانی سەردەمی خۆی، کە هەرگیز هەستی بەوە نەکردووە، ژیان دەستێکی بەڕەحمی بۆ درێژ بکا، چونکە بە قسەو دەربڕینەکانیدا دیارە، هەر بۆیە کەسیش تێینەگەیشتووە، ئەو حاڵەتەش واملێدەکات بڵێم: ئێستاش مەحاڵە بتوانین بە ئاسانی شیفرەو کۆدەکانی ئەم نامەیە بشکێنین.

من لەوە تێناگەم، چی وایکرد ئەو گەنجە لەو ئێوارەیەدا، بەو هەموو سەرخۆشیی و بێئاگاییەوە، بێت و لە نێو ئەو هەموو خەڵکەدا، ئێخەی من بگرێ و نهێنی نامەیەکی ئاوام لابدرکێنێ؟

سەیریشم لێدێ و نازانم، ئاخۆ نووسەری یەکەمی نامەکە لە کاتی خۆیدا توانیویەتی بیگەیەنێتە دەستی ئەو کەسەی بۆی نووسیوە یان نا؟ ئەگەرچی مێژووی نامەکە بۆ سەردەمێك دەگەڕێتەوە، کە مۆبایل و ئەنتەرنێت و تروتفاقی تەکنۆلۆژیش لە ئاستێکی باشدا بووە، بەو مانایەی پێناچێ پێویستی کردبێ، ئینسان بۆ هەواڵپرسێنێك ئەوەندە بە ئامادەکردنی نامەیەکی دەستنووسەوە خۆی مژووڵ بکات، هەرچەن ئێستاش، خەڵکی ئەوەندەی لە سەردەمی پۆستپاراسایکۆلۆژیا[2]دا غەرقن، پەنا نابەنە بەر شتی تر. لەگشت حاڵەتێکدا، من پێموایە، ئەمە جۆرە تەرزێکە لە پێوەندییەکی سیحرئامێز، ئەو پێوەندییەی کەممان نەبێت زۆربەمان توانای حاڵیبوونیمان نییە، پێوەندییەکی ڕۆحی، کە زۆرجار تا ئەو شوێنە لەگەڵ خۆی دەمبات، بڵێم: ئەو کەسەی نامەی یەکەمی نووسیوە کۆتایی بە هەموو شتێك هانیوە، هەمان ئەو کەسەیە، کە ئێستا ئەم نامەیەت بۆ دەنووسێ و ڕەوانەی دەکات، یان باشتر بڵێم: هەستەکەم من کاتێك لەکاتەکان، لە هەوڵە بەردەوامەکانمدا بۆ نووسینەوەی ئازارەکانی خۆم، دوو ئاری بوومە، بەڵام هەریەکەمان لە سەردەم و شوێنێکی جیاوازەوە لەویدیمان کاری کردووە و ژیاوە. ئەوەیشی زیاتر هانم ئەدا ئەو قسەیە بکەم، ئەمەیە: نامەکە ناوی ڕاستەقینەی نووسەرەکەی بەسەرەوە نییە، بۆیە ڕوخسەتم بدە، تا لە خوێندنەوەی ئەم نامەیە دەبییەوە، ئەوەی ئێستا قسەت بۆ دەکا ئاری دووەم بێت، کە لە زەمەن و زەمانێکەوە لەگەڵتە، هێشتا زۆرمان ماوە بیگەیەنێ و هەرچی ئەو ئاری-یەی دیکەشە، کە لە کۆتایی نامە دزراوەکەدا، ناوی هاتووە با ئاری یەکەم بێت، کە لە زەمەن و زەمانێکدا ژیاوە و مردووە، هیچی لەم زەمەن و زەمانەی خۆمان ناچێ، وا تێیداین و هەنووکە قسان ئەکەین. (هەست ئەکەم خەریکە ئیشەکەمان تا بێ، ئاڵۆزو جەنجاڵ و تێکەڵ و پێکەڵتر دەبێت، بۆیە هەر زوو وتم: سەختە بە ئاسانی تێیبگەین).

نوسخەی نامە ئەسڵییەکە، تەنانەت بەرگەی ئەوەشی نەدەگرت بۆتی سکان یان کۆپی و پۆست بکەم. بۆیە جارێکی تر بە کۆمپیوتەرەکەی خۆم بێهیچ دەستکارییەك، تا درەنگە شەوێك تاپیم کردەوەو وائێستا بەو هیوایەم لە چەند ڕۆژی داهاتوودا گەیشتبێتە دەستت و خەریکی خوێندنەوەی بیت، بەڵکو خوای کرد، توانیمان پێکەوە، لەئێستادا شرۆڤەیەك بکەین، بۆ ئازاری ئینسانێك، کە لە زەمەنی بەسەرچووی خۆیدا تۆماری کردووە.

**دەقی ئەو نامەیە، کە دەبوو سەد ساڵ بەرلە ئێستا لە مۆزەخانە بووایە:**

ڕەنگە ئەمە شەش، حەوتەمین جار بێت، لە ماوەی مانگی ڕابردوودا تا ئێستا، بە تایبەت چوومەتە سەر کورسی و مێزەکەم و دەستم داوەتێ، بەو مەرامەی نامەیەکت بۆ بنووسم. نامەیەکی وا، قووڵ ڕۆبچێتە نێو دەمارەکانی مێشکەوە. ئا، مێشکی هەموو ئەوانەی دەمەوێ کاتێك لە کاتەکانی تەمەنیاندا بیخوێننەوە و کۆمەکم بکەن بە لێکدانەوەکانیان، بەڵام هەر هەوڵدانێکم و لەگەڵ یەکەم و دووەم دێڕدا، گورج پەشیمان بوومەتەوەو وازم لێهێناوە. ئەزانی بۆ؟ چونکە هەستم ئەکرد، ئەوەی دەینووسم، لەگەڵ نیازەکەمدا ویکنایەتەوە، بە مانایەکی تر: تەواو لەو ژێیە ناخشێ، کە بەجۆرێك لەجۆرەکان ڕۆحمی بە ڕۆحتەوە گرێداوە. ژێیەك ڕۆحی منی بە ڕۆحی تۆوە گرێدابێ، سەیرە! ئا.. من باسی ژێ ئەکەم، کە دواجار ئەوە وشەیەکە بۆ هەموو شتێکی ناسك، هەستیار و ئەنجایش گرنگ ، بەرکەڵك دەخرێ. ژێ.. ژێ! ئەرێ ژێیەك، ڕۆح پێکەوە پێوەست بکا، ئەبێ چۆن و چ بێ؟

هەمیشە ئینسانەکان وابوونە، بۆ ئەوەی ڕادەو مەودای خۆشەویستی و مەحەببەتی خۆیان بۆ بەرامبەرەکانیان بەیان بکەن، باسی ڕایەڵگەلی وەك: توندوتۆڵ، زۆربەهێز، قایم، بێمەودا، بێسنوورو.. نازانم چی و چیتریان بۆ یەك کردووە، بەڵام ئەوەتەی من ڕەشوسپی لەژیانا لێکجوێ ئەکەمەوە، هەر کە بیرم کردبێتەوە، کەسێکم خۆشبوێ، مەحەببەتم بۆی هەبێ، یەکسەڵەف لای خۆمەوە، ئەوەندەی خەیاڵم بۆ ناسکی، کاڵی و بێهێزی ڕۆچۆتە خوارێ، ئەوەندە نەمتوانیوە، تۆخ و زبرو پرتاقەت بیری لێبکەمەوە، ئەمەش بە دوو جۆر بۆ خۆمی تەفسیر ئەکەم، کە لە هەردوو حاڵەکەدا، هەموو کەس تێمناگا. یەکەمیان: چونکە هەموو تۆخێك دواجار کاڵدەبێتەوە، هەموو بەهێزێك بێهێز دادی و هەموو ئەوەیەکیش ئەمەی بەسەر دێ، بۆیە حەزمکردووە، هەمیشە کاڵبم، تابتوانم بە تۆخیش خۆشمبوێی، بێهێزبم بۆ ئەوەی بەهێز بیرت لێبکەمەوەو نازانم چۆنیشبم، تا نەتوانم بە هیچ شێوەیەك درۆ لە گەڵ ئینسانییەتی تۆدا بکەم، کاتێك لێتەوە نزیك نیم، وابزانم ئەمە تێفکرینێکی سەقەتە؟ یان پێدەچێ بێمانابێ، وانییە؟

"ئەمە ئاوێك نییە، تا لێکدانەوەیەکی ساف و ڕوونی بۆ بکەین،
ئەمە ئەو دەریایە نییە، کە ئێمە دەمانەوێ
لە قەترەکانیدا:
خەونی یەکدی حونجە بکەین،
خەمی یەکدی بنووسینەوە،
لە ئەلفبێی ئازارەکان حاڵی بین..
تەواوی ئێرە، ئەو مەملەکەتە نییە، کە بمانەوێ،
وەك چۆن هەین، ئاوا بین.. ئاوا بژین"

بەهەرحاڵ، تێئەگەم گەر ئەو قسەیەم لە گشت شوێنێکا، لێببێ بە خوو، خراپ ئەمخوێننەوە، بەڵام ئەنجامی ساڵانێك لە بیرکردنەوەو ئەزموونکردنی خۆشەویستیم بۆ مرۆڤەکان، وامپێدەڵێت، کە بۆم نووسیوی.

دووەم شرۆڤەی حاڵەتەکە ئەوەیە: چونکە هەمیشە هەستمکردووە لەوەی بەشێکی گەورەی ژیانم، ئەو ژیانەی مولکی منە، لە نێو نادیاردا بێت، نادیار بەو مانایەی نەزانم چی ئەکەم، چۆن بکەم باشە، ئەوەی پێشتر کردوومە چۆن بووە، چی چاوەڕێمەو.. هتد، تەواو چوون وێنەی تیرێك، کە بێئەوەی تۆ بتەوێ بەرەو تاریکاییەکی نادیار ئاراستەی بکەی و چاوەڕوانی هیچی لێنەکەی، ئاخر ئەبێ بزانین "هەموو شتێك دواجار وێنەیەکە لە ئاوێنەیەکی سەرابی ژیانێکی ترەوە پێچەوانە بۆتەوەو شکاوەتەوە" ئەمەش بەخەستی لەگەڵ وەهمێکی خۆشدا تێکەڵم ئەکا، وەهێمێك، پێموایە هەمان ئەو ژێیەی قسەی لەسەر ئەکەم، بە جۆرێك لە جۆرەکان دەورێکی تەلیسماوی لە پێکبەستنەوەی ژیانە ڕاستەقینەکەم و ئەوی دیکەمدا دەگێڕێ. ئەم قسانەش دەمبەنەوە سەر قسەیەکی (دالیا سیراجەددین)، کچە پاڵەوانە عاشقەکەی شاری مۆسیقارە سپییەکان، کاتێك دەڵێ:"هەندێك کەس هەن تەنیا بەشێکی ژیانیان لە وەهمەوە دەئاڵێنن، هەندێکی تریش هەن هەر لە سەرەتاوە تا کۆتایی، منالی وەهمن"..

"من چی لە وەهم و ژی بکەم؟
دوو سیحر، دوو ئەفسانەو دوو نادیار..
لە چ بەحرێکی ناسکیدا، دەمەوی بژیم،
وەهم کاڵ و ژی کاڵ و خۆشەویستیشم هەر کاڵ
ڕۆحم بۆ نەزریکێنێ،
کە ئەم جەنگەڵە، حەقی ئەوەی پێناسپێرێ
بەشە ژیانەکەی خۆم، وەك ئەوەی من ئارەزووی ئەکەم، بژیم: تاك و شەرافەتمەندانە"

ئەی ئەگەر هاتوو ڕۆژێك چاویانکردم و منیش تۆخ تۆخ، بەهێز بەهێزو.. بە شۆستەو شەقامەکانی شاردا هاتوچۆ ئەکەم، ئەویدەم چ دەبێ، چ دەقەومێ؟ دڵنیام بە فەتارەتم ئەدەن، ئەوجایش خۆشەویستی تۆم تیا ئەکوژێتەوە، چوون مۆمێك بای شەبەق بە ئەسپایی بێت و دەست لە گەردنی بنێ، ئەوها.. ئەوە چ مردنێکی کاڵ و ناسکە؟ من بە مەرگی وا، هەرگیز دڵم نارووشی و هەرگیزیش لە جریوەی پاسارییەکان، دڵم خاترەوختوورەی خراپ ناکا. وەخ.. لەوکاتەی تۆخی جێ بەهەموو مەعناکان چۆڵ ئەکا. تۆخی لەم مەملەکەتەی ئێمەدا، تەنها بۆ دەرکەوتنە، تەنها شتە ڕووکەشەکان تۆخ دەنوێنن، کوا کامەیە ئەو ناخەی زۆرپاکە، تۆخبێت؟ کەواتە من کاڵ دەچمەوە، بۆ ئەوەی زات بکەم، لەم جەنگەڵەدا بیر لە خۆشەویستییەکی تۆخ تۆخ بکەمەوە، جەنگەڵێك ژیانی تێدا حەرامە.

مەزنی مرۆڤ لە چیدایە، گەر یەکتریان خۆشنەوێت؟ کامەیە مەزنی مرۆڤ، کوا؟ گرفتە..گرفت، چونکە ئەوە مرۆڤە چ مانایەك لە خۆشەویستیدا نادۆزێتەوە. نەك بەوەی خۆشەویستی هیچ ئاکامێکی بۆ ئێمە نەبێ، بەڵکو گرفتەکە پێوەندی بە شتێکی ترەوە هەیە. ئا.. دواجار پێوەندی بە خودی ئێمەی مرۆڤەوە هەیە، کە توانای ئەوەمان نییە وەك چۆن خۆشەویستی خۆی لە گۆڕێدایە، ئاوا تێیبگەین و ئەزموونی بکەین و ژیانی بکەین، ئەمەیە جەوهەری مەسەلەکە، بۆیە هەمیشە لەشەڕێکی ئەزەلی و ئەبەدی قووڵداین، بۆ دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەك، کە هیچ دەروازەیەکیش نییە تا بەسەریدا بکرێتەوە، لە خودی خۆشەویستی بەدەر.

- دەبینن چۆن ڕۆحمان گیرۆدەیە؟

+ من دەیبینم.. ئەدی ئێوە؟ ئەی تۆ؟

دڵنیام ئەگەر تۆیش وەك من بیرنەکەیتەوەو لەم بۆچوونە تێکپرژاوانەمدا لەگەڵمدا نەبیت، بەڵام دڵنیام تێمئەگەی. ئاخر کە ئینسان دەیەوێ ئاسوودە بژی، ئاسوودە بخەوێ، ئاسوودە بیربکاتەوەو بخوات و تەنانەت ئاسوودە بچێتە ئاودەستخانەو ئاسوودەش بمرێ، پێویستە هیچ نەبێ قاچێکی لەنێو لمی خۆشەویستدا بچەقێنێ. تکایە پێممەڵێن: خۆشەویستی بەشێکی گەورەی ئازارە، خۆ ئەمە ڕاستە، بەڵام بیرتان نەچێ، باسی ئاسوودەییم کرد، چونکە بەردەوام ئاسوودەیی و ویژدان، یەك بنجیان هەیە، ئەگەر لە لم و خاکوخۆڵی خۆشەویستیدا نەبن، هەرگیز سەوز ناچنەوە، هیچ شتێك وەك ئاسوودەیی و ویژدان باوەشیان بەیەکدا نەکردووە، ئەو دووانە هەمان قەدەرو چارەنووس پێکیانەوەی بەستۆتەوە، ئەمە هاوکۆڵکەیەکی تەواو کیمیاییە، کە لەکارلێکی بەردەوامی خۆیدایە، سەیریش ئەوەیە بەکاریگەریی هیچ مەینەتییەکیش خامۆش دانایە. بۆیە دەبینین هەمیشە ئەو ویژدانەی من خۆمی پێئاسوودە ئەکەم، هیچ نییە بەدەر لەو جۆرە ئیمانەی کە خۆم و بەس، خۆم و کەسی دیکە نا، قەناعەتم پێیەتی. ئەگەر ئینسان بێئاگا لەو حەقیقەتەی پێویستە هەموومان دەرکی بکەین، قەناعەت بە شتێك بکا، ئیتر هەموو نەگبەتییەکانی لەوێوە چرۆو باڵا ئەکەن و دواجاریش بەرێکی ترسناك ئەگرن.

لێگەڕێ، بە شێوەیەکی تر بیر بکەینەوە. پێموایە سەرەداوی هەموو بیرکردنەوەیەك بە گومان، پرسیار، دوودڵی یان نامورتاحییەك دەست پێئەکات، ئەمە ئەو نهێنییەیە، کە لەپشتەوەی هەموو بیرکردنەوەکانەوە خۆی مەڵاسداوە، کەواتا با پێکەوە لەوە بپرسین: جوانی چییە؟ جوانی وەلەدی کێیە؟

جارنەجارێك تەریق ئەبمەوە لە خۆم، چونکە بیرمدێتەوە، وەك برادەرەکەم ئەڵێ: "پێغەمبەرەکەی کورد، هەموو شتێکی یەکلا

کردۆتەوە لەسەر جوانی" بەڵام ئەبێ بزانین، گومانەکانی من، پرسیارەکانم، ڕامان و تێفکرین و شرۆڤەکارییەکانی من لە هی تۆ ناچێ، هی هەردووکیشمان تەواو لەوەی "بەختیار عەلی" جیاوازە. ئینسانیش ئەو کاتە ئینسانە، کە بە هەموو جیاوازییەکەوە، بتوانن یەکیان خۆشبوێ. لە هەناوی یەکدیدا بتوێنەوەو ئاوێتە بن، بەڵام وریابن، هەمیشە بە کاڵی، چونکە تۆخبوونەوە لەهەر شتێکدا موسیبەتە، موسیبەت.

هەستەکەم لەگەڵ نووسینەوەی هەر کۆپلەو کۆژێکی ئەم نامەیەدا، زیاتر دوور دەکەومەوە لێت. دووردەکەومەوە لەو سنوورانەی نووسینی هەر نامەیەکی ئاسایی پێویستێتی بیپارێزین، بەڵام ئەمە تەواوی ئەو نەگبەتییەی مرۆڤایەتییە، کاتێك دەیانەوێ خۆشەویستی خۆیان بۆ یەکدی بسەلمێنن و دووپاتی کەنەوە، دێن و دەست دەبەن بۆ ئەوپەڕی گشت چەمك و دنیابینییەکان و بەوجۆرەش هێدی هێدی، ڕێگای سەرەکی خۆیان لێون دەبێ و دەیسەلمێنن، کە هەر بە بنەچە مەخلوقێکن حەزیان بە بزرکردنی ڕێگەکانە، ئەگینا چ پێویست ئەکا با بەوەنە بیبڕینەوە، بە یەکتر بڵێین: خۆشمدەوێی و درۆت، لەگەڵ ناکەم و کاتێکیش ئازارێك ڕۆحت، ئەگوشێ هیچ دەسەڵاتێکم نییە، بەدەر لەوەی منیش ئازارت بۆ بچێژم. چەند جوانە مرۆڤ، کاتێك دان بەحەقیقەتی وجودی خۆیدا بنێ، وەك ئەوەی کە هەیە، بێفشوفۆڵکردن، چەند جوانە جوانی مرۆڤ!

ئەمڕۆ 10ی حوزەیرانە، لەبەردەم ئاوێنەی تەڵخی ژوورەکەما، تێرتێر پێکەنیم. ئاخر ساڵڕۆژی لەدایکبوونمە.

دەمێکە عەشقێکی پیس، بەد، خراپ و وێرانکەر لە کەللەی داوم و بە مۆسیقا و گۆرانییەوە ئیدمان بوومە. ئەو مۆسیقاو گۆرانییانەی بە هێمنی نۆتەو ئیقاعە تەلیسماوییەکانی خۆیان، زۆر لە باری تەنهاییم سوك ئەکەن و پڕ بە زەمبیلە ناسکەکانی خۆشەویستی سرەوتنم پێدەدەن و فێری بەرگەگرتنی چاوەڕوانیم ئەکەن. نا.. تکایە گوێگرتنی من لە مۆسیقاو گۆرانییەکان زۆر جیاوازترە لە هی هاوڕێ و هاوتەمەنەکانم (ڕێزو حورمەتی زۆرم بۆیان هەیە) هی ئەوە نییە عەشق و خۆشەویستی کچێك یان شتێکی لەو بارەیەوە وایلێکردبێتم، کە من بەوجۆرە سەیرە حەزم بەو گوێگرتن و ئیدمان بوونە هەبێت، چونکە پێش ئەوەی کچێکیش لەژیانمدا هەبووبێت، هەر عاشقی مۆسیقاو گۆرانی بوومە، بەڵام نایشارمەوە، لەوەی هەمیشە عەشق، ئازار، مەحەببەت، بیرکردنەوە، سۆزو ئیمان و قەناعەتی ئینسانەکان لە گۆرانێکی بە پەلەدان، گۆڕانێکی وا، کە زۆرجار خاوەنەکەیان جێدەهێڵن و ئیتر ئەویش وەك بێدەرەتانێکی وێڵ، دەبێ کوچەو سوقاقە چڵکنەکانی ژیانیان بۆ تەی بکات. ئینجا ئەو کەسانەی کە دەتوانن بیانگرنەوەو دەستیان بخەنەوە، ئەوانەن کە سەردەکەون و گەمەو ماقڵەی ژیان دەبەنەوە، چونکە دوای ئەو وەدەسهێنانەوەیە، دەکەونە سەر حەقیقەتی ژیان، هەرچی ئەوانی دیکەشە، هەتا دەمرن بۆ خۆیان هەر عەودالن و ئیتر هەر بە عەودالیش سەر دەنێنەوە.

لە سادەترین پێناسەی ژیاندا وتراوە: "ژیان وەك دەریایەکە..تك.." من حەز ئەکەم ئەو پێناسەیە بەمشێوەیە تەواو بکەم و بیگەیەنمە سەر: لەنێو ئەو دەریایەدا دوو دەستە یان دوو جۆر، کۆمەڵەخەڵك دەژین، هەر دەستەو کۆمەڵەیەك بەجیا بۆخۆیان جۆرێك ڕێگاو شێوازی ژیانیان هەڵبژاردووە، یان با بڵێین: پێیانهەڵبژێردراوە. ڕاستە چارەنووسی هەردوو تاقمەکە، دواجار هەر فەنابوونە، بەڵام شێوازی ژیانکردنی هەریەکیان بەجیا، ئەو پێودانگە دیاری دەکات، کە ئەتوانین بەوپێیە بڵێین: ئەو ئینسانە سەرکەوتوو بوو لە ژیان و ئەمیان نا. ئەویان ئاسوودە بوو و ئەمیان نائاسوودە. ئەویتر

خۆشی ڕابوواردو ئەمیان بە کوللەمەرگی.. ئەبێ ئەوەشمان بیر نەچێ، چەمکەکانی وەك: سەرکەوتوو و پێچەوانەکەی، ئاسوودەو پێچەوانەکەی، خۆشی و پێچەوانەکەی و.. ڕابواردن و پێچەوانەکەی و.. هتد، لە قاموسی کەسێکمانەوە بۆ کەسێکی ترمان جیاوازەو هەریەك لە کلاوڕۆژنەیەکەوە تێیاندەڕوانین. بگرە لەهەمان یەك قاموسدا، کە ئەکرێ لای من بێ یان لای تۆ، چەندان مانای جیاوازی تر بۆ ئەو چەمك و زاراوانە بدۆزینەوە، کە هەموو ئەوانە، دەستیان هەیە لە ڕەنگڕێژکردنی سیمای تەڵخی ژیانی ئێمە، هەروەك هەندێکیشیان لەهەوڵی شێواندنی سیمای جوانی ژیاندان و زۆرجاریش براوەن، بەڵام بیری نەکەی، کە جارێکی تر، ئەوە ئێمەی ئینسانین هەموو ماناکان وەردەگرین و مامەڵەیان پێدەکەین، بێگومان دوای ئەوەی لە بەرگی خۆیان دایاندەماڵین و بەپێی جیهانبینی خۆمان، ئیشیان لەسەر دەکەین.

لەو دەریایەدا خەڵکانێك هەن خۆیان بە جۆرێك لە ئیمان و قەناعەتەوە گرێداوە. هەموو ئیمان و قەناعەتێکیش پێویستی بە قاوخێك هەیە خۆی تیا کۆبکاتەوەو خۆی تیا حەشار بدا. باشترین ناولێنان بۆ وەها قاوخێکیش، ئەوەیە کە پێیدەگوترێ: ئایدۆلۆژیا. ئایدۆلۆژیا لە خاڵێکەوە دەسپێدەکاو لە یەکێکی تردا کۆتایی پێدێت، واتا ئیشی ئەو لە سنوورێکی دیاریکراوەوە بۆ سنوورێکی دیاریکراوی دیکەیەو هیچی تر.. ئەوە سروشتی هەموو ئایدۆلۆژیاکانی دونیایە، کە لە دەرگایەکەوە دەچیتە ژوورێ و لەو سەرەوە بەربەستێکی قەبەو قایم ئامادەیە، بەجۆرێك لێدەرچوونی هەروا ئاسان نییە. ئەو خەڵکانەی لەژیاندا خۆیان پێوەستی ئایدۆلۆژیا جیاوازەکان دەکەن، هەمیشە لە قاڵبدراون، بۆیە زۆر ئاسایی و سانایی و بێهیچ جوڵەو گەڕان و عەودالبوونێك، بەسەر ئەو دەریایەدا تێدەپەڕن و لەمسەرەوە بۆ ئەو سەر گوزەر دەکەن.

ئەو جورە مرۆڤگەلە لە بینینی هەموو جوانییەك مەحروومن، هەموو جوانییەکانی نێو ئەو دەریایەی بەسەریدا دەڕۆن و جارێك لە جارەکانیش چییە، هەست بە قودرەتە جیاوازەکانی ناکەن. ئەوانە بێئەوەی ئیمان و قەناعەتەکانیان مەودایەکیان بۆ بڕەخسێنێ، تا لە پەنجەرەکانەوە تەماشایەکی جوانییەکانی ناو دەریا بکەن دێن و گوزەر دەکەن. ئەوەی جوانی دەریا نەبینێ، ناتوانێ جوانی ژیانی خۆیشی تام بکا، ئەگەرچی ئەو جۆرە کەسانە، وەها ژیانێك لە هەڵبژاردنی خۆیانە، بەڵام بەلامەوە زۆر گوناحن، کە چەند دێڕێکی خوارتر، ئەو ڕاستییە زیاتر خۆی ڕوون دەکاتەوە.

کۆمەڵێکی تر مەخلوق هەن، بێهیچ ئایدۆلۆژیاو هیچ ئیمان و قەناعەت و شتێکی لەوجۆرە. ئەمانە ئەو کەسانەن، کە بەتەواوەتی کەوتوونەتە نێو دەریاکەوە. کاتێك بە چاوی ئایدۆلۆژیستەکانی سەرەوەی دەریا، تەماشای ئەم دەستەیە بکەین، وادیارە ژیانیان لە زایەچووندایەو هاکا دەریا دەیانخنکێنێ، بەڵام ئەم تاقمە لێرەوە بۆ ئەوێندەرو لەوێوە بۆ ئەولاترو بەوشێوەیە، دڵۆپ دڵۆپی دەریا تەی دەکەن و بە دوای حەقیقەتێکدا وێڵن، کە زۆربەی باوباپیرانیشمان نەیاندۆزیوەتەوە. ئەو باوك و باپیرە فەقیرانەی بێئەوەی هیچ بزانن، تەواو وەك تاقمی یەکەمی نەوەکانیان، هاتن و چوون.. ئەو خەڵکانەی ناودەریا هەموو کەلێن و کەلەوەرێکی دەپشکنن. دڵۆپ دڵۆپی ئاوەکەی تاقی دەکەنەوە، هەمبانەکانیان لێوانلێو دەکەن لە مەعەمماکانی شەپۆل و کەف و بڵقدانی دڵۆپەکان و ئەمبەرەو ئەوبەر نەوەبنەوە، چوون یاری بەرید دەیگەیەننە دەستی ئەو پاڵەوان و جوامێرانەی، لە زەمەن و کاتی خۆیاندا دێنە نێو دەریاوە، بۆ ئەوەی سوڕی ژیان لە وەستانی خۆی نەکەوێ، تا ئەو کاتەی مەگەر هەر خوا خۆی بزانێ! ئەو خەڵکانە ئەوانەن، کە

تواناى ئەوەيان هەيە، دەست لە پشتى ماسييەكانى ناو دەريا بدەن، جارەجارێك سوارى پشتى دۆلفين و سەگە ئاوييەكانى ئەبن، ئەو كاتانەيش دەريا لە وەرزى ئاوسبوون و تووڕەبووندايە، شتێكيان لە خنكان بە قەرز بۆ ئەگێڕيتەوە، ئيتر هەمديس دەكەونەوە گەڕان و سۆراغكردن. ئيشى زۆربەى ئەوانەى لەنێو دەرياكەدان بە دواى حەقيقەت گەڕاندايە. حەقيقەتێك من ناوى دەنێم حەقيقەتى لەنگەرگرتن. هەركەسێ توانى لەنگەر بگرێت، ئەوا توانيويەتى بۆخۆى بژێت، ئەوانەشى لەنگەر ناگرن، هەتا دەريا قووتيان ئەداو لە شەپۆلەكانى خۆياندا نوقميان ئەكات، هەر بە ناسەقامگيرى بەسەر ئاوەوە شلپەشلپ ئەكەن. بێگومان بوودەڵەى ئەوتۆيش لەنێو ئەم دەستەيەدا خۆى ماتداوەو هەميشە لەهەوڵى ئەوەدايە زۆرترين لايەنگر بۆ خۆى كێش بكات سەرێ، بۆڵاى بلق و كەفەكان، بەڵام بودەڵەكان زوو زوو سەر ئاو ئەكەون و هيچيان پێنامێنيتەوە، تا بتوانن قەناعەتى خەڵكى ناو دەريا بە ئيمانى گەڕان بە دواى حەقيقەتدا، كزو لاوازو سست بكەن، ئيدى خۆيان دەچنە پاڵ ئەوانەى سەرەوە، كە لەهەموو جوانييەكانى دەرياو ئاو بێبەشن.

ئەوانەى دەگەڕێن و مەلە دەكەن و هيچ حەقيقەتێكيشيان نييە، تا لەنگەرى پێبگرن، هاوڕێكانى منن. من و هاوڕێكانم هەتا ماوين بێلەنگەرگرتن، بێحەوانەوە، بێوچان بەنێو دەرياى ژياندا دێين و دەچين و هيچيشمان دەست ناكەوێ سوكناييەك بە ڕۆح ببەخشێ، تا ئەوەى ڕۆژێك بەر لە مردنمان، تەنها ڕۆژێك بەر لەوەى دەريا بۆ هەميشە بمانباتە هەناوى خۆيەوە، دەگەينە ئەوەى كە عەوداڵبوون و گەڕان و وێڵبوون بەدواى حەقيقەتدا، دواجار خۆى يەكەم حەقيقەت و دوا حەقيقەتە لە ژياندا. ئەو ڕۆژەش، كە ئێمە دەگەينە ئەو شوێن و كاتە، دەريا ئاوسەو چيدى ناتوانێ قەدەرى خنكانمان بە قەرز بداتەوە، تەنانەت ئەگەر بۆ كاتێكى كەميش بێ.

بۆيە ئەوەى هەميشە بە گەورەترين مەينەتى ژيانى دەزانم، ئەمەيە: تا ئەو ڕۆژە دێت، هيچ لەو هاوڕێ و دۆست و ئاشنايانەى خۆم ناناسم، هەروەك ئەوانيش من ناناسن، چونكە ئيتر ژيان ئاوا سەختە، ئەمەيە دەگوترێ: ژيان قورس و بێمانايە، لەبەر ئەوەشە پياناگەين يەكتر بخوێنينەوەو باشتر يەكدى بناسين، هەتا نەگەينە لێوارى مەرگ.

لە عەزابێكى سەختدام، كاتێك ئەمپەڕو ئەوپەڕى لاپەڕەكان تەى ئەكەم، بێئەوەى بتوانم پەى بە كۆتاييەكى گونجاو بەرم، بۆ ئەم نامەيە. تكايە با من و تۆيش، پێكەوە لەگەڵ عەتا محەمەد-دا بڵێين:"هيچ شتێك كۆتايى نايە، هەموو شتێكيش لە كۆتاييەوە بەرەو سەرەتا هەنگاو دەنى" من ئەزانم ئەم قسەيە بۆ هەموومان باشترێكە.

**هەموو شتێكيش لێرەوە كۆتايى دێ:**

دوو ڕۆژ بەرلەوەى نامەكەت بۆ ڕەوانە بكەم، هەواڵێكم لە ڕۆژنامەى (زرينگە)دا خوێندەوە: "گەنجێك بەناوى ئەرژەنگى هەمين، لەماڵەكەى خۆيدا خۆى كوشتووەو نامەيەكيشى لەدواى خۆى جێهێشتووە."

شێوازى كوشتنەكەى تەواو سادە بوو، بەڵام ئێجگاريش بێبەزەييانە. بەوەندە ئيكتيفاى كردبوو، بۆ چەند جارێك سەرى خۆى بكێشێ بە لێوارى ديوارەكەى هەيوانى حەوشەكەياندا. من تەرمەكەيم نەديت، بەڵام چەندێك بير لەو ئێوارەيە دەكەمەوە، كە بۆ يەكەمجار ئەوم تيا ديت، ئەزانم هەر بە يەكەم سەرپياكێشان، گيانى دەرچووە، چونكە ئەو كوڕە ئێجگار ڕۆحناسك بوو، لەوەش ناسكتر، كە تيژى لێوارى ديوارێك بەو هەموو دڵڕەقييەوە، نەتوانێ لەيەكەم ئەزموونى خۆكوژى ئەودا، دڵى بشكێنێ و نەيكوژێ.

پێش ئەوەی لێرەدا، دەستنووسی نامەکەت وەك خۆی بۆ بنووسمەوە، ئەمەوی بڵێم: تەنیا شتێك، کە ڕۆحی ڕاوەشاندم، وشەی (لەنگەرگرتن) بوو، کە لە دوادێڕی نامەکەدا هاتووە.

ئەرژەنگ دەنووسێ: "بۆ هەموو لایەنە پێوەندارەکان. لەکاتێکا ئێوە بەدوای مندا ئەگەڕێن، وا من ڕێگای دەربازبوونم پەی پێبردووە، بەڵام پێش ئەوەی ڕووداوەکانی دوادێی ئەم چیرۆکە بسپێرمە کەسێکی تر، دەمەوێ پێتانڕابگەیەنم، ئەوەی لە منتان دەوێ، لە شەقامی ژمارە12ی گەڕەکی ڕێزانە لای کوڕێکە ناوی ئارییە. من دڵنیام چارەنووسی ئەویش بەهەمان ئەوەی من دەگەیەنێ، بۆیە تکاموایە نەهێڵن لەوە زیاتر دەستاودەست بکات، چونکە دواجار دەبێ ئێرەش بکەنە مەتحەف.. مەتحەفێك بۆ ئەوانەی لەنگەر ناگرن."

لەو ڕۆژەوە خۆی کوشتووە، پیاوانی ئاسایش و پۆلیس شاریان ئاخنیوەو بەدوای منیشدا ئەگەڕێن. ئێستا لە حاڵێکدام ئێرەییم پێنابرێ. ڕۆژانە هەواڵی ڕاپێچکردنی دەیان ئاری ناوی تر، بۆ بەردەم لێپرسینەوەو دادگاو بۆ نێو کونجی زیندانەکان، دەبیستم و لە ڕۆژنامەکاندا دەیانخوێنمەوە، کەچی من، هێشتا ئەوەتا هەر خۆمم.. هەر ئاریم و ماوم، هەموو ئەوانیتر، لە هەوڵە سەرنەکەوتووەکانیاندا بۆ دەربازبوون لە دەستی حکومەت دەستگیرکراون، منیش ڕۆژانە جێگۆڕکی ئەکەم، بێئەوەی مەخلوقێك هەبێت پێمبزانێ.

دڵنیام پێش ئەوەی بتەوێ لە هەڵهێنانی حەزوورەی ئارییەکاندا دڵئارام بیتەوە، ئێستا دەپرسی: ئەدی نامەی کوڕە گەنجەکە چی بەسەر دێ، لە کاتێکدا ئەرژەنگ هەموو شتێکی لەسەر من درکاندووەو بەو پێیەش ئێستا ناوم لە لیستی داواکراوەکاندایە؟

دەزانی، هەمیشە سیحرێك لە هەموو حیکایەتێکدا ئامادەیە، دەزانی ئەو سیحرە بەبێویستی حیکایەتخوان و چیرۆکنووسەکان دەستکاری قەدەرو چارەنووسی کەسەکان و ڕێچکەی و ڕووداوەکان دەکات؟

دوای ئەو شەوەی نامەکەم جارێکی تر تایپ کردەوە، وەك چۆن وەرمگرتبوو، ئاوا پێچامەوەو خستمە سەر بەرگی پێشەوەی "دواهەمین هەناری دونیا"، کە ئەو ڕۆژانە هێشتا لە خوێندنەوەی نەبووبوومەوە. ئەو دەمەی کاتی ئەوە هات، بچم جارێکی تر دەست بۆ ئەو نامەیە بەرم، شتێکی سەیر ڕوویدابوو، کە ئێستا هەرچۆنێك بمەوێ دەستڕەنگینی و ئیبداعی نووسەرانەی خۆم لە گێڕانەوەیدا خەرج بکەم، دواجار هەر لە خەیاڵی منداڵێك ئەچێت، کە هێشتا لە ترس و تۆقی خێو و دێوی پەنا و پەسێری ژوورە تاریکەکان نەجاتی نەبووە، بەڵام ناچارم پێتبڵێم: کاتێك دەستم بۆ برد، تەنیا ئەو پارچە و پەڕۆیە مابۆوە، کە لێمئاڵاندبوو، بێئەوەی هیچ ئاسەوار و ئەسەرێکی نامەکەی تیا مابێتەوە، ئیتر ئەو شەوە تا سبەینێ خەوم لێنەکەوت. تەواو کەوتمە سەر کەڵکەڵەی بیرێك، کە لە سەرەتای نامەکەشدا بۆم نووسیوی: چوون ئەوەی بەدەر لە خودی خۆم، چ کەسێکی تر بوونی نەبووبێ لەم گەمە بێتامەدا، یان هەر خودی خۆم هەموو کەسی نێو ئەم چیرۆکە بم و کەسیش نەبم، نووسەری هەردوو نامەکە بم و نووسەری هیچ کامیشیان نەبم!

تێناگەم ئاخۆ ئەوانەی دەسگیرکراون و نامەیان پێگیراوە، هەمان نامەی منیان لایە، کە لە ئێوارەی خانەی حەوانەوە دەستم کەوت، یان جیاوازە لەوەی من؟ ئەگەر جیاوازە بۆچی هەوڵی ئەوە ئەدەن پێش دەستگیربوونیان، هەڵبێن؟ ئەگەر جیاوازیش نییەو هەمان ئەوەی لای منە، ئاخۆ نهێنی ئەم لوغزە لە چیدایە؟ بۆچی دەبوو ئەرژەنگ دەستگیر کرابا؟ ئەدی بۆ چارەنووسی خۆی دایە دەست

دیوارەکان؟ پرسیاری بێماناى تریشم لا دروست بووە، کە گرێکانی ئەم چیرۆکە شوومە، بۆی دیاریکردووم و دەرفەتی ئەوەشم نیە وەڵامێکیان بۆ بدۆزمەوە، بەڵام هەمیشە هەست ئەکەم ئەو گومانەی هەمە، لەگەڵ دووبارەکردنەوەی ئەم دێڕەدا: "پێویستە لەوە زیاتر دەستاودەست نەکات" خەریکە دەبێتە یەقینی ئەوەی بڵێم: دەستنووسی نامەکە بووە بە غوبارێکی کاڵکاڵ و لەگەڵ ڕۆحی ئەرژەنگدا فڕیوەو چووەتە نێو ماڵ و حەوش و ژوورەکانی هەموو ئەوانی دیکەوە، کە ڕۆژانە دەستگیر دەکرێن، هەر خۆیشی زانیویەتی تەنیا منم ئەو کەسەی هیچ ئەسەرێکی دەستنووسەکەم لا نامێنێتەوە، لەکاتێکدا تاکە بەرپرسی و گوناهباری نێو مەسەلەکەش منم، چونکە وەك ئەو ئامۆژگاری کردم: نەمتوانی زۆرباش ئاگاداری بم.

هەنووکە دوو ڕێگام لەبەردەمدا ماوەتەوە، کە بڕواموایە لە ئاستمدا هیچیان لەویتریان ڕەحیمتر نانوێنن. یەکەمیان: بڕیاروایە لە چەند ڕۆژی دادێدا، پێش ئەوەی بمدۆزنەوەو بگەنە سەرم، لەگەڵ بەئەزموونترین قاچاغچییەکانی وڵاتدا، بەرەو هەندەران دەرچم و خۆم بدەمە دەست شەپۆلەکانی دەریاکەوە. دووەم: ئەو کاتە وەختی دێ، کە پیاوانی ئاسایش و لیژنەکانی پشکنین دەگەنە سەرم و هیچ دەروازەیەك بۆ قورتاربوون والاناميێنێتەوە. هەڵبەت ئەویدەمیش ناچارم ڕێگاکەی ئەرژەنگ تاقیبکەمەوە.

تکایە بۆم بنووسە، ئەگەر ژیان دەرفەتی دام، پێمخۆشە بزانم، تۆ چی لەم گەمەیە تێدەگەی؟

★★★

1. لە بەشی یەکەمی (مرۆڤ)و بەشی دووەمی (ڕۆبۆت) پێکمهێناوە.
2. پاراسایکۆلۆژیامان بیستووە، ئینجا خوا لە پۆستپاراسایکۆلۆژیا بمانپارێزێ!

★بەشداری دوانزەمین فێستیڤاڵی ئەدەبی و ڕوناکبیری گەلاوێژی کردووە.

# حیبری نووسینم شەونمی ڕەشی شەوە

حیبری نووسینم شەونمی ڕەشی شەوە

ماکس برۆد* لە بلاّوبوونەوەی ئەم تێکستە بەرپرسیارە..

شەوانی ئازار، کاتێك لە مەملەکەتی گڕوگەرمادا بڕستم لەبەر ئەبڕێ و چیدی ناتوانم خەونی جوان ببینم و خەیاڵیش بێهیوا دەبێ و مەچەکی قەڵەمم ئەشکێ، ئیتر ئەوان، کابووسەکان: لە جێبرینە قوڵەکانمەوە سەرئەکەن و تا شەبەق و مەلابانگدانێ ڕامئەوەشێنن، ڕۆحم لە بنەوەڕا هەڵئەتەکێنن، منیش چوون مناڵێك ئەزیرێنم و یاسەمینیش با هەر بۆ خۆی شینوواوەیلام بۆ بکا. وای کە پڕ لە مەززەو لەززەتە، حەزی مەلەکردن لە ئاوی تەڵخی ئازارچەشتندا!

هەرگیز دوژمنایەتیم لەگەڵ پیت و پەیڤەکاندا نەکردووەو ناکەم، چونکە هێشتاکێ نەمدەزانی ڕق و کینە لەکوێی مرۆڤدا خۆی حەشار ئەدا، عاشقی بیچمی خواروخێچیان بووم، بیچمی خواروخێچی ئەو پیتانەی ئەویدەم "ست سەیران" بەوپەڕی بەرائەتەوە لەسەر تەختەڕەش..ڕەش، تەختە زۆر ڕەشهەڵگەڕاوەکەی ڕۆحم، بە تەباشیری سپی..سپی، تەباشیری ئێجگار سپی گیرۆدەبوون، وێنەی هەڵدەکۆڵین و لە پڕێکا چوون ئەنجامی جادویەکی سەیر وشەگەلی وەك (نوری و نار نبات و..) شتی سەیروسەمەرەی تریان لێدەرئەچوو. من هەر لەوێوە شتێکم تیا ڕسکا، شتێك زیاتر بۆنی سیحری لێدەهات و ڕەنگی خەیاڵی پێوە دیاربوو، بۆیە پیت و پەیڤەکان هەموو جارێك بەو بۆن و ڕەنگەوە، تووشی ئەم جارجارە خوێنبەربوونەی نووسینم دەکەن. باریتەعالا با شایەد بێ، کە هەرگیز من مایەی خراپە نیم لەگەڵ ژیان، لەگەڵ خودا، لەگەڵ یاسەمین، عەشق و تەنیایی، ئێرەو مەرگدا، من مایەی ئەم سەرگەردانیی و پەشێوییەی خۆم نیم. تا ئەوانەشم نووسیونەتەوە دنیایەك خوێنی سوور..سوور، خوێنی سووری نووسین، لە دەماری بیرکردنەوەو تێفکرینمەوە داچۆڕیوەتە نێو پەرداخی عومری تا ئێستا بە زایە چوومەوە.

هەنووکە ئەی حەرف، ئەی حەرفی پڕ لە سیحرو جادوو، ئەی حەرفی پڕ لە ڕامان و نەزرو هەلاکەت، ئەی حەرفی خوداو ئەی سیڕی وجود، وەرەو سینگم بەو دەبانی حیکمەتەی خۆت هەڵدڕە، چەشنی هەڵدانەوەی لاپەڕەی کتێبێکی پیرۆزی دێرین، کە لێوڕێژە لە حیکایەتی ترس و تۆقین، کتێبێك کە لە کڵێسای یاخیبووندا تەپوتۆز بێتاقەتی کردووە، یان لە مزگەوت و خانەقای تورەبووندا لە خۆی داماوە، ئاوا سینگم هەڵدەڕەو مەترسێ و بەدیقەتەوە بڕوانە چ مۆسیقایەك بە لرفە دائەبارێ.

★★★ ★★★

**من و ژیان:**

- هەستەکەم زۆر ئەژیم، چونکە ڕەشبینیم بەرامبەر بە ژیان بەهایەکی ئەوتۆی بۆ مردن نەهێشتووەتەوە، کەواتا باشترین دوژمنی مەرگ ڕەشبینییە.
- هەرجارێك ناتەواوییەکی تر لە ڕیتم و ئیقاعی ژیان دەرك ئەکەم، ئیتر مەعیدەشم ئازارم بۆ دێنی.. چ خۆشە ئەو دەمانە مەرگ!
- تەلیسمی جوانی لە ساتەوەختێکدایە، دوای تێپەڕبوونی هەستی پێدەکەین، بۆیە خۆشی و چێژی ژیان لە ڕابردوودا گەشە ئەکا، نەك ئێستا و داهاتوو.
- هەمیشە بە دەستێکم، دەستی مەرگم گرتووەو بە دەستەکەی تریش یاسەمین.. هەرسێکمان لەنێو تاریکییەکی قوڵدا، بەرەو مەنزڵی دووردووری ئاسوودەیی تەکان ئەدەین، بەدگومانیشم لەژێر لێوەوە پێمئەڵێ: جا بشێ بگەینە جێ؟
- مناڵەکانتان لەسەر هونەری جنێودان ڕابهێنن، چونکە ژیان لە قێزەوەنی پتر هیچی دیکەی پێنییە بۆ مرۆڤایەتی.

- ژیان تەونێکی تەنکە لە تاڵە دەزووی وەهم و بوخار چنراوە، هەرچۆن بتەوێ لێیدەرباز بیت شکست ئەهێنی. دەی چاکتر ئەوەیە بژین و خۆمان بەم تروهاتەوە مژوول نەکەین.
- تا مەعیدەم نەمکوژێ، ئەمەوێ وەك ئەم خەڵکە عەوامە بژیم، بۆیە هەوڵ ئەدەم هێندە بیر لە شتەکان نەکەمەوە، کەچی خودی ئەو نەزمە لە ژیان، بووەتە مایەی بیرکردنەوەو تێڕامانی زیاترم.
- بێمەعنایە زۆر، ئێمە ساتبەسات ئەچینە ئەودیوی ئێستاوەو ژیانیش هەر درێژە بە بێتامی خۆی ئەدا.
- خەزان نازانێ چ خراپەیەکی گەورەی کردووە: لێکردنەوەی گەڵای بززە، لە باڵای تەرووی جوانی.
- تکایە ئەم دیوارانە بروخێنن، ڕەنگە ژیان تۆزێك ڕوناك بێتەوە.
- ئەم ڕەشبینییە بەرەو ڕۆشناییەکی تۆخ و کوشندەم پەلکێش ئەکا.
- لەمدیوی ژیانەوە، سەرزەمینێك لە ڕەشایی چێبووە: حەیف، مرۆڤ بۆ هەمیشە لە ناکامیدا دەژی.

**من و خودا:**

- خودایە بمبەخشە، کە سەد و یەك دانە کوفر، بەم تەزبیحی عیبادەتە، لە میحرابی ئیماندا، ئەدا ئەکەم.
- بیست و چوار ساڵە لەگەڵ خودای مناڵیمدا هەڵمکردووە. ماوەیەکە هەستەکەم چیتر پێویستم بە خودایەکی ترە، بۆیە ناوەناوێ کەڵکەڵەی گەڕان بەدویدا لە کەللەم ئەدا، بەڵام سەیرم لێدێ بۆم نادۆزرێتەوە، بۆیە پێموایە خودایەك هەیە: کە نییە، بەمەش وادەرئەکەوێ هەموو بەشەرییەت، مەحکومە بەوەی هەر بە یەك شێوە خودا بناسن، ئەویش: مناڵانە خواناسینە، گەرنا تووشی مەراق و دیق ئەبین.
- خودا کە زانی تا ڕۆژی قیامەت بەرگەی تەنیایی خۆی ناگرێ، هات و مرۆڤی بەشمەینەتی خوڵقاند، دواتر کە دیوە شەیتانیی و شەڕانییەکەی ئەو مەخلوقە تازەی بۆ دەرکەوت، هەستا و شتێك لە غەزەبی خۆی بەسەردا ڕژاند و ناردییە سەر زەمین، بەڵام بۆ دڵنەواییکردنی فێری بەزمی عەشق و خۆشەویستی کرد، بەمەش ڕەحمەتی خواهانەی خۆی بۆ ئادەم دووپات کردەوە.
- ئەگەرچی دەیانجار لە تاقیکردنەوەکانیدا سەرکەوتووم، کەچی هێشتا هەر تاقیم ئەکاتەوە، خودا!
- دەبوو ئینسان چارەنووسێکی تری هەبایە، بەڵام شتێك ڕێگر بوو، کە بێگومان غرووری خودا لێی بەرپرسە.
- خودا غەزەبی لێگرتووم، نایەوێ ئەم (تا)ی بەدگومانییەم لەکۆڵ بێتەوە.

**من و یاسەمین:**

- تۆ کچێکی سادەو ڕۆحبێگەردی ڕاستگۆ و منیش کوڕێکی ئاڵۆزی ڕۆح پڕگرێی درۆزن! دەسا خوایە ئەم هەموو عاجزییەمان پێکشادکەیەوە.
- ژیانم بریتییە لە سێ شتی گەورەو گرنگ: یەکەم تۆ، دووەم تۆ، سێیەم کتێب، کەچی تۆ هێندە سەیری زۆرجاران کتێبیشم لێئەسێنی و بە یەکجاری بۆ خۆتم داگیر ئەکەی.
- ئەگەر بۆ جارێك لە خۆرئاوابووندا، لە ژوورەکەی خۆمدا بمێنمەوە، بێگومانم بۆ سبەینی باخچەیەك لە گوڵە یاسەمینی جوان، شینم بۆ ئەگێڕێ!
- ئەوا هەمدیس نەزیفی نووسین جامی خەیاڵم پڕ ئەکاتەوە لە خوێنی تەنیایی خۆم. وای یاسەمین، ئەم زامی نووسینەم، بۆچی قەتماخە نابەستێ؟
- پوورەی ئازارت شڵەقاندم، نەختێکی تر چاوەڕوانی هەنگوینی تاڵی بەدگومانیم بە.

**من و عەشق:**

- هەتا بۆ جارێك لە بێهودەیی و نائومێدی خۆماندا نوقم نەبین، هەرگیز فێری دەربازبوون نابین لە دەریای عەشق و مەحەببەت.

- ژن زۆر درەنگ لەو گوناحانە تێئەگا، کە لە میحرابی عەشقا ئەیانکا و وا ئەزانێ ئەوە پەرستشە.

- ئەوەندەم دڵتەنگی چەشتووە، چیدی حەکایەتی جەهەننەم نامترسێنێ.

- ئەمرم و فێرنابم وەك ئەم خەڵکە عاشقبم، عاشقبوونێکی سادەو ئاسایی.

- مادام کچێك هەبێ عەزابمدا، ئیتر پێویستم بە هیچ نییە!

- تەبای مەرگ، لە عاقیبەتی عەشق ئەترسم.

**من و تەنیایی:**

- بنمیچی تەنیاییم هێندە نزمە، ڕۆژ نییە بەرزە تەوێڵم بەری نەکەوێ و دواتر بە شیعرێکی حەزرەتی نالی، سەری غروری شکاوم نەپێچم.

- لە بوونی خۆم ئەترسم، تەنیایی واتوند دڵم بۆ مردن ئەگوشێ، خەریکە فێرم ئەکا دەست لە ڕوخساری بدەم.

- قەرەباڵغی و هەرای ڕۆژ دەمترسێنن، بۆیە لە تەنیایی خۆم و کپی شەواندا، ئەو ترسە حونجە ئەکەمەوە.

- من و تەنیایی و خودا، من و تەنیایی و یاسەمین: هاوکێشەك خراپ بۆنی شەڕی لێدێ.

**من و کفری:**

- وا لە چەقی بازاڕدام، هەر لە خۆمەوە حەز ئەکەم جرڕت بکێشم، جنێو بدەم، تف ڕۆبکەمە سەر شەقام و شۆستە تەسك و باریك و پیسەکان، بەرد لە دەرەبانەی لارولوێری ئەم دوکانە چەرپازو ناڕێکانە بدەم، پڕ بە گۆڕی باوکە سەگمردووی وەزیرە فاشیلەکانی، گوو لە موقەددەساتەکانی شارو حەکایەتەکانی ئێستاو ڕابردووی بکەم، بەڵام نا..نا هاوڕێم، هێندەم هۆش تیاماوە، تا شێتبوونی خۆم بۆ ئەم نەوعە بەشەرانە ئیسپات نەکەم.

- لێرە هەموو ڕۆژێکمان لەیەك ئەچێ، یەك سیماو یەك تامیان هەیە، ئەوەتا بیست و چوار ساڵە تەنها بە یەك شێواز پێکەنینم بە خۆم دێ.. گریانیشم بێهیچ گۆڕانێ، هەروەك سەردەمی مناڵیم بۆ خۆی ماوەتەوە.

- من تۆپێکم، کاتێ سەرم بە دیواری وشکی نەزانەکاندا ئەتەقێ، ئەو هەوای شێتبوونەی تێمدایە، بەشی ئەوە ناکا پەرچەکردار بنوێنم.

- زۆرجار بیرکردنەوە لە ناشوێندا، ڕێگایەکی ئاشکرایە بەرەو مەرگێکی ناوەخت، مەرگێکی وا، سەخت لەسەر ڕۆحمان تێدەپەڕێ.

- لەم جەنگەڵەدا هەرچۆن بیرئەکەمەوە، هەر مەرگی خۆم دێتە بەرچاو، ئیدی ئێوە چاوەڕوانی چیم لێدەکەن، لە گێڕانەوەی حیکایەتەکانی ترس و مەرگ زیاتر؟

- جەهەننەم هەیشبێ بۆ ئێمە نییە، چونکە خودا بەو دڵناسکییەی پێیبەخشیوین لێرە جەهەننەمی بۆ سازاندووین!

- پێویستم بە هێزێکە هەموو شتێکم بیر بەرێتەوە.. ناوی خۆمیش، تەنانەت!

- ڕشانەوەم دێ.. ئاسمان بۆ ئەوەندە تەڵخ و تاریکە، ئەمڕۆ؟

**من و مەرگ:**

- مەرگ ناچارییە، لەدایکبوونیش هەروا، ئێمەش لە فەزای نێوان مەرگ و ژیاندا ملکەچین بە ئازادییەکی زۆرەملێ، ئازادییەك، کە خۆمان هەڵمان نەبژاردووە، بەوەش لەو شتانەدا موخەیەرین، کە لە سنووری ئازادییەکانی نێوان ژیان و مەرگماندایە. ژیان و مەرگ

دەرگای چوونە ژوورەوەو هاتنە دەرەوەیە لە گۆڕەپانی موسەیەربوونی ئێمەی مرۆڤ، ئەوەش ئەو قەدەرەیە، کە ژیانی ڕەنگرێژ کردووین، کەواتە دواجار بێئەوەی بمانەوێ، ئێمە لە نێو تەونی وردچنراوی موسەیەربووندا، موخەیەرکراوین.

- حەزی سەختی مرۆڤ بە مەرگ، وایکردووە چەمکی ئازادیی وەك گەورەترین پیرۆزییەکانی ژیان تێبیبڕوانرێ، دەنا لەڕاستیدا ئازادییش بۆ خۆی هیچ نییە بەدەر لە دیوی دووەم و شاراوەی خودی مەرگ.

- ئەگەر بمانەوێ پێنجشەممان بەئاسوودەیی بچینە سەر قەبران، پێویستە پێش هەر شتێك سەلیقەیەکی باشمان هەبێ لە هونەری جنێوفرۆشیدا.

★★★ ★★★

ئیتر من ئەمانە ئەنووسم و بەرلەوەی بە تەواوەتی بڕیار لەسەر چارەنووسیان بدەم، لەوەی: بڵاویان بکەمەوە، بیانسوتێنم یان بیانسپێرمە هاوڕێکەم؟ ئالەوکاتەدایە ئەوان دێن، هەرچی جەللادە دێن و کلاورۆژنەی بیرکردنەوەم بە تەونی بیانووی پیرۆزییەکان لێخامۆش ئەکەن. ژوورەکەم تاریك دادێ، ساردییەکی سپی نیمچەتەڕ، سامناکی ئەخاتە ڕوانینمەوە، هەست بە هەڵلەرزینی دەست و بێهێزی قاچەکانم ئەکەم، جەستەم تەواو قورس ئەبێ، هێند جاڕسکەرانە ئەبێتە بار بەسەرمەوە، ئاوات ئەخوازم بەقەد سیسەرکێك بچوك بمەوەو لەژێر پێی مناڵێکی لاسارا فیچقاوم دەربێ، بەڵام ئەوان پارێزەرانی ژیان، نوێنەرانی خودا، باخەوانی باخچەکانی یاسەمین، وەلی ئەمری عاشقەکان، پاڵەوانەکانی تەنیایی و خانەوادەی وەزیرانی شار، هەموو ئەمانە دێن و لە پشتیانەوە سوپایەك لە موقەدەسات و لە پێشیانەوە عیزرائیل، بەخۆی و هەموو نابوتییەکانییەوە، نەڕەنەڕ ئەشیرێنێ: دەرچۆ ئەی ڕۆحی یاخی، بمرە ئەی مەزنەهێزی نووسین، بسوتێ ئەی دوژمنی ئێمەو ئەی شەیتانی هەمیشە نەعلەتیی..

ئەوان هەموویان پێکەوە دەست ئەنێنە بینەقاقام و وەك باڵندەیەکی کەسیر پەلوپۆم ئەشکێنن. وێنەی بێکەسێکی چەپەڵ ئەمکوژن و منیش بەدەم عەزابەوە، ئەبینم ئەوەتا ڕۆحم لە لوتمەوە دەرئەچێ و پڕ بە تاریکی شەو ئەپاڕێتەوە: تۆزێك گەورەی کەنەوە،ئەم گۆڕە زۆر بچوکە، جێگەی مەرگی منی تیا نابێتەوە.

★★★

★کافکا داوای لێکرد، دوای مردنی خۆی، هەموو بەرهەمەکانی بسوتێنێ، کەچی ئەو ڕۆشت بڵاوی کردنەوە.

# بیست و سێ حیكایەتی وەك یەك و سێ خاڵی زۆر گرنگی وەسێتنامەكەم

## بیست وسێ حیكایەتی وەك یەك و سێ خاڵی زۆر زۆرگرنگی وەسێتنامەكەم

### نوون

لەگەڵ ئەوەی بە زمانی سەری پەنجەكانی تەڕدەكرد، ئارام لاپەڕە 1226ی خەونامەكەی هەڵدایەوە. بەوردی لە پیتی (ن)ی ڕوانی.

یەكسەر سەری تاباز و ڕیشی درێژو كوڵكنی ئەو مەلایەی هاتەوە پێشچاو، كە بۆ یەكەمجار لەگەڵ فێركردنی سوورەتی ئەلقەلەمدا بە دەنگێكی نەڕ پێیوتبوو: "نوون وەلقەلی وەمـــا.. نووون"..

موچڕكێكی تیژ بە باریكایی ملیدا تا تەختایی پشتی ڕۆچووە خوارێ. دلۆپە ئارەقێكی گەورە، وەك ئەوەی جامێك ئاوی ساردی بەسەرا كرابێ، بەشی دواوەی بەندوخوێنی شەرواڵە شەكەرییەكەی تەڕكرد. تەنگە نەفەسێكی قوڵی هەڵكێشاو هیچ لە مەسەلەكە حاڵی نەبوو. نەیزانی چی بڵێ! بۆیە لە بری هەرشتێك بێدەنگی هەڵبژارد.

ئەو وەك هەموو جارەكانی تر بە دوای تەفسیری خەونێكدا دەگەڕا، بەڵام خەونی ئەمجارەیان ئارەقەیەكی زۆرتری پێدەردابوو. خەونێكی قورس و گران. شەو پێش ئەوەی بەیانی بەخەبەر هاتبێت، چەنجارێك بەدەم گریانەوە گوڵەهێرۆی حەوشەی داچلەكاندبوو. گوڵەكە هیچی پێنەوتبوو، تا ئەو هەست بە بچووكی خۆی نەكا. تەنانەت بەیانییەكەشی كە پێكەوە لە خەو ڕابوون، دڵی نەهات گریان و فوغانی شەوێ ڕابردووی بیرخاتەوە. گەرچی ئەو كەسێكی وانەبوو، هێند سادە ڕۆحی برینداربووبێ، تا گریانە سەختەكانی منالیشی بیرچێتەوە، بەڵام وەك ئەوەی هیچ نەبووبێ هەوڵی ئەدا بە خەیاڵی زامداری خۆی، عەزابی گوڵەهێرۆش نەدا.

ئەو دووانە جوانترین دوو مەخلوق بوون. ئەمیان لە خەیاڵ و ئازارە كوشندەكانی خۆیا بە فەتارەتی عومرا ڕۆچووبوو، ئەویشیان گوڵێك بوو بە كۆڵانە تەنگ و زەردەكانی دەیان پایزی سەختا تێپەڕیبوو، بێئەوەی بزاكێ، كەچی دواجار پایزی غەمناكی ئەو، كۆتایی بە هەموو جوانییەكانی هێنا.

حیكایەتی خەونەكەی دوێنە شەوێ بە ڕوداوێكی دڵتەزێن كۆتایی هات، كە باشتروایە بەرلە گێڕانەوەی هەر ڕووداوێكی ترو بەرلە

هەر کەسێکیش تۆ بیزانی. تۆی خوێنەر، کە نازانم حاڵیحازر لە کوێیت و لە چ بارێکدا؟ پێمخۆشە تۆ بیزانی، چونکە جێگەی متمانەی تەواوی منی و دڵنیام تا یەکلابوونەوەی کێشەکە لەگەڵ خانەوادەی گوڵەهێرۆدا، بۆ کەسی ناگێڕێتەوە. تێئەگەم متمانەکردن بە کەسێك، کە هەرگیز نەتبینیبێت، تارادەیەك گەمژانەیە، بەڵام من، منی حیکایەتخوان بە چەندین وێستگەی گەمژانەی جیاجیادا گوزەرم کردووە، کە سەرجەمیان وایانلێکردووم، ئەم جۆرە متمانەپێدانە نەمترسێنێ، بەودیویشدا من مننەتم بە کەس نییە، هەرکێ پێیخۆشە، بەرلەوەی کێشەکە یەکلایی ببێتەوە، با بچێت هەرچی ئەو حەزدەکا و پێیخۆشە، بیدرکێنێ.

هەمووان پێیانوایە پایزی ئەوجارەی ئارام، نەك تەنها ئۆباڵی هەلۆەرینی تاقە گۆڵەهێرۆی حەوشەکە، بەڵکو گوناهی کوشتنی گوڵستانێکی گەورەی بەهەشتیشی لە ئەستۆیە، چونکە دوای ئەوەی تەرمی هەردووکیان ئەدۆزنەوە، بێئەوەی هیچ ڕەنگێکیتر توانیبێتی پەمبەیی ژوورەکەیان بشێوێنی، کاغەزێك بە لوولکراوی لەنێوانی هەردووکیانا ئەدۆزنەوە. سەرەداوی مەسەلەکان لەو کاغەزەدایە. ڕەنگە ئەمڕۆ تائێوارە ئەوەشت بۆ بگێڕمەوە، بەمەرجێ ئەگەر بتوانم لەم ژوورەدا ئۆقرە بگرم و نەچمە بازاڕ.

خەونامەکە ئەڵێ: نوون، نانە.. نانیش مەرگ و ئیمانە!

## باجی ئایشێ * تاوانبارە

هەمیشە لە دوالاپەڕەی هەر ڕۆمانێك، کە دەیخوێندەوە، بە خەتێکی شپرز، دەینووسی: من و مەرگ یەك شتین، هێشتا نازانم ئەو شتە چییە!

ئەگەر ئەو ڕۆژەش وەك هەموو جارەکانی تری لەووبەر، دڵی باوکی مناڵەکان لە ماڵەوە ڕازی کراباو بەبۆنەی ئەوەی قومێك گووی خواردووە، جێخەوەکەی لێجیانەکرابایەتەوە، ڕەنگە ئەویش ئەمجارەیان بە پێچەوانەی تەبیعەتی خۆی، لەسەر دوالاپەڕەی تاوان و سزای دۆستۆیۆفسکی نووسیبای: "من و مەرگ هەرگیزاو هەرگیز پێکناگەین" هەڵبەت بەوەش عومرێکی تر دەژیا تۆزێك جیاواز، بەڵام نا.. مەسەلەکە هەر ئەوەندە نییە، شتی تری تیایە..

شەوی ڕابردوو، مێردەکەی حەبێ خان، ببوورن ئەوەی باجی ئایشێ* ئەڵێم، لە کۆڵانە بەرتەسك و تاریکەکەی گەڕەکی نابینایان، بێئەوەی هیچ شتێکی لەسەرەڕێدا بێ، بەخۆی و ئۆتۆمبێلەکەیەوە، بەخێرایی100و بەدنیایەك عاجزی و کەمێك مەستیی و دڵشکاوییەوە لێخوڕیبوو، چۆن بڵێی بۆسەی بۆ کوڕەکە دانابێ، ڕێك ئاوا ئەو بەستەزمانەی شێلا. بەڵێ، ئەو کوڕەی شێلا کە لەڕاستیدا ئایشێی ژنی دەستی بە خوێنی سوورەو ئەوە تاوانباری ڕاستەقینە.

★★★

★ئەیەڕۆ کچێ، باجی ئایشێی ئەوسەری کۆڵانەکەی خۆمان ئەڵێی، دراوسێکەی پوورە ئامە، ئەوەی کە لە خەونەکەیدا پیاوچاکە نورانییە لەخواترسە زۆر ئیماندارە سور و سپییەکە پێیپیوتبوو "چل کەر چل جل چل جەوەنە.. کەر، چل، جەوەنە..!"

## شکستی ڕۆح

ژیانێکی بێفەڕ دەژیا، بەڵام کەس نەیدەزانی و نەیدەناسی. سیمایەکی سەیری هەبوو، تەواو چوون خەواڵوویەکی سەرشێت دەهاتە پێش چاو. کەسێك نەبوو بتوانێ لە نهێنی ئەو کپییەی ڕۆحی تێبگا، بۆیە هەمیشە لە مەینەتییەکی قوڵدا ئەتلایەوەو حەسرەت لە دەروونیدا پەنگی ئەخواردەوە. تەنیا پشتوپەنایەك شکی دەبرد، گەڵا سەوزەکەی ناو دڵی بوو، بەڵام کاتێك بۆ یەکەمجار هەستی کرد، تەمەنێکی بە کپی بردۆتە سەرو لە سەوزەگەڵاش وایە، دەردی خەواڵوویەتی، ئیدی تێگەشت: دەبێ تەنیایی بکاتەوە بە پەناوپەسێری دەمانی خۆخواردنەوە بەردەوام و ناوەختەکانی خۆی.

ئێستاش، کە دەیبینم سیمای ئەمترسێنێ. ئەو مەخلوقێکە لە جنسی تەنیایی و کەسێکە لە ئاوی لێڵی وەڕزی و لە غوباری هەرە وردی بەشمەینەتی.

## فرمێسك

هەرگیز نەگریابوو، کەچی هەمیشە باسی لە فرمێسك دەکرد. دواتر بەباشترین گرینۆکی شار ناوبانگی دەرکرد، چونکە ئەوڕۆژەی مەراقی جوانی کچەکە بوو و وڕکی لێگرت، ئیتر بە هیچ شتێك ژیر نەبووەوە.

ئەوەتا ئێستاش دەگری. فرمێسکیش وشك ناکاو هەر بە خوڕەم دێتە خوارێ. ئەو بۆ هەمیشە هەر دەگری و دەگری و ئاشتیش نابێتەوە.

## زیکری سۆفییەکی هیندی

بڕوانە ئەم هەموو تێکپڕژانە پووچەی ناو ڕۆحی پەژموردەی من، چی بەسەر چییەوە نییە. ئەگەر ڕۆحێك ئاوا پیس و بەدفەڕ نەبێ، هەرگیز ناتوانێ لە دڵی گەورەی تۆدا ئۆقرە بگرێ. ئاخر هێندە بە دوای پاکی زمان و ڕەفتار و پاکی داوێن و دەست و ئەخلاقدا گەڕام، تا بە هیلاکەتی دڵ و دەروونیشدا چووم و دواجار نەخۆشیش کەوتم.. خودایە نەخۆشێکی وەك من، چۆن و لە کام کۆڵان، لەکام زبڵدانی ئەم شارەدا ئەتوانێ سۆراغی تۆ بکا و بتدۆزێتەوە؟

ناچارم و دەبێ بچم وسڵی خۆم لە خەیاڵی ئەو هەموو پاکییە بە ئاوی نیفاق و پیسی دەرکەم و نییەتی نوێژکردن و نیازی پاك بیرکردنەوە، بە لاستیکە بۆرەکەی دەستی قوتابییە چڵمن و بێتاقەتەکانی ئەم شارە بۆگەنە، بسڕمەوە. بەشکو هیچ نەبێ ئەمشەو بە سەری سووك و سەلامەتەوە خەوم لێبکەوێ. سەرێکی سووکی سەلامەت، بەڵام پڕپڕ لە خەیاڵی پەشیمانبوونەوە. ئۆوو ماڵاوا پەشیمانی، لە خۆت لە خەیاڵت. هەموو ئەمە بۆ ئەوەی بتوانم لەنێو ئەم زبڵستانەدا تنۆکێك پاکی و پاکیزەتی تۆ بدۆزمەوە، بەڵام بیرم نەبوو، ئێرە سیفەتێکی ئێجگار خراپی هەیە، ئەویش: یەکجار مرۆڤ پاك ڕائەگرێ یان پیس.. کەواتا هەرکات دۆزیتمەوە، ئەوا منم پیسترین مەخلوقی دونیا.

## بەیەکدیبوون

بڕیاریاندا بۆ هەتاهەتایە یەکتر جێنەهێڵن. تەنانەت بۆ کەمترین کاتیش بستێك چییە، لێکدوور نەکەونەوە. دروست تەمەنێکی درێژ ئەو بەڵێنەیان نەشکاند، بەشێوەیەك کار گەشتبووە ئەوەی کەسیان

بە تەنیا لە ژوورەکەی خۆیان نەدەچوونە دەرێ، بەڵام لە پڕێکا بەشێوەیەکی سامناک، هەموو شتێك گۆڕا، چونکە بەیانییەکیان، کە هێشتا سەحەر لە خەودا بوو، شەماڵ هەرچی کرد نەیتوانی وەك هەموو کاتێك، لە ئاوێنەکەدا ڕوخساری خۆی ببینێ. ئەو، کە گەڕایەوە سەر جێگەی نووستنەکەی هێشتا سەحەر لەسەر گازەرەی پشت نوستبوو. بە قوڵی تەماشای کرد، وەك ئەوەی سیحرێك لە ئیشەکەدا بێت، جوانی خۆی لە ڕوخساری خۆشەویستە خەوتووەکەیدا بینییەوە، بەڵام بۆی دەرکەوت، بەدەر لەنێو ڕوخساری ئەم کچەدا، هەرگیز بۆ جاریکیتر ناتوانێ لە هیچ ئاوێنەیەکدا، لەهیچ شتێکدا، تەنانەت لەهیچ شوێنێکی تریشدا ڕوخساری خۆی ببینێتەوە. ئیتر زانی چۆن بەو بڕیارە بۆ هەتاهەتایە خۆی بوو بە سەحەرو ئەویش بوو بە شەماڵ.
وەك ئەوەی بەر تەزوویەکی قورسی کارەبا کەوتبێ بەسەر جێگەکەدا ڕاکشاو بە هەردوو دەستی سەری خۆی توندتوند گرت و دوو دڵۆپ فرمێسك لە چاوەکانییەوە بە شێنەیی: کەو.. تنە.. خو ا.. رێ.

## بڕیار

ئاورێکی لە پەنجەرە داخراوەکەی پشتەوە دایەوە. بێئەوەی زیاتر بیری لێبکاتەوە، لە ژوورەکە چووە دەرێ. گوتی: ئەگەر ئێستا وەحیم بۆ دابەزێ و ببمە موحەممەدەلوستەفای عارەبیش، کێ هەیە لێمتێبگا؟
ئێستا من، یەکبەیەکی ڕەشنووس و نامەو دەستنووسەکانی لە بەردەستمدان، وا ئەم پارچە کاغەزەتان بۆ ئەخوێنمەوە: ئێمە نازین، بەڵکو ئێمە ڕاهاتووین بە ژیان، بۆی مەرگ ڕێی ڕاستە، بەڵام تا خوا حەزکا ناشیرین.

## شەوێك.. سپی سپی

دواجار گشت گرێ کۆنەکانی بوون لەو شەوەدا کرانەوە. ئەویش دەستنووسەکانی لە کوورەی ئازارێکا سوتاندو لە چاوەڕوانی نەسیمی دەمەوبەیانا جاریکیتر لەگەڵ سێبەری ڕۆحی کچەکەدا هەموو دێرە خۆڵەمێشییەکانی خوێندەوە. بەسیحرێك چنگی کوورە والا بوو و هەرچی زووخاوی عەشقە لە شێوەی شەبەنگێکی گەورەی حەرفدا، ئاسمانی ئەو بەیانییەی شاری تەنی. خەڵکیی وایاندەزانی نۆتە عاجزەکانی سەنتورژەنە گەنجەکەی گەڕەکی عەجەمانەو هەمدیس لە قەفەزی سینەوە خۆیان دەرباز دەکەنە دەرێ.

## قورعان

باوکم، کە بینی بەدەم "لە مانمدا نەدیوە حاصڵێ غەیری تەوەحوش، من/ خودا پێداو: ئەوانەی لەم وحوشستانە زوو ڕۆیین "وە دەگریم.. قورعانەکەی دەستی دادایەوە و وتی: لاحەولە وەلا قووەتە ئیلا بیلا..

## چرپە

- جێمناهێڵی؟
+ من..
- ئا تۆ؟

+ نەخێر..
- چۆن دڵنیابم؟
+ چونکە بڕیارمداوە، بە پێچەوانەی حەزەکانمەوە ڕەفتارت لەگەڵ بکەم!
گریانێکی هێمن. سەری دەخاتە کۆشی و هیچیتر ناڵێ.

## هەم تا سەحەر، ئاه و ناڵینە ئەمشەو

پێیوت و گومانێکی لا دروست کرد: تۆ هەموو جوانییەکانی دنیا هەر لەیەك ژن و ئازارەکانیش لە هەموویانا ئەبینیتەوە.. ئەویش لە خۆی پرسی: یاسەمین لە کوێی ئەو گومانەدایە؟

## یەکدیان نەبینییەوە

"من بە هەموو شتێك بریندار ئەبم، تەنانەت بە بەیانی باشێکیش! برینی من بە هیچ شتێك سارێژ نابێت، تەنانەت بە تۆیش.."
ئەو دوو دێڕەی لەسەر کلێنکسێکی سوور بە ڕەنگی سپی نووسی و لە درزی دەرگاکەوە خستیە ژووری، ئەو.. کوڕەکە.ئیدی هەرگیز یەکدییان نەبینییەوە.

## سادقی هیدایەت

پیاوێکی شیك و پاکوخاوێن، لەناو جێگەی نووستنەکەی خەوتووە. تەختەی نووستنەکە بۆنی ئۆدکۆلێنی * لێدێ. ئێستا من دەمەوێ لاسایی ئەو دیمەنە بکەمەوە.
دەنگی مۆسیقا دێ. ڕەنگە سەرەتای دەستپێکردنی گۆرانییەکی حەزینی مەزهەر بێت. ببەخشن، بیرم کەوتەوە، هەموو ئینسانێك مەرگی خۆی دەمرێ.بەڕاستی زەحمەتە بتوانم وەك هیچ کەسێکیتر بمرم.

★★★

★ماددەیەکی کیمیاوییە، سادقی هیدایەت خواردییەوەو خۆی پێکوشت.

## حەسرەت

چەنێك چووبایەتە ئەوێ، ڕەشەحەسرەتێکی قەترانی تۆخ، دڵی دائەگرت و بە تێکشکاوی ئەگەڕایەوە کاولەکەی خۆی. ئیتر هەرچی بۆنی عەزاب و مەینەتی ئەوێندەر هەبوون، لەگەڵ ئازارەکانی دەروونیدا، کە لەسەرخۆ شعوریان زامدار ئەکرد، کۆی ئەکردنەوەو وێنەی پیرەکیمیاسازێکی بە ئەزموون، گیراوەی سەیرترین غەمی لە شووشەی دڵی خۆیدا ئەگرتەوە. هەرکەسێك بیناسیێ، ئەڵێ: تازە هیچ هێزێك ناتوانێ ئەو عادەتەی پێتەرك بکا، تازە ئەو هەرگیز ژیانی ئاسایی خۆی بۆ ناگەڕێتەوە، تەنانەت خودایش لێیوەڕسە.

## قەیرە

ژوورێك تا سەرووی ئەژنۆ، لە تاریکی و کپی خۆیدا چەقیوە. قەیرە کچێك خۆی و بەرماڵێکی سەوزو قورعانێکی بچکۆلە، دنیایەك تەنیایی و پڕ بە هەناسەکانی خاوبوونەوەش ورشەی شەهوەتی شیرئاسای زۆر سپی. لەولاشەوە، تەرایی و شێ، لەسەر دیوارە لیخنەکەی بەرامبەری، مەرگی جوانی بە ئیقاعێکی غەمیگن،

ئەنووسێتەوە. ئەمەیە حیکمەت و ئیرادەی خواو حوکمی چارەنووس!

## دووبارە نابێتەوە

ئەو: ببەخشە نەمزانی..
تۆ: هەمیشە بەخشراوی، چونکە بە ڕاستی خۆشمەویی.
خۆشەویستیت هێند گەورەیە زۆرجار زوو ئازارەکانم بیر ئەباتەوە.
گرنگ ئەوە نییە تۆ خۆشمەویی یان نا، گرنگ ئەوەیە تۆ نەهێڵی گەورەیی خۆشویستنت بەلامەوە کەم بێتەوە، بەوەش پارێزگاری لەو ڕایەڵە ئەکەی، کە ئازارشکێنی ئازارەکانمە.
ئیدی ئەمەیە حاڵەکەی ئەو: تەبیعەتەو ناتوانێ دەستی لێهەڵگرێ.
زۆر ناخایەنێ هەمان گوناح دووبارە ئەکاتەوە.

## سوڕناتکە

دوای ئەوەی بۆ جاری دووەم دەستی خستەوە سەر شانی، پیاوەکە تکای کرد، تەنانەت دڵی تەنگ بوو و دەستی کرد بە گریان. زەلیل زەلیل دەستی خستەوە سەر شانی، کەچی دیسانەوە شۆفێرەکە سوك خۆی ڕاپسکاند و ڕازی نەبوو و پێیوت: بە بەرچاوی خۆتەوە بمرێ، زۆر لەوە شەریفترە من لێتوەرگرم و ئیتر نەزانی بۆ کوێی ئەبەم.. ئەرێ ئێستەت لەوکات باشترە.
ژنەکە، تا مێردەکەی گەڕایەوە سەر قوڕو لیتەی لێوار ئەو شەقامە پان و بەرینەی لێیڕاوەستابوون، مەلۆچکەیەکی لە تەڕەسوڕناتکە کۆکردبووەوە، بەڵام بیری نەبوو، چما بەم زستانە سوڕناتکە ئاگر ئەگرێ! ئەوەتا کوڕە کۆرپەکەشیان لە سەرما هەڵئەلەرزێ.

## بەشکو بەهەمەنی قوبادی بیکاتە فلیمێکی سینەمایی

باڵەخانەکە نوکی لەنێو پەمووی بەرزی هەورەکەدا، نوقم بووە.ئەمیش پاڵ بە عەرەبانەوە دەنێ. تینی تووڕەو تیژی خۆرەکە ناهێڵێ تەماشای باڵای ئەو باڵەخانەیە بکا. سەری ئەم شۆڕتر بۆ خوار و سەری باڵەخانەش تا لای خوا: بەرز و بڵند.

## گووگوتن

پیاوە ئاوارەکەی گەڕەکی گاوران وتی: "دەڵێن باڵندەیەك هەیە ساڵی یەکجار دەنگی لێوەدێ و ئەخوێنێ، ئەویش ئەڵێ: گوو..وو"
وتم: وای لەو بەدبەختییە..
پرسی: بەدبەختی بۆ کێ؟ باڵندەکە، کە خوا هەر هێندەی بەشداوە؟ یان ئەو کەسەی لەو ساڵەدا گوێی لە گووگوتنەکە دەبێ؟
هاوڕێم.. بەدبەختی بۆ کێ؟

## ڕۆحی من، چوون سەگێك

ئێستا بەشی هەناسەیەك هەوا لەم شوێنەدا نەماوە، تا من هەڵیمژم. بۆنێکی خراپ ئێرەی داغن کردووە. وەختە دڵم لە لوتمەوە دێتە دەرێ. پێئەچێ ڕۆحم وەك توولەسەگێکی گەڕ، ئێستانا نەختێکیتر دەس بە قووزەقووز بکاو دراوسێکەشمان، کە وەك هەمیشە تاقەتی لە هەراو دەنگەدەنگ ئەچێ، دەست بە جنێودان بکاو منیش قاقا پێکەنین بمگرێ.

## پەراوێزە خەمناکەکان

ئوویێیعع.. (ڕشانەوەیەکی خراپ.. خوێن)
- هەڵیگرن با.. (قیژەیەکی وەڕزکەری دایك)
- پەلەکەن براکەم.. باوانەکەم. (دەستەپاچەیی باوکێکی بە ویقاری لەئێستادا بێقودرەت)
- ئەیجا بەو شەوەی بۆ کوێ بەرین؟ (خەستەخانەیەکی چڵکن، تازە دکتۆرێکی خەواڵووی بۆ پرۆڤە لێیە، نەك چارەسەرکردن)
ئوویێیععێکی درێژتر و ئەمجارەیان بە تەواوی بەرسینگی لە خوێنا نەتڵ ئەبێ.
تاریکی..

## سێ خاڵی زۆر زۆر گرنگی وەسێتنامەکەم

1. ئەم (جومعە)یە بێتەوە، من ئەمرم. (انا لله و انا الیه راجعون)
2. کەواتا شەممەی داهاتوو، دووەم و دوا ڕۆژی تەعزێکەمە. (هەڵبەت تا قیامەت منتان بیر ئەچێتەوە)
3. جا ئەگەر وابوو، تکایە زۆر دامەنیشن، زوو هەستن و بڕۆن. (وەك هەمیشە حەزم بە بێدەنگی و تەنیاییە)

## پێڕست


چل کەر چل جل چل جەوەنە..کەر، چل، جەوەنە ... .... 8
بۆ فەرهاد پیربالّ ... ... ... ... ... ... ... ... ..... 14
تۆفیق فیکرەت ... ... ... ... ... ... ... ... ...... 18

مەجید پاشای تارمایی ... ... ...  ... ... ... ... .... 22
چارکی ئەویٚ بۆ سەعاتی بەرلە شێتبوون ... ... ......  26
عاقیبەتی میزکردن ... ... ...  ... ... ... ... ...... 36
ئەو حەلەی زەمین لە خرێتیٚ خۆی بێزار ئەبیٚ ... ... ... 46
شەوی با.. شەوی کەرتبوونی من ... ... ... ... ...... 50
نازانم چۆنی بنووسم؟ ... ... ... ... ... ...  ... .... 56
وەك هەر عاقڵێك گومان لە شێتبوونی خۆم ئەكەم ...... 62
ئارەزووی ئاگر بۆ لە ئاوا خنكان ... ... ... ... ... ... 74
مەتحەفێك بۆ ئەوانەی لەنگەر ناگرن ... ... ... ... .... 82
حیبری نووسینم شەونمی ڕەشی شەوە ... ... ... ..... 108
بیست و سیٚ حیکایەتی وەك یەك  و
سیٚ خاڵی زۆرزۆر گرنگی وەسێتنامەكەم ... ... ... ... 118